# مێگەرایی

## ڕوانگە و ڕەهەندەکانی بزووتنەوەی ژنان

نەرمین عوسمان

٢٠٢٣

# مێگەرایی

## روانگە و رەهەندەکانی بزووتنەوەی ژنان


نووسەر: نەرمین عوسمان

بابەت: کۆمەڵە وتار

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد

هەڵەچن: هێرش حەمەسەلیم

نۆبەتی چاپ: ٢٠٢٣

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٤٠٠٠ دینار

چاپ: چاپخانەی کارۆ- سلێمانی

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان

ژمارەی سپاردنی (          )ی ساڵی ٢٠٢٣ پێدراوە

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

لە بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی نارین

بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە

ژمارە (٤٣)

# مێگەرایی

## ڕوانگە و ڕەهەندەکانی بزووتنەوەی ژنان

نەرمین عوسمان

٢٠٢٣

# ئینستتیوتی نارین

ئینســتتیوتێکی کوردســتانی، توێژینەوەیی قازانج نەویســتە. کاری سەرەکیی ئەنجامدانی توێژینەوە و بەدواداچوونی پرسە هەنووکەیی و نیشــتمانییە گرنگەکانــە. هەروەهــا چاپ و بڵاوکردنــەوەی توێژینەوەکان و ســازکردنی کۆڕ و ســمینار و کردنەوەی خولی زانســتی لەو بوارانەی کۆمەڵگەی کوردستانی پێویستی پێیەتی.

ئینســتتیوتی نارین ســاڵی ٢٠١٣ لە شاری سلێمانی دامەزرێنراوە.

# پێڕست

١ ئایا مێگەرایی (فێمینیزم) تیۆری سیاسییە؟.......................٩
٢ جێندەر(جۆری کۆمەڵایەتی) چییە؟.............................. ١٣.
٣ مانای چەمکی پاتریارکی (باوکسالاری)...........................١٧
٤ مارکسیەت و مێگەرایی.....................................................٢١
٥ پێگەی ژن لای ئەفلاتوون.................................................٢٧
٦ژن لە فەلسەفە و تیۆرەکانی ئەرستۆدا..............................٣١
٧ ژن لە روانگەی سیاسەتی کەنیسەوە ............................ ٣٥
٨ مێگەرایی و فەلسەفەی بوونگەرایی ............................... ٣٩
٩ تێڕوانین لە ژن بەپێی قۆناغەکانی مێژوو....................... ٤٥
١٠ میسۆجینی، تێڕوانینێکی نادادپەروەرانە بۆ ژن..........................................................٥١
١١ رێککەوتننامەی سینیکا فۆلز...........................................٥٥
١٢ تەفکیکییەکان و مێگەرایی..............................................٥٩
١٣ بەهێزکردنی توانا سیاسییەکانی ژنان...........................٦٣
١٤ سیستمی کۆتا و پرسی ژنان...........................................٦٩
١٥ بەراوردکردن لە نێوان چەمکەکانی دادپەروەری و یەکسانی...................................................٧٥
١٦ کەمیی رێژەی ژنان لە بواری سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیاردا.............................................................٨١
١٧ مێگەرایی، تیۆرەکان و ئامانجەکان.................................٨٧
١٨ مێگەرایی لە روانگەی پۆستمۆدێرنیزمەوە.....................٩١
١٩ مێگەرایی ئیسلامی.......................................................... ..٩٧
٢٠ پۆلێنکردنێکی سەردەمییانە بۆ بزووتنەوەکانی مێگەرایی.........................................................................١٠٣

٢١ مێگەرایی لە وڵاتانی جیهانی سێ.....................................١٠٧
٢٢ ژن و ئاشتی و ئاسایش................................................١١١
٢٣ ژن وەک چەقی تیۆری مێگەرایی.....................................١١٧
٢٤ توندوتیژی دژی ژنان...................................................١٢٥
٢٥ جۆرەکانی توندوتیژی دژی ژنان ...................................١٣٣
٢٦ هۆکارەکانی توندوتیژی دژی ژنان..................................١٣٩
٢٧ رۆڵی میدیا لە توندوتیژی دژی ژناندا .............................١٤٥
٢٨ سۆشیال میدیا، مۆتەکە تازەکەی ژنان............................١٥١
٢٩ کار، کلیلی چارەسەری زۆرێک لە کێشەکانی ژنان.........١٥٧
٣٠ چەمکی جێندەر.........................................................١٦٣
پەروەردە و دادپەروەریی خێزانی.........................................١٦٩
٣٢ بۆ بەدیهێنانی مافەکان، زەمینەسازی لە کارکردن گرنگترە١٧٥
٣٣ کۆسپەکانی بەردەم رەوتی مێگەرایی...............................١٨١
٣٤ پەروەردە و خوێندن و یەکسانیی نێوان نێر و مێ..........١٨٩
٣٥ ژن و هاوڵاتیبوون.....................................................١٩٣
٣٦ رێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت
بە هاوکاریی ژنان........................................................١٩٧
٣٧ رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە پرسی ژنان......٢٠٥
٣٨ سەردەمی ماتریارکی....................................................٢١٥
٣٩ ژنانی رچەشکێن.........................................................٢٢٣
٤٠ ژن لە ئەفسانە کوردییەکاندا.........................................٢٣١
٤١ ژن و شۆڕش.............................................................٢٣٧
٤٢ مێژووی بزووتنەوەکانی مێگەرایی لە عیراق....................٢٤٩
٤٣ بزووتنەوەکانی مێگەرایی لە کوردستان..........................٢٥٧

١

# ئایا مێگەرایی (فێمینیزم) تیۆری سیاسییە؟

پێش وەڵامدانەوەی پرسیارەکە، باس لە مانای تیۆری سیاسی دەکەین، تیۆری سیاسی: کۆمەڵێک چەمک و ئایدیای هارمۆنیی سیستماتیکییە، ئامانجی روونکردنەوە و پێناسەکردنی شێوەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و هەروەها خەسڵەتی تاکەکانە. تیۆری سیاسی، سیستمی سیاسی، فەلسەفەی سیاسی، زانستی سیاسی، ئەنترۆپۆلۆژیا، تیۆری دەوڵەت و حوکمڕانی و...هتد، دەگرێتە خۆی.

بەپێی ئەم پێناسەیە، مێگەرایی دەچێتە بواری تیۆری سیاسییەوە، کە بوارێکی تازەی هاوچەرخە، کە لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی پێشوو سەری هەڵداوە، دەشتوانین بڵێین، مێگەرایی تیۆرییەکی سیاسییە لەسەر بنەمای یەکسانیی بەندە. داواکارە ژنان مافە یاسایی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان وەربگرن کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لێی بێبەش کراون، جەخت دەکات و هەوڵ دەدات دەوڵەت و سیاسەتە گشتییەکان و دامودەزگاکانیان لەسەر پەیوەندی نێوان هەردوو رەگەزی (نێر و مێ) کار بکەن. ئەم تیۆرییە، کە شیکاری «سیاسەتەکان و کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو رەگەز دەکات، هۆکارێکی گرنگە بۆ شیکارکردنی سیستمی حوکمڕانی و زانستی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی».

تیۆریستەکان و مێگەراکان هەوڵیان داوە ئەو پەیوەندییانە بدۆزنەوە لە نێوان ئایدیاکان و بزووتنەوە سیاسییە مێگەراکان لەگەڵ تیۆرییە سیاسییە باوەکان و پێناسەکانی خەسڵەتەکانی تیۆری مێگەرای پێ بکەن و دواتریش (ڕێنیشاندەری چالاکی و خەسڵەتی سیاسیی ژنان بەگشتی و بزووتنەوەکانی ژنان بەتایبەتی بن). لەپێناو دەرباز بوون لە حاڵەتی ملکەچی و چەوسانەوەی ژنان کە ڕووبەڕووی دەبنەوە، هەروەها لابردنی هەستکردن بەناداپەروەری و پاشکۆیەتی و نایەکسانی، هەروەها بەرچاوڕوونیی لە چۆنیەتی و شێوازەکانی کودەتاکردن بەسەر کولتوور و دابونەریتە باوەکان کە سیستمی پیاوسالاریی لە ماڵ و دامەزراوەکانی خوێندن و شەقام و شوێنی کار بە زۆر سەپاندوویانە.

لەگەڵ ئەمانەش، چەندین بۆچوونی جیاواز هەن لەسەر جۆری ڕوونکردنەوە و شیکارییەکانی تیۆری مێگەرایی لەلایەن ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان، بۆ نموونە؛ مارکسییەکان، سۆسیالیزمەکان، لیبراڵەکان، رادیکاڵەکان، بوونگەرایی، کەنیسە، ئایینەکان... هتد. بەو هەموو بۆچوونە جیاوازەشەوە توانراوە وا بکەن چیتر دەوڵەت وەک جاران تیۆری مێگەرایی فەرامۆش نەکەن و پشتگوێی بخەن، کە جاران

لە بنەڕەتدا دەوڵـەت پیاوسالاریی بوو، بە هەمان شێوەش هەمان کاریگەرییان هەبووە لە دامودەزگا و دامـــەزراوە حزبییەکانیش، بەپێی هەندێک جیاوازیی: ناوچە، وڵات و نەتەوە... هتد. رۆژ بە رۆژیش کاریگەریی زیاتر دەبێت و بەرچاوڕوونیش دەربارەی روونتر دەبێت.

## ٢

# جێندەر
# (جۆری کۆمەڵایەتی) چییە؟

وشەی جێندەر (Gender) وشەیەکی ئینگلیزییە، سەرچاوەکەی لاتینییە و بە مانای رەگەز دێت، بەڵام وەک (نێرینەیی، مێیینەیی). بەشێوەیەکی روونتر؛ جۆری کۆمەڵایەتی: دابەشبوونە لە حاڵەتی جێندەری، دابەشبوونێک نییە لەسەر بنەمای بایۆلۆژی (جەستەیی)، بەڵکوو ئەو رۆڵ و پێگە دیاریکراوە کۆمەڵایەتییانەیە کە بۆ (نێر و مێ) دیاری کراون.

بەپێی بۆچوونی ئان ئۆلکی (ئەو کەسەیە کە چەمکی جێندەری هێناوەتە ناو زانستی کۆمەڵایەتییەوە): وشەی (Sex – رەگەز)، دابەشبوونە لە رووی بایۆلۆژییەوە، بەڵام جێندەر؛ دابەشبوونی کۆمەڵایەتیی ژن و پیاوە.

ئەو چەمکە، لە حەفتاکانی سەدەی پێشوو دەرکەوتووە، بەڵام بەشێوەی بەکارهێنانی سەردەمییانە، یەکەم جار لەلایەن نووسەری فەرەنسی، سیمۆن دێ بۆڤوار، لە کتێبێکیدا بەناوی (رەگەزی دووەم) کە لە ساڵی ١٩٤٩ بڵاو کراوەتەوە، بەکار هاتووە. ئەو کتێبە بە دەستوورێک بۆ بزووتنەوەی ژنان ئەژمار دەکرێت. سیمۆن لەو کتێبەدا دەڵێت: «ژن بە ژنیەتی لەدایک نابێت، بەڵکوو دەیکەن بە ژن، پیاویش لە مرۆڤێکی واقیعییەوە بووەتە هێمایەک بۆ بەهێزی و لە ئاست خواوەندا دایدەنێن».

چەمکی جێندەر، بەمانای جیاکاریی کۆمەڵایەتی و کولتوورییە لە ئاست رۆڵی ژنان و پیاوان بێ ئەوەی پەیوەندی بە خەسڵەتە بایۆلۆژییەکانەوە هەبێت، بەڵکوو بەهۆی کاریگەرییە دەروونی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانەوە پەیدا دەبن. مێگەراکان بەگشتی رایان وایە کە جێندەر سیستمێکی کۆمەڵایەتییە و لە سەرجەم کۆمەڵگەکاندا بەپێی رێژە، کەم و زۆر، بوونی هەیە و لەگەڵ هەردوو رەگەز.

جێندەر، جیاوازییە بایۆلۆژییەکانی قبوڵە و بەلایەوە سروشتییە، بەڵام جێندەر سەپێنراوە بەهۆی هەزاران هۆ و بیانووی دەستکردەوە لەلایەن رەگەزی بەرانبەرەوە.

تێگەیشتنمان بۆ بابەتی جێندەر گرنگە، چونکە کاریگەری سەرەکی و داینەمیکی هەیە لەسەر گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و نەتەوەیی... ژن و پیاو دوو بوونەوەرن لە رووی کۆئەندامی زاوزێوە جیاوازن، هەریەکە لەو کۆئەندامانە ئەرکی فیسۆلۆژیی خۆی هەیە و نەگۆڕن، وەک: منداڵبوون و پیتاندن، بەڵام جیاوازییەکانی تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ئەو دوو رەگەزە، هیچ پەیوەندییەکی بەو کۆئەندامانەوە نییە، بەڵکوو کۆمەڵگە بۆی کێشاون و سنووری بۆ داناون، کە بەپێی جێگە و کات و سەردەم دەگۆڕدرێن بەهۆی پەیوەستبوونیان بە لایەنە

جیاوازەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، وەک: ئایین، چینایەتی، رەگەزی نەتەوەیی، دامەزراوەکانی خوێندن، خێزان، دامەزراوەکانی دەوڵەت، دەزگاکانی راگەیاندن، دەزگا و دامەزراوە حزبییەکان... هتد، کە بەرهەڵستی دەکەن لە هەر گۆڕانکارییەک بەبیانووی پەیوەستبوون بە نەریت و کولتوورەوە کە بە راست و گونجاویان دەبینن بۆ پیاوان و ژنان، بەڵام بنەڕەتدا پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە و رەگەزی دووەم نایەوێت ئەو دەسەڵاتانەی کە لەمێژەوە و لە قۆناغە مێژووییەکاندا بەدەستیهێناون، لەدەستیان بدات.

ئامانجەکانی جێندەر، لەپێناو گەشەی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی خواستە بۆ گۆڕانکاری لە رێگەی نارازیبوون بەو بوارانەی کە دروستکراون و رۆڵی کۆمەڵایەتیی تازە بۆ ئەندامەکانی کۆمەڵ دابرێژرێن بەمەبەستی گۆڕینی کۆمەڵگەی (تەقلیدی) بۆ کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو لە رووی کۆمەڵایەتی، مادی و گەشەی بەردەوامەوە.

# ٣

# مانای چەمکی پاتریارکی (باوکسالاری)

پاتریارک چەمێکیکی کۆنە، لە کۆمەڵگە کۆنەکانی ڕۆژهـەڵات پێش (٣٠٠٠) ساڵ پ.ز سـەری هەڵداوە. وشەیەکی لاتینییە، لە (Pater) بە واتای (باوک)، (Arch) بە واتـای (دەسـەڵات) یان (سـەرۆک) پێک هاتووە؛ لە ڕووی مێژووییەوە بە مانای (دەسەڵاتی باوک) دێت، یاخود هاوشێوەکانی باوک وەک: (برا، مێرد).

زانستە کۆمەڵایەتییەکان پاتریارک بەم شێوەیە پێناسە دەکەن: دیاردەیەکی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە، تیایدا پیاوان خاوەنی دەسەڵاتن بەسەر ژنانەوە، چ بە ئاشکرا یاخود بە شاراوە. ئەم دیاردەیە بوونی لە بەهاکان، هەڵوێستەکان، نەریتە باوەکان، بڕیارەکان و دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە و بەردەوامە، دەبێتە هۆکار بۆ دەسەڵاتی بەدەستهێنان لە ڕووی جەستەیی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەوە... لە کەنیسەکانی ئەرسەدۆکسی و کاسۆلیکدا بۆ پایەی سەرۆک و بەرپرسی قەشەکان بەکار دەهێنرێت.

مێگەراکان، بەشێوەیەکی گشتی پاتریارکیەت (دەسـەڵات بـاوک) وەک سیستمێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی پێش تازەگەری و سەرمایەداری سەیر دەکـەن، کە بەهۆیەوە پیـاوان ژنانیان کردووەتـە ژێـردەسـتـە و بـووەتـە سیستمێکی گشتگیر و چـووەتـە نـاو سیستمی کۆمەڵایەتی و ئایدیاکان و تێڕوانینەکانەوە، سنوور و کاتی بڕیوە و لەم

سەردەمەشدا بەشێوەیەکی بەرفراوان پیادە دەکرێت.

پیاوان، بە هەموو شێوەیەک، هەموو دەسەڵاتێکی مادی و هێز بەکار دەهێنن بۆ مانەوەی دەسەڵاتەکانیان تا رادەی توندوتیژیی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەو دەسەڵاتە (پاتریارک) پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و کۆمەڵی دارِشتووە و کاریگەریی کردووتە سەر ژنان و ئیرادەیان و تووشی سستیی کردوون، تەنانەت ئەگەر تاکێک یاخود گرووپێک بەرهەڵستی و دژایەتی ئەو سیستمە بکەن؛ ئەوا لایەنی بەرانبەر هەموو دەسەڵاتەکانیان بەکار دەهێنن بۆ سەرکوتکردنیان و پارێزگاری لە مانەوەی ئەو سیستمە پاتریارکییە. لە مێژوودا نموونە زۆرە؛ بەرەنگارییەکانی پیاوان دژی ژن تەنیا بۆ مەبەستی مانەوەی دەسەڵاتیان بەسەر سەرچاوە داراییەکاندا نییە، بەڵکوو دەیانەوێت ئەو دەسەڵاتانە بهێڵنەوە بۆ ئەوەی ژنان خزمەتیان بکەن و لە پیاوان بترسن و گوێڕایەڵیان بن لە تێرکردنی ئارەزووەکانیان و چەندین لایەنی دیکەوە، هەروەها نایانەوێت هەستکردن بە شکۆ و دەسەڵات و بایەخی کۆمەڵایەتییان کەم بێتەوە، یاخود لەدەستی بدەن.

پاتریارک، تەنیا بۆ پێگەی ژن نییە، بەڵکوو بۆ چەندین جۆری جیاکاری بەکار دەهێنرێت، وەک: رەگەزی نەتەوەیی و چینایەتی...

مێگەرا ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان را و بۆچوونیان لەسەر پاتریارکیەت جیاوازە، هەرچەندە هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی هۆکارە بۆ جیاکاری نێوان نێر و مێ، بۆ نموونە؛ لیبراڵەکان دەڵێن: پاتریارکیەت تەنیا بۆ جیاکاری ژن و پیاوە. مارکسییەکان دەڵێن: سیستمێکە بە سەرمایەدارییەوە لکاوە. رادیکاڵەکان دەڵێن: رۆڵی سەرەکی هەیە بۆ بەکۆیلەکردنی ژن. لە رووی جێندەریشەوە، پاتریارکیەت هۆکارە بۆ دابەشبوونی نێر و مێ و گۆڕینیان لە رووخسارێکی بایۆلۆژییەوە بۆ دابەشبوونێکی کۆمەڵایەتی.

# ٤

# مارکسیەت و مێگەرایی

بۆ ئەوەی مێژووی مێگەرایی و جێندەر روونتر بێت و ئاکامە مێژووییەکانی بزانین، بۆیە راوبۆچوونی هەندێک فەیلەسوف و ئایدۆلۆژیا و نووسەرەکانی ئەو بابەتە باس دەکەین. لەم وتارەدا بەکورتی باس لە بۆچوون و هەڵوێستی مارکسیەت و مارکسییەکان دەکەین. لە باسکردنی هەر راوبۆچوونێکی ئەو ئایدۆلۆژیا و فەیلەسوفانە، نابێت قۆناغەکانی مێژوو و دابونەریت و رایەڵەی هزری ئەو سەردەمانەی کە تیایدا ژیاون فەرامۆش بکەین، بەڵکوو دەبێت هەموو رەهەندەکان بەهەند وەربگیرێن لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا کە قۆناغەکە پێویستی بووە...

پێش مارکسیەت، هەندێک جار لەلایەن نووسەر و فەیلەسوف و چالاکوانەکانی بواری ژنان دەنگی نارەزایی و داواکاری وەک خوێندن و کار و دواتریش ئازادییە سیاسییەکان، بە نووسین و خۆپیشاندان کراون، بەڵام بێ ئەوەی لە دابونەریتی سەردەمەکەیان دەربچن. کاتێک مارکسیەت و بۆچوونەکانی کارڵ مارکس و فریدریک ئەنگلز و لایەنگرانیان وەک ئایدۆلۆژیا دەرکەوت، شێوازێکی تری بەخۆوە بینی جیاواز لەو رایەڵە هزرییانەی پێش خۆیان هەبوون. هەرچەندە سەرەتا ئازادییەکان تایبەتمەندییان بۆ ژن و حاڵەتی چەوساندنەوەیان بەتەنیا نەبووە، بەڵکوو گشتگیر بووە و لە نێو پرۆژەکەیاندا هەبووە؛ ئەویش

رزگاربوون بوو لە دەسەڵاتی سەرمایەداری و چەوساندنەوەی چینی کرێکار (ژێرخانی کۆمەڵگە) بەگشتی... بۆچوونیان وا بووە بە نەمانی دەسەڵاتی سەرمایەداری؛ چینی کرێکاران بە ژن و پیاوەوە رزگاریان دەبێت لە چەوساندنەوە، ئەم بۆچوونەش دەرچوونێک بوو لە تێڕوانینەکانی پێشوو.

لە سەدەی نۆزدەدا، مارکس لە بەرگی یەکەمی کتێبی (سەرمایەداری)دا دەڵێت: سەرمایەداری، ژن و منداڵ بەشێوەیەکی دڕندانە دەچەوسێنێتەوە بۆ مەبەستی قازانجی زۆر. لەگەڵ ئەوەش، مارکسییەکان بەشێوەیەکی جیا و روون هەڵوێستی خۆیان بۆ ئازادیی ژن دەرنەخستبوو، بەڵکوو گرێدراو بوو بە ئامانجی ئازادیی چینی کرێکاران کە ژنان بەشێکی چەوساوەتریش بوون لە پیاوانی کرێکار، بەوەی مووچەیان کەمتر بوو و تایبەتمەندیی بارودۆخیان رەچاو نەدەکرا.

لە روانگەی تیۆری مارکسیەت، بەتایبەتی لە کتێبەکەی فریدریک ئەنگلز، بەناونیشانی (بنەچەی خێزان، خاوەنداریەتی تایبەت و دەوڵەت)دا باس لە شێوە و پێکهاتەی خێزان دەکات لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییانەی مرۆڤایەتی لە مێژوودا پێیدا تێپەڕ بووە و چۆن وردە وردە روانگە و هەڵوێست بەرانبەر ژن گۆڕاوە و قۆناغەکان بۆ سێ قۆناغ

دابەش دەکات؛ لە هەر قۆناغێکیشدا پێگە و رۆڵی ژنانی تێدا دەرخستووە... لە کتێبی (فەلسەفەی مادیی مێژوویی)دا روونتر باس لە هۆکاری بوونی دەسەڵاتی ئابووری لە دەست بەشێکدا وردە وردە ژنی لە خاوەن دەسەڵاتەوە کردووە بە ژێردەستە و ئەمەش بە دۆڕانێک بۆ ژنان ئەژمار دەکرێت.

مارکسیەت و مێگەرایی، دوو تیۆرن لە تۆمەتبارکردنی دەسەڵات بە نادادپەروەری و جیاوازی لە دابەشکردندا لەیەک دەچن، بەڵام لە رێگەچارە بۆ ئەو پرسە، جیاوازن. زۆرێک لە نووسەر و توێژەرەکانی مێگەرایی و سۆسیالیستە هاوچەرخەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا دەڵێن تێڕوانینەکانی مارکسیەت گەشەی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەش هەندێکیان بەسوودن بۆ بزووتنەوەی ژنان لە نێو کۆمەڵگەی چینایەتیی سەرمایەداریدا.

هەروەها رەخنەگرەکان دەڵێن: مارکسییەکان نەیانتوانیوە بەپێی پێویست سوود لە توانای ئەو هێزە گرنگەی کۆمەڵ کە ژنە، بۆ شۆڕشکردن دژی چەوساندنەوە وەربگرن، چونکە توانای شۆڕشگێڕیەتی ژنان لە هیی پیاوان گرنگترە، لەبەر ئەوەی وەک پیاوان لە گەندەڵییە کەڵەکەبووەکانی ساڵانی رۆتین تێوە نەگلاون، بەتایبەتیش لە

سەندیکاکاندا و دەکرێت هاندان و بەشداریپێکردنی ژنان لە سەندیکاکان، بەتایبەتیش سەندیکای کرێکاراندا باشتر بکرێت.

مارکسییەکان، لە ئوممیەتی یەکەم، لە مارسی ١٩٦٦، کۆمەڵێک داواکارییان بۆ باشترکردنی گوزەرانی کرێکاران خستە بەردەم ئەنجومەنی گشتی و لەو داواکارییانەدا چەند خاڵێکی تایبەتی بۆ ژنان تێدا بوو.

(ئەلینۆر)ی کچی مارکس، رۆڵێکی باڵا و چالاکانەی زۆری هەبوو لە ریزەکانی ژنانی کرێکاردا، هەروەها لە سەردەمی بەلشەفییەکاندا تایبەتمەندی زیاتر درا بە پرسی ژن، بەتایبەتیش لە نێو کرێکاران، بەتایبەتی لە قۆناغی شۆڕش لە ساڵانی (١٩١٢ – ١٩١٤) و هەموو ساڵەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم. هەر لەو سەردەمەشدا بوو کە رۆژی ٨ی مارس گەورەترین خۆپیشاندانی ژنانی کرێکار رووی دا و دواتریش نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو رۆژەیان بە رۆژی جیهانیی ژنان ناساند. ساڵی ١٩١٣ لە هەمان رۆژدا بەلشەفییەکان یادی ئەو رۆژەیان کردەوە و لە ساڵی ١٩١٤ش لە هەمان رۆژدا رۆژنامەیەکی تایبەت بە ژنانی کرێکاریان بەناوی (رابۆتنیشا) دەکرد.

لەگەڵ ئەم بایەخە زۆرەش، لە کۆنگرەی شەشەمی پارتەکەیان (حزبی کرێکارانی دیموکراتیی

سۆسیالیستیی رووسـی) تەنیا لە سـەدا شـەشی لە ژنان پێک هاتبوون. بەلشـەفییەکان ئازادیی ژنانیان بە ئازادیی گشتی و چەوساندنەوەیان بە چەوساندنەوەی پیاوانی کرێکارەوە بەستبووەوە. کاری گرنگیان لە رووی: ئازادی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بەشداریی ژنان لە خوێندن و چالاکییەکان و هاتنە نێو ریزەکانی حزب و سەندیکاکان و بەشدارییان لە بوارەکانی ئابووری و سیاسیدا کرد.

ترۆتسکی لە کتێبی (شۆڕشە زوڵملێکراوەکە) دا دەڵێت: شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەڵێنەکانی دەربارەی ژن هێناوەتە دی... هەروەها دەڵێت: دەسەڵاتی تازە هەموو مافە سیاسی و یاساییەکانی بەیەکسانی بۆ ژن و پیاو داڕشتووە... لەوانەش گرنگتر، ئەوەندەی لە توانایدا هەبوو رێگەیان خۆش کرد بۆ ئەوەی ژنـان بچنە نـاو هەموو جوومگەکانی ئـابووری و رۆشنبیرییەوە کە تا ئەو سەردەمە مەزنترین شۆڕش و پەرلەمان نەیانتوانیبوو بیکەن.

ئوماند، یەکەم سەرۆکی ئیدارەدانی پرسی ژنان لـە دوای شـۆڕشـی روسـیا لـە سـاڵی ١٩١٧، ئەم تێبینییەی وتووە: ئەگەر ئازادیی ژنان بەبێ بوونی شیوعیەت لە پشتییەوە جێبەجێکردنی مەحاڵ بێت، ئەوا شیوعیەتیش بەبێ ئازادیی ژنان مەحاڵە ببێت.

٥

# پێگەی ژن
# لای ئەفلاتوون

ئەفلاتوون، لە ئەسینا ژیاوە. بەشێک لە کتێبەکەی (کتێبی پێنجەم لە کۆمار)ەکەی، بۆ پرسی رەگەزی و باسی ژن و ئەو رۆڵانەی دەیگێڕن و پەیوەندییان بە پیاوەوە تەرخان کردووە.

لە کتێبی «کۆمار»دا ئەفلاتوون وێنای دەوڵەتێکی بێخەوشی کردووە و دەڵێت: دەبێت دامەزراوەکانی دەوڵەت و دامەزراوەکانی سیستمی سیاسی لەلایەن فەیلەسوفەکانەوە بەڕێوە ببرێن.

ئەفلاتوون لە پرسی دەستنیشانکردنی فەیلەسوفە (دەسەڵاتدارەکان) و ژمارەیاندا، تا رادەیەک جیاوازی لە نێوان هەردوو رەگەز (نێر و مێ)دا نەکردووە، تەنیا مەرجی سەرەکی کە دایناوە؛ خەسڵەتی ئەو کەسانە بووە. لەگەڵ ئەوەش بایەخی تایبەتی بە پیاوان داوە کە لەو بوارەدا کار بکەن.

لای ئەفلاتوون، ژنان لە دوو رووەوە پێویستن، یەکەمیان: پیاوێکی فەیلەسوف پێویستی بە ژنێکی فەیلەسوفە تا بتوانێت هاوکاری بێت (واتا وەک هاوکاری پیاو بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانی). دووەمیان: ژنان خۆشیان دەتوانن ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن، چونکە جیاوازیی جەستەیی هەردوو رەگەز زۆر بایەخی نییە و خەسڵەتی ژنان و پیاوان لەو بوارەدا هاوشێوەیە. واتا؛ بۆ ئەو کارانەی پەیوەندییان بە ئیدارەدانی دەوڵەتەوە هەیە، پێی وایە جیاوازیی نییە

لە نێوان (نێر و مێ) و کارێک نییە تایبەت بێت بە ژن یاخود بە پیاو، بەڵکوو توانا و لێهاتوویی دابەش بووە لە نێوان تاکەکانی هەردوو ڕەگەز. ژنی بەتوانا، دەتوانێت هەموو کارێک بکات کە پیاوێکی بەتوانا دەتوانێت بیکات.

گەر بەشێوەیەکی هاکەزایی و ڕووکەشانە سەیری هەڵوێستی ئەفلاتوون بکەین، وا بەدی دەکەین کە بەیەکسانیی و بەبێ دەمارگیریی سەیری هەردوو ڕەگەز دەکات، ئەویش لە دەوڵەتی دادپەروەریدا، بەڵام گەر بە وردی سەیری بکەین؛ دەبینین خۆی بە لای پیاواندا شکاندووەتەوە.

هەندێک لەوانەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیان لە فەلسەفەکەیدا کردووە، جا مێگەراکان بن یاخود لەلایەن پیاوانیشەوە، گومان لە بۆچوونەکانی دەکەن، هەندێک پێیان وایە کە بەراوردکردنی ژنان بە پیاوان وەک پێوەرێک بەکار دەهێنێت. هەندێکیش دەڵێن ئەفلاتوون دوژمنی ژن بووە، بەتایبەتیش لە بایەخدانی بە بیرۆکەی چاککردنی وەچە، کە پێی وابووە دەبێت هاوسەرگیری و پەیوەندی نێوان نێر و مێ بخرێتە بەردەست (قازییەکان) و ئەوان بڕیاری لێ بدەن، بەبیانووی ئەوەی دەوڵەت پێویستی بە وەچەی تەندروست و بەتوانا هەیە بۆ بەڕێوەبردنی. لەم کردەیەدا کە دەوڵەت پێویستە لە ژیانی تایبەتیی نێوان ژن و پیاودا بڕیاربەدەست بێت و ژن و

پیاوی تەندروست دیار بکات؛ خەڵکانی کەمایەتی و هەژارەکان دەبنە قوربانیی وەک ئەوەی لە دەسەڵاتی شۆڤێنیزمدا پەیڕەو دەکرێت. لە هەمان کاتیشدا ژنان وەک ئامرازێکی زاوزێ و چێژ بەکار دەهێنرێن و لەوەش خراپتر؛ دوورخستنەوەی دایکانە لە هەستی دایکایەتی بە دوورخستنەوەیان وەچەکانیان.

لەگەڵ ئەمانەش، هەندێک رایان وایە ئەم جۆرە بۆچوونانە ئەگەرن و رەنگە وا نەبن، ناشبێت ئەو سەردەمە لەگەڵ پێوەر و دابونەریتی ئەم سەردەمی تازەگەرییە بەراورد بکەین.

لە راستیدا: فەیلەسوفەکان، تیۆریستەکان، نووسەر و رۆماننووسەکان... بە بۆچوونە جیاوازەکانیانەوە زادەی کات و شوێن، کولتوور و دابونەریت، ژینگە و ئەزموونەکانیانن.

ئەو گەنگەشەیەی دەربارەی بۆچوونەکانی ئەفلاتوون کراون و دەکرێن سەبارەت بە ژن، دوو ئاراستەی پێچەوانەی یەکتریان وەرگرتووە، هەیانە دەڵێن: لەو سەردەمەدا بەشێوەیەک گشتی بە چاوێکی نزم سەیری ژن کراوە... لایەنەکەی دیکەش دەڵێن: لەو سەردەم و شوێنەی ئەفلاتوون تێیدا ژیاوە بەراورد بە ژنانی شوێنەکانی تر و سەردەمانی دواتر، بە رێزەوە رەفتاریان لەگەڵ ژن کردووە و تا رادەیەکیش ئازاد بوون.

٦

# ژن لە فەلسەفە و تیۆرەکانی ئەرستۆدا

کاتێک تیۆرەکانی ئەرستۆ دەربارەی ژن دەخوێنینەوە، لامان نامۆ نین، ئەویش بەهۆی کاریگەرییەکانی لەسەر ناوچەکانی رۆژهەڵات کە بووەتە بەشێک لە کولتوور و دابونەریت لای بەشێک لە بیرمەند، رۆشنبیرە ئیسلامییەکان، فەیلەسوفەکان و لە نووسین و قسەکانیاندا رەنگی داوەتەوە و لە ناوەندی سەدەکانی ناوەڕاستەوە ئەم کاریگەرییە دەستی پێ کردووە.

زۆرێک لە مێگەراکان ئەرستۆ بە دوژمنێکی سەرەکی ژن لەقەڵەم دەدەن، چونکە لە رێی فەلسەفەوە ویستوویەتی ئەو باوەڕە لای خەڵکی ناوچەکە دروست بکات کە ژن (پلەنزم و بێتوانان) و ژنبوون (نەنگی)یە.

ئەرستۆ هەوڵی داوە تیۆرەکەی دەربارەی ژن لە سێ روانگەی سەرەکیی میتافیزیکییەوە روون بکاتەوە:

**یەکەم:** هیرارکیەتی گەردوون، واتا؛ کەسانی پلەنزم لە خزمەت خانەدان و ئەرستۆکراتەکاندان.

**دووەم:** هیولێی وێنە، لای ئەرستۆ وێنە بایەخدارترە لە هیولێ، بۆیە پیاو بە وێنە هیولێی ژنانی وێنا کردووە.

**سێیەم:** کار، هەموو شتێک بەپێی کارەکەی پێناسە دەکرێت.

ئەو سێ چەمکەشی لە بوارەکانی بایۆلۆژی، سیاسەت و ئەخلاقدا بەکار هێناوە.

ئەرستۆ دەڵێت: پێویستە ژنان ژێردەستەی پیاوان بن و نابێت هیچ دەسەڵاتێکیان هەبێت، بەڵام ناشگەنە ئاستی کۆیلایەتی.

هەروەها دەڵێت: «مێرد» دەسەڵاتی سیاسی لەسەر ژنەکەی بەکار بهێنێت... ئەمەشی بە چەند هۆکارێکەوە بەستووەتەوە، ئاشکراترینیان؛ بەپێی بۆچوونی ئەو: ژنان زوو هەڵدەچن، سۆزدارترن، بۆڵە زۆر دەکەن و فێڵبازتریشن.

لە لایەکی ترەوە، ئەرستۆ مافی بەختەوەریی بە ژن بەخشیوە بە هەمان شێوەی پیاوان، لەوبارەیەوە لە وتەیەکدا دەڵێت: کۆمەڵ بەبێ بەختەوەریی ژن، بەختەوەر نابێت...

ئەرستۆ لە تیۆرەکانیدا سەبارەت بە بۆماوەیی جینەکان دەڵێت: دایک توخمی خراپ دەدات بە وەچەکانی، بەڵام پیاو توخمە باشەکانی دەبەخشێت (وێنەیەکی دابەشبوونی توخمەکانی کێشاوە، دەبینین لە گواستنەوەی توخمەکاندا یەکسان نین)... هەروەها بۆچوونی وابووە کە ژنان پلەیان لە پیاوان کەمترە، هەروەک لە کتێبی (سیاسەت)دا دەڵێت: بەسروشت پیاوان بەتواناترن لە ژنان، پیاوان دەسەڵاتدارن و ژنان ژێردەستەن و تەنیا بۆ منداڵبوون دەشێن.

لە شوێنێکی تردا دەڵێت: ژن بوونەوەرێکی نادروستە و سروشت دروستی کردووە، وەک درەختێکی ژەهراوی وایە؛ بە رووکەش جوانە، بەڵام کاتێک باڵندە لێی دەخوات، دەمرێت.

ئەو بۆچوونانەی ئەرستۆ، زادەی ژینگە و سەردەمی خۆیەتی و نابێت لە واقیعی ئەوکاتی ئەسینا جیا بکرێتەوە، هەروەک هیگڵ دەڵێت: «هەریەکێک لە ئێمە کوڕی سەردەمەکەی خۆمانین».

چەندین سەدە دوای ئەرستۆش، دەیان فەیلەسوف هەبوون کە هەمان تێڕوانینی ئەرستۆیان بۆ ژن هەبووە، بۆ نموونە؛ رۆسۆ دەڵێت: ژن بۆ زانست و حیکمەت دروست نەبووە، بەڵکوو تەنیا بۆ پڕکردنەوەی شەهوەتی پیاوان. هەروەها ئیمانوێل کانت دەڵێت: ئەقڵی ژنان ناتوانێت بگاتە ئاستی ئەقڵی پیاوان.

# ٧

# ژن لە روانگەی سیاسەتی کەنیسەوە

مەسیحیەت لە نێو کولتووری یۆنانی، رۆمانی و سەردەمی ئایینی جوو دەرکەوتووە، ئەو کۆمەڵگەیانە و کۆمەڵگەکانی ئەو سەردەمە بەگشتی، باوکسالاری بوون و ژن بە چاوێکی کەم سەیر دەکرا؛ مەسیحیەت رووبەڕووی بەها و نەریتی بتپەرستی و چەند کولتوورێکی باو بووەوە، هەندێک گۆڕانکاریشی لە روانگەی بەرانبەر ژن کرد، بەڵام نەیدەتوانی بەرەنگاری سەرجەم کولتوور و دابونەریتی ناوچەکە ببێتەوە.

مەسیح بە چاوی رێز و خۆشەویستییەوە سەیری ژنی کردووە، وەک مرۆڤ باسی کردوون و مامەڵەی لەگەڵ کردوون. هەروەها بە رێنماییەکانی پشتیوانیی مافەکانی منداڵ و ژنی کردووە، لەوەش زیاتر؛ بەرانبەر بە هەڵەکانیان لێبووردەیی کردووە ئەگەر دانیانیان پێدا نابێت، چونکە لەو سەردەمەدا ئەگەر ژنێک گومانی داوێنپیسی (زینا)ی لێ بکرایە، بەردباران دەکرا. هەروەک ئەو کاتەی کە ویستیان مریەمی مەجدەلیە بەردباران بکەن، هاواری کرد: کامتان گوناحی نییە با ئەو بەردبارانی بکات... ئیتر هەموویان بەردەکانیان دانا و وازیان لە بەردبارانەکە هێنا.

لەگەڵ ئەمانەش، دەبینین ئەو دوازدە خوێندکارەی کە لەگەڵ مەسیح مانەوە لە دوایین خوانی شێوان، هەموویان پیاو بوون.

لەدواییدا گەورەپیاوانی ئایینی مەسیحی چەندین تیرەی جیاوازیان لێ دروست بوو و هەریەکەشیان بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر ژن و پێگەی ژن. هەندێکیان کاریگەریی (پەیمانی کۆن)ی جووەکانیان بەسەرەوە بووە، کە پێیان وابوو ژنان پلەدوو و کەمتریشن.

بۆچوونی کەنیسەکان، لە سەردەمی جیاواز، کاریگەریی کەسایەتی جیاواز، وەک: ئەمبرۆز، ئۆگستین، جیرۆم و... هتد، هەروەها کولتوور و دابونەریتی جوو و نووسینەکانی رۆمانییەکان و کولتووری یۆنانییەکانیان لەسەر بووە، بۆیە لە دوای مەسیحەوە ئەو روانگەیەی کە مەسیح هەیبوو بەرانبەر بە ژن، گۆڕانکاری بەسەردا هات؛ هەندێکیان ژنیان وەک بوونەوەرێکی جێی نەنگی سەیر دەکرد کە قژ، دەنگ و جەستەی مایەی شوورەیی بوون. هەروەها پێگە بەرزەکانی کەنیسەکان لە مێژوودا هەر بۆ پیاو بوون و ناوەکانیشیان هەر وا وتراوە، بۆ نموونە؛ پاتریارک/ باوک، Father/ باوک، (aboot: abba)/ باوک، cpope/ باوک... ئەو جۆرە دەستەواژانە بە مانای دوورخستنەوەی ژنە لەو پێگانە.

ئەم جیاوازییەی کە دەیبینین، لە زۆر لاوە بەهۆی لێکدانەوەی جیاوازی کەنیسە و تیرە جیاجیاکان بووە بۆ هەندێک لە بڕگەکانی (پەیمانی نوێ). هەرچەندە

ئێستا مەسیحیەتی علمانیەت پەیدا بووە، بەڵام هێشتا نەتوانراوە یەکسانیی تەواو لە نێوان هەردوو رەگەز دەستەبەر بکرێت.

وتاری پیاوانی ئایینیی کەنیسەکان، دەسەڵاتی بەسەر کەنیسەکان و بۆچوونەکانیشیاندا هەیە.

کەنیسەکان یاسا، رێنمایی، تەشریع و یاسای باری کەسێتییان جیاوازە، بەڵام هەموویان لە چەند یاسایەکدا وەک یەکن، بۆ نموونە؛ پرسی میرات، کە ژن و پیاو وەک یەک پشکیان هەیە. پرسی تەڵاق و جیابوونەوە، هەرچەندە لایان پەسەند نییە، بەڵام بە رازیبوونی هەردوولایە و بەخێوکردنی منداڵەکانیشیان لە دوای جیابوونەوە لە ئەستۆی هەردوولا دەبێت. هەروەها فرەژنی و کوشتنی ژن پەسەند نییە...

لەم رووەوە خاڵی وەرچەرخان لە یاسا و دەوڵەتداریی وڵاتانی پێشکەوتوودا، دوورخستنەوەی دەستتێوەردانی کەنیسەیە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و جیاکردنەوەی هەردوو کایەکەیە: ئایین بۆ ئاییندار و دەوڵەت بۆ هەمووان.

٨

# مێگەرایی و فەلسەفەی بوونگەرایی

فەلسەفەی بوونگەرایی، لە سەدەکانی نۆزدە و بیستەمی زایینی لە ئەوروپا سەری هەڵدا و سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نووسەری دانیمارکی سۆرین کیەرکێگارد، دواتر فەیلەسوفەکانی ئەڵمانیا (مارتن هایدیگەر، کارڵ گاوس) تێیدا قووڵ بوونەوە، لە دوای ئەوانیش، فەرەنسییەکان (جان پۆل سارتەر، سیمۆن دێ بۆڤوار، گابرێل مارسیل و ئەلبێر کامۆ...).

سیمۆن دێ بۆڤوار، بیرمەندی فەرەنسی (١٩٠٨ – ١٩٨٦)، لە سەرمەشقەکانی مێگەرایییە و پشتیوانیی تەواوی بزووتنەوەکانی فێمینستەکانی دەکرد؛ لە ڕێگەی دانانی چارەسەری ڕەهای پیاوان، تایبەتمەندیی بەو پرسە دابوو و بوارێکی فراوانی بۆ تەرخان کردبوو. لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (ڕەگەزی دووەم) لە ساڵی ١٩٤٩، لە سەرەتادا نووسەر ویستویەتی پێناسەی هۆکاری چەوساندنەوەی ژنان بکات، هەروەها هەوڵی داوە چارەسەر بۆ کێشەی چەوساندنەوەی ژنان دابڕێژێت لە ڕوانگە بوونگەرایییەکەیەوە؛ پرۆژەکەی لە سێ تەوەر پێک هاتووە:

**تەوەری یەکەم:** پێناسە تایبەتەکەی بۆ پرسی ژنان لە چوارچێوەی پەیوەندی پاشکۆیەتی و کۆیلایەتیدا، کە پیاوان دایانڕشتووە و گونجاندوویانە لەگەڵ پێداویستییە تایبەتەکانی خۆیان.

**تـــەوەری دووەم:** رەخـنـە لـە کـۆی بـۆچـوون و پێناسەکردنەکانی پێش خۆی دەگرێت، لە هێنانەوەی بیانووی بایەلۆژی، سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی، یاخود هەر شتێکی لەو بابەتە، بەمەبەستی هێشتنەوەی بـواری ژنـان وەک خـۆی، هـەروەهـا رەخـنـە لە هەوڵەکانی ژنانیش دەگرێت کە دەیانەوێت ئەو بوارە بگۆڕن.

**تـەوەری سێیەم:** باس لە پرۆژەی چارەسەرەکان دەکات لە روانگەی فەلسەفەی بوونگەراییەوە.

دیٚ بۆڤوار لەو کتێبەدا بەم شێوەیەی گرفتی ژنان روون کردووەتەوە:

ژن «دوومە، ئەوی ترە» دەبێت ئەوەش بزانین کە پیاو وا دەڵێت.

بە ناونیشانی کتێبەکەیدا دیارە، باشە بۆ رەگەزی «دووەمە»؟ نووسەر بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە: دووەم، یاخود ئـەوی تـر، هزرێکە سەرچاوەکەی لە بوونیادی هزرێک وەرگرتووە، کە بۆ ئـەوەی

لە شتێک تێبگەین، دەبێت بەراوردی بکەین لەگەڵ بەرانبەرێک. ئەم جووتەیە «دووانەییە» وەک رووناکی/ تاریکی، ژن/ پیاو، حەق/ ناحەق... بەم شێوەیە پیاوان هەوڵیان داوە خۆیان بکەن بە «خود» و بەرانبەریش بە «دووەم، یاخود ئەوی تر»، لێرەدا ئەوەی بەلایەوە گرنگ نییە، بەرانبەرە، جا تاک بێت یاخود کۆمەڵێک. بەوەشەوە ناوەستێت، بەڵکوو زۆربەی جار خەسڵەتەکانی «دووەم» کەم دەکاتەوە بڕوابەخۆنەبوونی تێدا دەچێنێت و دوژمنایەتی بەرانبەر دەکات و بە چاوێکی کەمتر سەیری دەکات.

لە واقیعیدا «دووانە»یی بەردەوام ناکۆکی هەیە و دەبێت نەمێنێت، وەک هەموو ناکۆکییەکانی تر، لایەکیان دەسەڵات و ئیرادەی بەسەر لایەنەکەی تردا دەسەپێنێت، ئەمەش ئەوەیە کە تا ئێستا ئەنجام دراوە.

پیاوان بەپێی قۆناغەکانی مێژوو توانیویانە ژنان بە رەگەزێکی رێگر ئەژمار بکەن، نەک تەنیا بە کۆیلە و ژێردەستە، یاخود بە (جاریە)، بەڵکوو هەموو مافە سروشتییەکانیشیان زەوت کردوون، تەنانەت ئەگەر دان بە مافەکانیشیاندا بنێن؛ ئەوا دانپێدانانەکە، ناڕوونە.

له ڕووی ئابوورییەوە، ئەو دووانە وەک دوو چین دەبینرێن. له ڕووی ڕامیارییەوە، پشکی شێر بەر پیاو کەوتووە، تەنانەت له زۆر وڵات هەموو پشکەکەی بەرکەوتووە.

بۆچوونەکانی دێ بۆڤوار، لەگەڵ مارکسیەتدا لەو خاڵەدا یەک دەگرنەوە کە دەڵێت: چەوساندنەوەی ژنان له بنەمادا دەگەڕێتەوە بۆ پەیدابوونی سەرمایەی تاک. بۆ چارەسەریش دەبێت ئەوە بزانین کە پیاوان لایەنی ناکۆک و دادوەریشن له هەمان کاتدا، کەواتە دادوەرێکی بێلایەن و پاک و بێگەرد نین، بۆیە دەبێت ژنان جڵەوی چارەسەر بگرنە دەست و خۆیان خۆیان ڕزگار بکەن.

ژنان زانیارییان زیاترە بە وردەکارییەکانی (جیهانی ژنانە) و مانای (ژنبوون) چییە، جگە له پرۆژەی بوونگەرایی، چارەسەرێکی تر نییە بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت لەو دۆخی بەکەمزانینە، کە پیاوان لەوێدا دایانناون. بەپێی بۆچوونی تۆماس فلین، ئەم پرۆژەیە له فەلسەفەی بوونگەراییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سوکرات.

دێ بۆڤوار، بۆچوونی وایە کە دەبێت ژنان بەبێ وەستان چالاکی بکەن و هەوڵی بەردەوام بدەن

بۆ گەیشتن بە هەموو ئامانجەکانیان؛ متبوون و خۆشاردنەوە، مانای رازیبوونە بەو دۆخەی کە تێیدا دەژین.

# ٩

# تێڕوانین لە ژن بەپێی قۆناغەکانی مێژوو

تێگەیشتن لە جەوهەری بوون و پێداویستییە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، لە کاتی دابەشبوونی کار و رۆڵی هەریەک لە رەگەزەکان و لێکەوتەکانی جیاوازیی نێوانیان و پەیدابوونی بۆچوونەکان دەربارەی ژن، بەهۆی ئەو دابەشبوونی کارەوە سەریان هەڵداوە. سەردەمی کۆن، کە مارکسییەکان پێی دەڵێن: سەردەمی هاوبەشیی سەرەتایی و پێیان وایە ئەو سەردەمە سەردەمی سیستمی دایکایەتی بووە (Matriarchy)، بەو مانایەی دایک دەسەڵاتی بەسەر خێزاندا هەبووە. بۆچوونێکی تریش هەیە کە گوایە ئەوسا خۆڕسکانە ژیان بە یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو بەڕێوە چووە و هەردووکیان پێکەوە هەوڵیان داوە بۆ مانەوە و بەردەوامیی ژیان، لە دنیایەکدا کە پڕ بووە لە مەترسی بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کامیان رەگەزی یەکەمن و کامیان منداڵبەخێوکەرن. لەگەڵ ئەوەش، بەهۆی کەمیی زانیاری لەسەر ژیانی مرۆڤە سەرەتاییەکانی مێژوو، ئەو جۆرە بۆچوونانە مەزەندەن و بۆچوونێکی پشتڕاکراوە نین.

دوای ئەو قۆناغە، قۆناغی دابەشبوونی کار پەیدا دەبێت؛ پاش ئەوەی مرۆڤ لە قۆناغی راو و شکارەوە دەچێتە قۆناغی خاوەندارێتیی زەوی و کشتوکاڵ،

ئەوسا پێداویستییەکان قورسایی دەخەنە سەر کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی و وا دەکەن دابەشبوونی کار پەیدا ببێت. پاشان سەرۆکایەتی و ئیدارەدانی کۆمەڵ، ڕێکخستنی خاوەندارێتی و پارێزگاری و بەرگری لە کۆمەڵگەکان، هێز و توانا و ئامادەیی دەروونیی، لە پێش هەمووشیانەوە دڵڕەقی و بژاردە لە نێوان ئەو دوو رەگەزەدا پەیدا بوو بۆ ئەوەی بتوانن ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکەن. بۆ ئەوەی ئەو جۆرە خەسڵەتانەیان هەبێت، روانگەکان دەربارەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی نێوان ژن و پیاو گۆڕدرا، کە دەکرێت دابەشی شەش جۆر لە تێڕوانین بکرێت:

**یەکەم:** ئەو تێڕوانینەیە کە لە جیهانی کۆندا لە وڵاتی ئەغریقدا هەبووە، بەتایبەتیش لە نووسینەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆدا باس کراون و ترس لە ژن بڵاو بووەوە لەلایەن پیاو و کۆمەڵگەوە.

**دووەم:** لە سەردەمی تەورات (پەیمانی کۆن) و دواتریش رێنماییەکانی کەنیسە جەختی لەسەر کردنەوە. ئاراستەی تێڕوانینەکان رووەو بەکەمزانینی ژن وێنا دەکران، کە سەرچاوەکەی لە دروستبوونی ئادەم و حەوا و گوناحی حەواوە بوو کە وای کرد ئادەم لە بەهەشت بکرێتە دەرەوە.

**سێیەم:** لەگەڵ سەرهەڵدانی سەردەمی گەشەکردن و رۆشنگەریی ئەوروپی، چاو بە هەڵوێستەکانی بەرانبەر ژندا خشێنرانەوە لە رووی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکەیاندا، بەڵام بە ترسەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو تێڕوانینە نوێیانە دەکرا.

**چـــوارەم:** لـەگـەڵ پـەرەسـەنـدنـی سیستمی سەرمایەداری، جۆرێک لە ترس پەیدا بوو، چونکە ژنان کەوتنە کێبڕکێ لەگەڵ پیاوان بۆ دۆزینەوەی کار و رازیبوون بە کرێی کەمتر لەوان.

**پێنجەم:** ترسەکانی پێشوو هەر مانەوە بە بەرگێکی تازەوە، بە بیانووی ئەوەی کۆمەڵگە خەریکە لێک هەڵدەوەشێتەوە؛ لەبەر ئەوەی ژنان رۆڵیان لەناو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ و چاودێرییان بەهۆی کارەوە کەم دەبێتەوە.

**شەشەم:** لەگەڵ ئەمانەش، بەهۆی فراوانبوون و گەشەی لەڕادەبەدەری پیشەسازی، سەرمایەدارەکان، بۆ بەرهەمی زیاتر، پێویستیان بە هێزی کاری زیاتر بوو و ئەو بۆشاییە بەتەنیا بە پیاوان پڕ نەدەکرایەوە، بۆیە دەرگا والا کرا بۆ ژنان بۆ چوونە ناو کایەی کارەوە، بەتایبەتیش بە کچانی گەنج و نەخوێندەوار، بەو مەبەستەی رۆژانەی کرێی کەمتریان دەدرێتێ. هەروەها خۆدوورخستنەوە لە ئاژاوە و داواکاریی نێو کارگەکان کە زۆربەی جار لەلایەن ژنانی خوێندەوار و چاوکراوەوە دەکرا.

دوای پێشکەوتنەکانی پیشەسازی و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، جارێکی تر کێبڕکێ دەستی پێ کردەوە، ئەم جارە خاوەن کارگەکان پێوەری تازەیان دارشت بۆ دامەزراندن؛ لەوانە: خوێندەواری و ئاستی رۆشنبیری، دەوامی چڕ و تەواو، هەروەها بەهۆی کەمبوونەوەی هەلی کار لە هەموو دنیادا، بەتایبەتیش لە وڵاتە سەرمایەدارەکان؛ کێبڕکێکە زۆر ئەستەم دەبێت و جارێکی دیکە ژنان دەبنەوە قوربانیی ئەو کێبڕکێیە. سیستمی کۆمەڵایەتی زۆر کەم گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە بە بەراورد لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، تا ئێستا لە زۆربەی وڵاتان، بەخێوکردن و چاودێریی منداڵان، زۆربەی لە ئەستۆی ژندایە.

لە لایەکی تریشەوە، لەم سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایەدا، مێگەراکان و رێکخراوەکانی ژنان داواکارییەکانیان چڕتر بووەتەوە بەجۆرێک کە لەگەڵ ئەم سەردەمە بگونجێت، هەر بۆیە ژنان لە هەموو قۆناغەکاندا لە شەڕێکی بەردەوامدا بوون و دەبن سەبارەت داواکارییەکان و مافەکانیاندان، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی جیهانگیرییەوە ئاڵوگۆڕی بۆچوونەکان و ئەزموونەکان زیاتر لەبەر دەستدان و بزووتنەوەکان زیاتر بەجیهانیبوونیان بەخۆیانەوە بینیوە.

## ١٠

# میسۆجینی، تێڕوانینێکی نادادپەروەرانە بۆ ژن

میسۆجینی (Misogyny)؛ جۆرێکە لە ئایدیا و ئایدۆلۆژیای رق و بەکەمزانینی ژن، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە لە پلەی دووەمدایە لە بیرکردنەوەی کەسەکاندا، بووەتە واقیعێک و پێش هەزاران ساڵ لە سیستمی باوکسالارییەوە سەری هەڵداوە. هەندێک دەڵێن حاڵەتێکی دەروونییە، بەهۆی بارێکی دەروونیی نەخوازراو بەرانبەر کەسە نزیکەکان (لە رەگەزی مێ)، وەک: دایک، هاوسەر، خوشک و هاورێ دروست دەبێت. ئەمە شتێکی تازە نییە، زۆرێک لە بیرمەندە مەزنەکانی سەردەمانی کۆن و نوێ، خاوەنی ئەو جۆرە ئایدۆلۆژیایە بوون و لە نووسینەکانیاندا رەنگی داوەتەوە، تا ئێستاش ئەو جۆرە تێڕوانین و بیرکردنەوەیە بەردەوامە و بە هەوڵی زۆری ژنان بە شێوەیەک لە شێوەکان دەکرێت کاریگەرییەکانی کەم بکرێتەوە.

لێرەدا ئاماژە بە وتەی هەندێک لە فەیلەسوفە گەورەکانی مێژوو دەدەین لەو بارەیەوە:

شۆپنهاوەر (فەیلەسوفی ئەڵمانی): ژن ئاژەڵێکە بە قژێکی درێژ و بیرکردنەوەیەکی کورتەوە!!

نیچە: نەچیتە لای ژن ئەگەر کوتەکت پێ نەبوو!

رۆسۆ؛ فەیلەسوفی شۆڕشگێڕی فەرەنسی، کە شۆڕشەکەی تەنیا بۆ پیاوان بووە و داوای یەکسانی لە نێوان پیاوان خۆیاندا کردووە و چەندین جار ئەوەی دووبارە کردووەتەوە: ئەگەر ژن داوای یەکسانی لەگەڵ پیاواندا بکەن، ئەوا هەڵە دەکەن.

ئەرستۆ، جگە لە هەموو بۆچوونە خراپەکانی دیکەی دەربارەی ژن، کە لە بابەتێکی پێشوودا باسمان کردن، دەڵێت: ژن ددانەکانی لە هیی پیاو کەمترە... ئەمە لە کاتێکدا دوو جار هاوسەرگیری کردووە، بەڵام خۆی ماندوو نەکردووە ددانەکانیان بژمێرێت... ئەمانە و زۆرێکی تر لە بیرمەند و فەیلەسوفەکان ئەو جۆرە رق و بیرکردنەوەیەیان هەبووە و هەیە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە: ئەم هەموو رق و بەکەمزانینە بەرانبەر بە ژن، بۆچی و چۆن؟

هەروەک نیچە خۆی دەڵێت: هەموو فەلسەفە گرنگەکان جۆرێکن لە بیرەوەرییە شاراوەکانی تاک. کاتێک لەو وتەیە ورد دەبینەوە، دەتوانین بڵێین بەشێک لە بیرکردنەوەکانی ئەو فەیلەسوف و نووسەرانە دەگەڕێتەوە بۆ رق و هەڵوێستیان لە ئەنجامی ئەزموونە تاڵەکانی هەر تاکێکیان. هەرچەندە ناتوانین بڵێین ئەم تێڕوانینە «میسۆجینی»یە پاش ئەزموونەکانیان، یاخود لەگەڵ ژیانیاندا بووە، بەڵام دەکرێت بڵێین کاریگەرییان زۆر بووە. ئەمانە هەندێک لەو ئەزموونە تاڵانەن کە ئەو فەیلەسوفانە رووبەڕووی بوونەتەوە و ناشبێت سەردەمەکانی ئەوسای کە تێیدا ژیاون لەبیر بکەین. بۆ نموونە؛ هەر نیچە، لە چەندین ئەزموونی سۆزدارییەک لەدوای یەک لەگەڵ کچان شکستی هێناوە و سەرکەوتووش نەبووە لە ئەنجامدانی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەوانەی خۆی خواستی لێیان هەبووە.

شۆپنهاوەر، پەیوەندی لەگەڵ دایکی زۆر خراپ بووە، دایکی بەکەم سەیری راوبۆچوونەکانی شۆپنهاوەری کردووە و لە بەهای بیرۆکە و توانای بیرکردنەوەکانی کەم دەکردەوە. هەروەها باوکی لە تەمەنی گەنجێتیدا خۆی کوشتووە، دوای مردنی باوکیشی، شۆپنهاوەر لە تەمەنی هەرزەکاریدا نەخۆش کەوت و دایکی جێی هێشت.

جان جاک رۆسۆ، هاوسەرەکەی ژنێکی نەخوێندەوار و نارۆشنبیر بووە و نەشیویستووە هیچ فێر بێت. رۆسۆ زۆر هەوڵی لەگەڵ داوە، بەڵام بێسوود بووە.

لە لایەکی ترەوە، نابێت ئەوەمان بیر بچێتەوە کە بیرکردنەوەی تاک و فەیلەسوفەکان زادەی بیرکردنەوەی سەردەمەکەیانە؛ لە کۆمەڵگەکانی کۆندا سیستمی (باوکسالاری) رێگر بووە لە بەشداری ژنان لەو بوارانەی کە تەنیا بۆ پیاوان تەرخان کرابوون و رێگری زۆر هەبووە لە پێشکەوتنیان لە رووی جەستەیی و هزرییەوە. پیاوانیش هەموو بوارێک لەبەردەمیان ئاوەڵا بووە، بۆیە بەو هاوکێشە و تەرازووەوە هەر ناتوانین یەکسانیان بکەین و بەنایەکسانی ماونەتەوە. ئەو وێناکردنە خراپانەی کە لە نووسینەکانی فەیلەسوفەکاندا رەنگی داوەتەوە، سەمپڵێکی بچووکی بیرکردنەوەی کۆمەڵگەکانیان بووە دەربارەی ژن، هەروەها تابلۆیەکی کێشراوی واقیعی ژیان و ئەزموونی خۆیانە.

١١

# ڕێککەوتننامەی سینیکا فۆلز

لە ١٩ و ٢٠ی تەمووزی ١٨٤٨،  لە شاری سینیکا فۆلز لە ویلایەتی نیویۆرک، یەکەم کۆنفرانسی تایبەت بە مافەکانی ژن لە مێژوودا، کە بە (ڕێککەوتننامەی سینیکا فۆلز - Seneca Falls Convention) ناسراوە، بەڕێوە چوو و تێیدا (بارودۆخی کۆمەڵایەتی، مەدەنی و ئایینیی ژنان و مافەکانیان) تاوتوێ کران. ئەم کۆنفرانسە، لەسەر ئاستێکی فراوان گرنگییەکی زۆری پێ درا و بەزوویی چەندین کۆنفرانس و کۆبوونەوەی دیکەی تایبەت بە مافەکانی ژنی بەدوادا هات.

لە حوزەیرانی ١٨٤٠، لە لەندەنی پایتەختی ئینگلتەرا، لە میانەی کۆنفرانسی گشتیی نەهێشتنی کۆیلایەتی، کە بە کۆنفرانسی جیهانیی نەهێشتنی کۆیلایەتی ناسراوە، هەردوو کەسایەتی ئەمەریکی (لوکریتیا مۆت و ئیلیزابێس کادی ستانتۆن) چاویان بەیەک دەکەوێت، کە هاوشانی هاوسەرەکانیان لەو کۆنفرانسەدا ئامادە بوون. لە کۆنفرانسەکەدا لیژنەی ئامادەکار بڕیاریان دابوو نابێت ژنان تێکەڵی پیاوان بن و قسە بکەن و دەنگ بدەن، بۆیە ژنانیان بە پەردەیەک لە لایەک جیا کردبووەوە. ئیلیزابێس و مۆت بوونە هاوڕێ و لە گەڕانەوەیاندا بۆ ئەمەریکا، بیرۆکەی بەستنی کۆبوونەوەیەکی گشتییان تاووتوێ کرد، دەربارەی چارەسەرکردنی مافەکانی ژنان و ڕووبەڕووبوونەوەی دەمکوتکردنی ژنان.

پاشان لوکریتیا مۆت و خوشکەکەی (مارتا) لە

کۆنگرەی ساڵانەی کویکەر بەشدار بوون و لەوێ ڕێککەوتنی مافەکانی ژنان بوو بە پلان و سینیکا فۆلز بوو بە واقیع و مافی دەنگدانی ژنان بوو بە کۆڵەکەیەکی سەرەکیی مافەکان. هەروەها کاریان دەکرد بۆ ڕێککەوتننامەیەک دژ بە کۆیلایەتی و مافەکانی ژن، بۆ ئەو مەبەستە کۆنگرەیەک بەسترا. ئەو دوو خوشکە، لەو کۆنگرەیەدا پەیوەندییان بە سێ ژنی ترەوە کرد، کە ئەوانیش دژی کۆیلایەتی کاریان دەکرد و بەیەکەوە کەوتنە کاری جدی و کۆڵیان نەدا، هەرچەندە چەندین تەگەرە هەبوو لەبەردەمیان، بەڵام بەردەوام بوون. بەهۆی ڕێککەوتننامەی سینیکا فۆلز، مێگەرایی لیبراڵەکان بەگشتی و مێگەرایی یەکسانیخواز بەتایبەتی، لەسەر چەند خاڵێک ڕێک کەوتن، وەک:

١- مرۆڤەکان لە خەسڵەتە نەژادییە تایبەتەکانیان هاوبەشن، کە بریتین لە: توانای هزری، هێزی مۆراڵی و خۆسەلماندن...

٢- ئەم توانایانە دەکرێت بە شێوەی پارێزراو پیادە بکرێن لە ڕێگەی دانپێدانانی یاسایی بەوەی هەموو تاکەکان هەمان مافیان هەیە.

٣- ئەو جیاوازیانەی لەسەر بنەمای ڕەگەزیی لە نێوان پیاو و ژن هەیە؛ تەنیا هەڵکەوتەیەکی کۆمەڵایەتییە و هیچ بنەمایەکی ڕاستیی نییە.

٤- گۆڕانکاریی جێندەری لەپێناو یەکسانیدا، لە ڕێگەی داواکردن و خۆڕێکخستن و خۆپیشاندانی

ئاشتیانە دەکرێت بەمەبەستی رەخساندنی بوارێکی گشتگیری ئەقڵانی و داوای هاوکاری لە دەوڵـەت و دامودەزگاکانی بکرێت بە گرتنەبەری رێگەچارە بۆ ئەو گۆڕانکارییانە. لایەنگرانی مێگەرایی یەکسانیخواز ئامانجی سەرەکییان نەهێشتنی جێندەر بوو، چونکە پێیان وابـوو دابەشبوونێکی نایەکسانی کۆمەڵگەیە شایستەیی و شەرعیەتی ئەوەی نییە پشک و بەرکەوتە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ دابەش بکات، بەڵکوو لەجیاتی ئەوە، پێویستە بەرنامە و پەیڕەوی هەمەلایەنە و تۆکمە دابنرێت بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی، هەروەها ئەنجامدانی چەند گۆڕانکارییەکی دیاریکراو لە رێگەی دامـەزراوەکـانـی یاسـادانـان و دادوەرییەوە، بەمەرجێک ئەم خاڵانە بگرێتە خۆی:

١- گۆڕانکاری لە یاساکاندا بەمەبەست دابینکردنی یەکسانی لە خوێندن و نەهێشتنی جیاکاری لە شوێنی کـار بـەهـۆی رەگـــەزەوە، هــەروەهــا رێنوێنیکردنی دامــەزراوەکــانــی دەوڵـــەت و چـاودێـریـکـردنـیـان لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەدا.

٢- هـەوڵـدان بۆ پەیداکردنی لۆبییەکی گـەورەی کۆمەڵایەتی دژ بە دەستدرێژی سێکسی، بەتایبەتیش لە شوێنی کار، هەروەها ئەژمارکردنی ئەو کردەیە بە جیاکاریی رەگەزی بەپێی یاسا.

٣- پیادەکردنی یەکسانی لە مووچە و کرێ بۆ هەردوو رەگەز بۆ هەمان کار.

١٢

# تەفکیکییەکان و مێگەرایی

چەمکی (تفكيكية – لێکهەڵوەشاندنەوە، یان شیکردنەوە)، لە بنەڕەتدا وشەکە بە ئینگلیزی (Deconstruction)ە، واتە؛ پێچەوانەی (construction)، کە بە مانای «بنیاتنان» دێت. ئەم تیۆرە؛ شێوازێکە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان دەق و مانا. بیرمەند و فەیلەسوفی فەرەنسی، جاک دریدا (١٩٣٠ – ٢٠٠٤)، دامەزرێنەری ئەم تیۆرەیە.

توێژەر، درۆسلا کرۆنیل، لەو باوەڕەدایە تیۆری (لێکهەڵوەشاندنەوە)، بەشێوەیەکی گشتی، ئامانجەکەی رەخنەگرتن و شیکردنەوەی دووانە دژ بەیەک و پێچەوانەکانە لە زاراوە و چەمکەکاندا، وەک: پیاو/ ژن، گشتی/ تایبەت، عەقڵانی/ ناعەقڵانی، رۆشنبیری/ سروشت... بۆ نموونە؛ ئەم تیۆرییە لەسەر پێناسەی دووانەی: پیاو/ ژن، کار دەکات، بەو پێیەی کە دوو چەمکی دژبەیەکن و یەکێکیان وا خۆی پێناسە دەکات کە بنەما و پشتبەخۆبەستووە، کە «پیاو»ە، لەکاتێکدا دووەمیان کە «ژن»ە، لاوەکییە و رۆڵەکەی چڕکراوەتەوە بۆ تەواوکردنی کەموکوڕییەکانی.

بەو پێیە، داکۆکیکارە مێگەرا تەفکیکییەکان، پشتگیری ئەو تێڕوانینە دەکەن کە دەبێت سنوورەکانی ئەو پێوەری «یەکسانی/ جیاوازی»یە بشکێنرێن کە پێشتر باس کراون و لەسەر ئەو بنەمایانە رەوتەکانی مێگەرایی کەوتوونەتە بەر پۆلێنکردن و توێژینەوە.

ئەوان پێیان وایە دەبێت روانگەی سەردەمییانە بۆ بزووتنەوەکانی مێگەرایی بنیات بنرێن و لە زۆر رووەوە تەیار بن بە بیروبۆچوونەکانی تیۆری لێکهەڵوەشاندنەوە، ئەوەش بە ئامانجی تێپەڕاندنی دووانە دژبەیەکەکان لەو گۆشەنیگایەی کە «بەرهەمی بیری سەردەمی رۆشنگەرین و دەبێت تێکبشکێنرێن». نەک هەر ئەوەندە، بەڵکوو گومانکردنیش لە متمانەی بیروباوەڕ و تیۆرە جیاوازەکانی رۆشنگەریی ئەوروپی، بەتایبەتی ئەو بیروباوەڕانەی کە تایبەتن بە چەمکەکانی: حەقیقەت (راستی)، مەعریفە (زانین)، دەسەڵات، مێژوو، خود و زمان...

بەپێی ئەم تێڕوانینە، هەر دووانەیەک لە دووانەکانی رۆشنگەری، لە پشتییەوە چەمکێکی زاڵ (بنەڕەتی) و پاشکۆیەکی هەیە. یەکەمیان ماناکەی و هەموو ناوەڕۆکەکەی لەسەر بنەمای ململانێ و دژایەتیکردن لەگەڵ چەمکەکەی تر چەسپاندووە. پاشان، «پیاو» وا پێناسە دەکرێت شتێکە کە لە «ژن»دا نییە؛ ئەوەش ئەوە دەردەخات کە ژن بەدرێژایی مێژوو مرۆڤێکی ئیستیغلالکراو بووە و کەوتووەتە ناو داوی پیاوەوە، هەروەها دەچەوسێنرێتەوە و دەکەوێتە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی راستەقینەی پیاوەوە، ئەوەش لەژێر سایەی سیستمێکی پیاوسالاریدا لەسەر بنەمای «جیاوازیی رەگەزی».

سەرەڕای ئەمانە، داکۆکیکارانی ئەم رەوت و ئاراستەیە، بۆ نموونە: «جەین فلاکس»، لە کتێبەکەیدا بەناوی «رایەڵەکانی بیرکردنەوە» ئاماژە بەوە دەکات: لەو بڕوایەدایە کە «پۆستمۆدێرنیزم» بەگشتی و رەوتی مێگەرا تەفکیکییەکان بەتایبەتی، سێ مەرگیان راگەیاندووە: مەرگی مرۆڤ، مەرگی مێژوو، مەرگی میتافیزیک (سەرووسروشت). پیاو، یاخود خەڵک، سروشتێکی جێگیریان نییە کە ئەو توانایەمان پێ بدەن کە فەلسەفەیەکی سیاسی دابمەزرێنن، ناشتوانن ئەو توانایەمان پێ بدەن کە باوەڕمان بە پێشکەوتنی سروشتیی مێژوو هەبێت.

لە کۆتاییدا، پۆستمۆدێرنیستەکان لەو باوەڕەدان کە هیچ راستییەکی رەها لە سەرووی خۆمان و توانای ئێمەوە نییە و لە ئەنجامی ئەو سێ مەرگەدا، هەموو شتێک هەڕەمەکی دەردەکەوێت لە رووی: بەرهەمهێنانی هێز، نەریت و کولتوور و رێکەوتەوە.

لە لایەکی ترەوە، مێگەرا تەفکیکییەکان بەگومانن لە بیرۆکەی بوونی یەک بەرنامە و پەیڕەو بۆ ئازادیی سەرجەم ژنان، بەڵکوو دەبێت چەندین رێگە و شێواز بگیرێنە بەر بۆ ئەو مەبەستە. هەروەها گومانیان هەیە لە بوونی سروشتێکی دەسەڵاتداری گشتیی (بۆ ژنان) کە ببێتە بنەمایەکی فیکری بۆ بزووتنەوەی مێگەرایی.

## ١٣

# بەهێزکردنی توانا سیاسییەکانی ژنان

A- کتێبی (بەرگری لە مافەکانی ژن
(Vindication of the Rights of Woman
یەکێکە لە سەرەتاترین تێزەکانی بواری مێگەرایی و مافەکانی ژنان، کە لە نووسینی نووسەری بەریتانی، خاتوو ماری وۆڵستۆنکرافت (Mary Wallstonecraft)ە و لە ساڵی ١٧٩٢ دەرچووە. ناوەڕۆکی کتێبەکە لەسەر بەرگریکردن لە مافەکانی ژنانە و وەڵامێکە بۆ ئەو تیۆریست، رۆشنبیر و سیاسییانەی سەدەی هەژدە کە باوەڕیان بە مافەکانی ژنان نەبوو، بەتایبەت لە بواری خوێندن و فێربووندا. کتێبەکە، سەرەتایەک بوو بۆ بزووتنەوەی مێگەرایی، کە بە کۆمەڵێک داواکاریی ئازادییە سەرەکییەکانی یەکسانیی ژن لەگەڵ پیاوان دەستی پێ کرد. هەندێک لە داواکارییەکان تایبەت بوون بە خۆشگوزەرانیی ژن و هەندێکی تریش بریتیبوون لە بەهێزکردنی تواناکانی ژنان و ئازادکردنی ئیرادەیان.

ئەو کتێبە، وەک مانیفیستۆیەکی بزووتنەوەی مێگەرایی بوو، هەتا ماوەیەکی زۆریش ئەو داواکارییانە بەردەوام بوون و لە چوارچێوەی مامەڵەکردنی ژنان هاوشێوەی پیاوان خۆیان دەبینییەوە. دواتر لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، بازنەی داواکارییەکان فراوانتر بوون و لە

یەکسانی و خۆشگوزەرانییەوە گۆڕا بۆ دادپەروەری و بەهێزکردنی تواناکانی ژنان.

لەو سەردەمەدا، بەئاشکرا جۆرێک لە سەرلێشوان و ڕاڕایـــی دەربـــارەی چۆنیـەتی جێبەجێکردنی دادپـــەروەری و یەکسانی دەبینرێت، بۆچوونیان وابووە کە یەکسانی لە یاساکاندا کاریگەری ئەوتۆی نەبووە بۆ گەیشتن بە یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگـەز و وتوویانە ئەو یەکسانییەی لە یاساکاندا هەیە، تایبەتمەندیەتی ژنی بەهەند وەرنەگرتووە، هەروەها ڕەچاوی ڕەوتی مێژووی ژنان و پیاوان کە پێیدا تێپەڕ بوون لە دێرزەمانەوە تا ئەمڕۆ، نەکراوە. ئـەو ڕەوتـە مێژووییەی کاریگەریی خۆی لەسـەر هــەردوولا جێهێشتووە و هـەر لایەنە بەجۆرێک، پیاوان خۆیان بەتواناتر لە ژنان دەزانن و واشیان کردووە ژنان باوەڕیان بە تواناکانی خۆیان کەم بێت و هەستی ئەوەشیان لای ژنـان دروسـت کـردووە کە زۆربـەی لێپرسراوێتییەکان و نـاوەندی بڕیار بۆ پیاوان دەگونجێت، بۆیە تاکوو ئێستا نەتوانراوە یەکسـانیی فـەراهـەم بکرێت. بـەپێی بۆچـوونی ئەوان، ئەوەش هۆکار بووە کە تا ئێستا دەسەڵات دەسەڵاتێکی پاتریارکییە و ژنان هاوڵاتیی پلە دوون، هەندێک جار پلە سێشن، هەر بۆیە تاکوو ئێستا لە ناوەندی بڕیاردا چ لەناو دەوڵەت، یاخود حزبەکاندا

بوونیان نییە. هەرچەندە ژنان لە کەرتە گشتی و تایبەتەکاندا بوونیان هەیە، بەڵام ئەو پێگانەی بە ژن دراون، لە شێوەی هەرەمیدان و لە بیرۆکراتییەکەی دەسەڵاتدا لە بەشی ژێرەوەن، واتا؛ لە بنکەدان، بەو هۆیەوە ئەو دەسەڵاتەیان نییە کە بتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر گۆڕانکاری لە سیستمی دەزگاکان و ئیدارەدانیان. هەرچەندە ژنان بەپێی یاسا سەرەکییەکان مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنیان هەیە، بەڵام بەهۆی پێکهاتەی حزبەکان بۆ پۆستە گرنگ و خاوەن بڕیارەکان، پیاوان چانسیان زۆر زیاترە و زیاتر کاندید دەکرێن. ئەوەش بەهۆی ئەو بۆچوون و تێڕوانینەوەیە کە: کارکردن لە ناوەندی بڕیار و پۆستی گرنگ، پێویستی بە کاتی زۆر هەیە، ئەمەش لەگەڵ بەرپرسیارێتی ژنان و سەرقاڵییان بە ماڵ و منداڵ و تەرخانکردنی کات بۆ ئەو مەبەستانە؛ ئەستەمە ژن بتوانێت بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت. ئەمانە و دەیان بیانووی تر، وایان کردووە ژن لە ناوەندی بڕیار بوونیان زۆر کەم بێت، بۆیە چالاکوانانی ژنان بۆ مەبەستی گەیشتن بە یەکسانبوون لەگەڵ پیاوان، بۆچوونی توێژەری ناسراو، ئان فیلیپس (Anne Phillips)یان بەهەند وەرگرتووە، ئەویش دانانی کۆتا واتا (رێژەیەک)ە بۆ ژنان تا لەو رێگەیەوە کاریگەریی ئەرێنیی هەبێت.

بەپێی روانگەی رێژەی کۆتا، دەتوانرێت ژنان بەشدار بکرێن لە بزووتنەوەی سیاسیدا و دەتوانن بە میکانیزم و بۆچوونێکی جیاواز لە میکانیزم و بۆچوونی پیاوان سەرپەرشتی دامودەزگای حکومی و سیاسییەکان بکەن و بەڕێوەی ببەن. لەو بارەیەوە دەڵێن: بۆ مەبەستی سەرکەوتنی ژنان لەو کارانەدا، دەبێت هەوڵی بەهێزکردنی تواناکانی ژنان بدرێت بەهۆی کەمیی ئەزموونەکانیان لەو بوارانەدا. بەو کارەش، ژنان دەتوانن زیاتر کۆنترۆڵی بوارەکانی ژیانی خۆیان بکەن لە هەموو روویەکەوە (ئابووری، سیاسی، زانستی، کۆمەڵایەتی...) و لە سەرووی هەمووشیانەوە باوەڕیان بەخۆیان زیاتر دەبێت و رێز لە تواناکانی خۆیان دەگرن.

پێویستە بۆ هەر قۆناغێک بە رەچاوکردنی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری، بەرنامەی گونجاو دابڕێژرێت، کە لە هەمان کاتدا لەگەڵ پێشکەوتن و گەشەی سەردەم بگونجێت. رەنگە ئەم کارە بەتەنیا کاری دەوڵەت نەبێت، بەڵکوو بە هاوکاریی رێکخراوە مەدەنییە نێوخۆیی و بیانییەکان، هاوکاریی حزبە سیاسییە پێشکەوتنخوازەکان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بکرێت و خولی جۆراوجۆر و بەردەوام بۆ بەهێزکردنی تواناکانی

ژنان لە هەموو بوارێکدا بکرێتەوە و بەردەوامیشی پێ بدرێت و پاش ماوەیەک فەرامۆش نەکرێت.

ئـەم مـێـژووە دوورودرێـــژەی بـاوکـسـالاری، پێویستی بە مێژوویەکی دوورودرێـژی بەرگری و خۆئامادەکردن و کۆڵنەدان هەیە.

١٤

# سیستمی کۆتا و پرسی ژنان

کۆتا (Quota)، شێوازێکی یاساییە، داڕێژراوە بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی چەند کورسییەکی کار بەپێی ڕێژەیەک، یاخود چەند ئەندامێک لەناو ئەنجومەنەکان و دەزگاکان لەپێناو بەرژەوەندی توێژێک، بەرەیەک، یاخود لایەنێک... بۆ نموونە؛ ژن، کەمەنەتەوەکان و تایفە ئایینییەکان، یاخود دانیشتوانی ناوچەیەکی دیاریکراو. بۆ مەبەستی دابەشکردنی کورسیی نوێنەرایەتی بەسەر پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا دانراوە، بەتایبەتیش لە سیستمی حوکمڕانیی دیموکراسیدا ئەو شێوازە جێبەجێ دەکرێت؛ وەک ڕێگەیەکی ئەرێنی بۆ چاککردنی ئەو هەڵانەی کە لە دابەشبوونی دەسەڵاتەکاندا بەسەر کۆمەڵدا سەپێنراون.

کۆتا بۆ ژنان، ئەو ڕێژە کەمەیە بۆ ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان دانراون، شێوازەکانی بەپێی سیستمە جیاوازەکانی هەڵبژاردن جیاوازن، بەڵام بەگشتی زامن و دڵنیابوونێکە بۆ ئەو توێژە کە بێبەشن لە ژیانی سیاسی و کار.

کاتێک کۆتا وەک سیستم داڕێژرا، وەک شێوازێکی کارپێکراوی قۆناغی و کاتیی، لە ڕوانگەی یەکسانبوون و دادپەروەرییەوە بنیات نرا، هەروەها بەمەبەستی ڕێگریکردن لە بەردەوامبوونی نایەکسانی و جیاکاریی، کە توێژ و لایەنێک لە مێژوودا ڕووبەڕووی بوونەتەوە.

کۆتا بە هەموو جۆرەکانییەوە (نەتەوەیی، ژن، ئایینی، ناوچەیی) بۆ جێبەجێکردنی سێ هەنگاو بەکار دێت:

١- کۆتای دەستووری: واتا سیستمەکە دەبێتە مادەیەکی دەستووری، ڕێژەیەک لە کورسییەکانی دەسەڵاتی یاسایی بۆ ژن یاخود ئەوانی تر دادەنرێت، ئەگەر نەشبێت، دەبێت دەستوور چاک بکرێت و دابنرێت، یاخود وەک پەراوێز بخرێتە سەری.

٢- کۆتا لە یاسای هەڵبژاردن: لەو حاڵەتەدا مادەیەکی بۆ دادەڕێژرێت.

٣- کۆتا لە یاسای حزبە سیاسییەکان: حزبە سیاسییەکان لە پەیڕەوی ناوخۆییاندا ڕێژەیەک بۆ ژن لە ناوەندەکانی بڕیاردانیاندا دادەنێن، هەروەها لە کاتی هەڵبژاردندا ڕەچاوی ئەو ڕێژە دەستوورییە دەکەن بۆ کاندیدەکانیان بەپێی شێوازی هەڵبژاردن.

مەبەست لە کۆتای ژنان، پتەوکردنی یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەزە، کە لەو ڕێگەیەوە ماف بە ژنان دەدرێت بۆ بەشداریکردن لە سیاسەت، حوکمڕانی و دەسەڵاتدا بۆ پتەوکردنی باوەڕی کۆمەڵگە بە تواناکانی ژنان و بەکارهێنانی تواناکان بۆ خزمەتکردنی گەل. لە لایەکی ترەوە، ژنان زیاتر باوەڕیان بە خۆیان و تواناکانیان لا پەیدا دەبێت، هەروەها جەماوەریش زیاتر ڕادێن لە بوونی ژن لە

ناوەندەکانی بڕیار و بەشداریکردنیان لە داڕشتنی سیاسەتی وڵات و ئیدارەدانی دامودەزگاکانی دەوڵەتدا، کە دەبنە هۆکار بۆ گۆڕانکاری لە تێڕوانینی گشتیی کۆمەڵگە و جێبەجێکردنی یەکسانی و دادپەروەری بەشێوەیەکی کرداری. لە لایەکی تریشەوە، هۆکارێکە بۆ دروستبوونی کێبڕکێ لە نێوان ژنان خۆیاندا و هانیان دەدات بەشدار بن لە دامودەزگاکانی حزبە سیاسییەکان، یاخود ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا تا ببنە چالاکوان لە بوارە جیاوازەکاندا بەمەبەستی بەدەستهێنانی باوەڕی گەل و گەیاندنیان بە پلە و پایەی ناوەندەکانی بڕیار.

سیستمی کۆتا، زیاتر لە دوای ڕێککەوتنی سیداو لە ساڵی ١٩٧٩ گشتاندنی بەخۆوە بینی، ئەو دەوڵەتانەی واژوویان لەسەر ئەو بەڵێننامەیە کردووە؛ دەبێت پابەند بن بە جێبەجێکردنی بڕگەکانییەوە، هەروەها ئەو لایەنانەی کە پرۆتۆکۆڵە ئارەزوومەندانەکانیان واژوو کردووە، بەهەمان شێوە مەبەستیان پابەندبوونە. بۆ مەبەستی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی بەڵێننامەکە، لیژنەیەک لە ڕێککەوتنی سیداو هەیە ساڵانە داوای ڕاپۆرت لە وڵاتە بەشداربووەکان دەکەن.

سیستمی کۆتا، زۆر جار دەکەوێتە بەر تانە و ڕەخنە، بەشێکی زۆری ڕەخنەکان لە دەوری مەترسییەکانن لەسەر ناسنامەی سیاسی و ئاستی

پێشکەوتوویی دەوڵەتەکان، هەندێک لایەن بۆچوونیان وایە کە رەنگە سیستمی کۆتا ئەنجامێکی پێچەوانەی هەبێت و جیاکاری زیاتر لە نێوان رەگەزەکان دروست بکات و دوور بکەوێتەوە لە دادپەروەری، کە پاراستنی ئەمە؛ بەتایبەتی ئەرکی سەرەکی وڵاتە دیموکراتخوازەکانە.

لایەنێکیش تریش هەن پێیان وایە ئەو لایەنانەی کۆتا دەیانگرێتەوە، خۆیان بە قوربانیی مێژوو دەزانن و بەهۆی کۆتاوە هەستی بەزەیی بەخۆداهاتنەوەیان لا زیاتر دەبێت، وەک ئەوە وایە خێریان پێ بکەن و بە چاوی بەزەییەوە سەیری کەیسەکانیان بکەن، نەک بە چاوی یەکسانی و دادپەروەری، ئەو جۆرە هەستەش تواناکانیان لاواز دەکات.

یەکێکی تر لە بۆچوونەکان، ئەوەیە کە دەڵێن: ئەگەری ئەوەی هەیە ئەو سیستمە رێژەییە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ پەیڕەو بکرێت، کە لە کاتێکدا خۆی سیستمێکی کاتی و قۆناغییە.

هەندێک لە رەخنەگرەکانیش پێیان وایە کە ئەو سیستمە رۆڵی تاک کەم دەکاتەوە و ویستی ئەندامبوون لە گرووپ و کۆمەڵەدا لەبری تاک بڵاو دەبێتەوە، واتا؛ ئەگەر کەسێک سەر بە گرووپ و کۆمەڵەیەک نەبێت؛ ئەوا دەرفەتی بۆ نارەخسێت بگاتە ناوەندی بڕیار، یاخود کورسییەک بەدەستبهێنێت،

بەو هۆیەوە رۆڵی تاک کەم دەبێتەوە و پێشبڕکێ لە نێوان تاکەکان لاواز دەبێت.

بە شێوەیەکی گشتی، لای رەخنەگران، سیستمی کۆتا، سیاسەتی جیاکاریی ئەرێنییە لەبری بەدەستهێنانی یەکسانی، دەبێتە هۆکار بۆ دروستبوونی جیاکاری. ئەمە جگە لەوەی هەندێکیان لەو باوەڕەدان کە رەنگە کەسانێک هەبن زۆر لەوانەی بەهۆی کۆتاوە دەگەنە دەسەڵات بەتواناتر بن بۆ بەڕێوەبردن و کاری سیاسی، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو دەرفەتەیان لەبەردەستدا نییە، ناتوانن بەو ئامانجە بگەن. ئەوەش دژی رەخساندنی هەلی یەکسانە لەبەردەم تاکەکانی کۆمەڵگە.

لە کۆتاییدا سیستمی کۆتا بۆ قۆناغێکی مێژوویی کەم و دیاریکراو، کارێکی ئەرێنییە، بەڵام گەر درێژە بکێشێت، رەنگە دەرەنجامەکانی بەپێچەوانەوە بشکێتەوە.

١٥

# بەراوردکردن لە نێوان چەمکەکانی دادپەروەری و یەکسانی

گەنگەشەیەکی فراوان لە نێوان قوتابخانە هزری و لایەنە سیاسییەکاندا هەیە دەربارەی چەمکی دادپەروەری و پێناسەکردنی، هەروەها بەراوردکردنی دادپەروەری لەگەڵ یەکسانی و ئایا کامیان ئەگەری زیاتر هەیە بتوانرێت جێبەجێ بکرێت؟

بەدەگمەن بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە مێژوودا روویداوە کە لەگەڵ داواکارییەکانی ئازادی و یەکسانی، داوای دادپەروەریشی تێدا نەبووبێت؛ گەلان زۆر شۆڕش و قوربانییان لەو پێناوەدا داوە.

لە روانگەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، دادپەروەری وەک چەمکێک سەیر دەکرێت کە پێوەرێکە پەیوەندی بە چەمکەکانی ماف و شایستەکانەوە هەیە، واتا؛ کێ خاوەن مافە، یاخود کێ شایستەیە؟ «کێ» «چی» وەردەگرێت؟

لەگەڵ ئەمانەش، باس لە هۆکارە جیاکارییەکان ناکەن و چارەسەری بنەڕەتییان بۆ نادادپەروەری دانەڕشتووە، هەروەها پێناسەیەکی ورد بۆ خاوەن ماف و شایستەکان نەکراوە.

لە سەرەتای بزووتنەوەکانی مێگەراییەوە، ژنان هەوڵیان بۆ ئەوە داوە بەیەک ئاست لەگەڵ پیاوان رەفتاریان لەگەڵ بکرێت، بەڵام دوای چەندین ئەزموون و هەوڵ، بۆیان دەرکەوتووە کە پێوەرەکانی دادپەروەری هەرچەند بەیەکسانییش

لەقەڵەم دەدرێـن، لەگەڵ ئـەوەش داواكارییەكان و پێویستییەكانی ژنـان بـەدی ناهێنن، چونكە دەڵێن یاساكان لەلایەن پیاوانەوە دارێژراون و بەشێوەیەكی شـاراوە ویستەكانی خـۆیان تێدا تـۆمـار كـردووە و بەپێی پێوەرەكان بەرژەوەندییەكانیان تێدا جێ كـردووەتـەوە. بەو پێیە، پێوەرەكانی دادپـەروەری لەسەر بنەمای یەكسانی دانەڕێژراون و نموونەش زۆرن.

مێگەراكان، بە هەموو ڕەوتە جیاوازەكانیانەوە، كۆكن لـەسـەر ئـەوەی دەبـێـت چـاو بە چەمكی دادپـەروەریـیـە بـاوەكـانـی وڵاتــان و چۆنیەتی جێبەجێكردنیدا بخشێنرێتەوە و خوێندنەوەیەكی تـازەی بۆ بكەن؛ بۆ ئـەوەی بتوانێت چارەسەری زۆرێـك لـەو پرسانە بكات كە ژنـان ڕووبـەڕووی دەبنەوە، دەبێت تێڕوانینێكی ژنانەی تێدا بێت.

بەپێی بۆچوونی ئایریس ماریۆن یۆنگ (Iris Marion Young)، مامۆستای زانستە سیاسییەكان لە ئەمەریكا، مێگەراكان لەگەڵ دادپەروەرین نەك یەكسانبوون. لەو بارەیەوە ڕوونی كردووەتەوە و دەڵـێـت: بە نـاوی لیبراڵیەت و یەكسانی لە شوێنی كار و جۆری كـاردا، ژنان ڕووبـەڕووی ناحەقی دەبنەوە، ژنان كاتێك یەكسانن، كە هەمان بواریان بۆ بڕەخسێت نەك هەمان كار. هەروەها

تێبینی هەیە لەسەر چۆنیەتی دەستەبەرکردنی دادپـــەروەری و دەڵـێـت: کاتێک دادپـــەروەری جێبەجێ دەکرێت، کە بـاوەڕ بە جیاوازییەکان هەبێت لەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژیـن، وەک جیاوازیی نێوان ژن و پیاو و پێداویستییەکانیان، یاخود جیاوازی نێوان ئایینەکان و نەتەوەکان، هەروەها لە نێوان گەنج و بەتەمەنەکان... نموونەی زۆریشی لەو بارەیـەوە هێناوەتەوە. یۆنگ پێی وایـە بـاوەڕکـردن بەو جیاوازییانە، ڕێزگرتنە لە پێویستییە تایبەتەکان، هەر کۆمەڵگەیەک، یاخود دەوڵەتێک ئەو پێداویستییانە جێبەجێ نەکات؛ ئەوا ئەستەمە دادپەروەری لە نێوان تاکەکاندا فەراهەم بکرێت. لەو بارەیەوە دەڵێت: ئەگەر ژنان هەمان بواریان لەگەڵ پیاواندا بۆ بڕەخسێت، ئەوا هەڵەیە، چونکە ژنـان بۆ نموونە؛ پێویستیان بە مۆڵەتی دووردرێژی منداڵبوون هەیە و نابێت مووچەکەی ببڕدرێت وەک ئـەوەی لـە هەندێک کۆمپانیای ئەهلیدا، بەتایبەتیش لە ئەمەریکا پەیڕەو دەکرێت. هـەروەهـا دەبێت دایەنگە لە شوێنەکانی کـار و خوێندندا هەبێت بۆ مەبەستی شیردانی سروشتی بە منداڵان، بۆیە بەبێ تێگەیشتن و باوەڕهێنان بەو پێویستییە تایبەتییانە، ناتوانین بڵێین ژنان هەمان بواریان بۆ ڕەخساوە.

له وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیش هەرچەندە تەشریع و یاساکان باشبوونێکی سنووردارییان بەخۆوە بینیوە، بەڵام نەیانتوانیوە دادپەروەری فەراهەم بکەن. یاسا و تەشریع ڕۆڵی گرنگیان هەیە بۆ یەکسانبوون لە نێوان هەردوو ڕەگەز، بەڵام جێبەجێکردنی ئەستەمە و ڕێگر زۆرە و لە هیچ وڵاتێکی دنیادا تا ئێستا نەتوانراوە یەکسانیی فەراهەم بکرێت.

یەکسانی، واتا؛ مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو تاکێک بە هەمان ئاست و شێواز. لەکاتێکدا دادپەروەری مامەڵەکردنە لەگەڵ تاک بەپێی تایبەتمەندی و پێویستییەکان و مەرج نییە وەک یەک یەکسان بن. بۆ نموونە؛ دادپەروەری لە نێوان دوو کارمەند بەپێی توانا و کارەکانیان... دادپەروەری لە نێوان خێزان، دایک و باوک جیاوازی نەکەن لە نێوان منداڵەکانیان و هەمان بواریان بۆ بڕەخسێنن. سەبارەت بە یەکسانیش؛ تاکەکانی کۆمەڵ بەیەکسانی چاودێریی تەندروستییان بۆ فەراهەم بکرێت و لەسەر بنەمای هەژاری و دەوڵەمەندی نەبێت. هەروەها یەکسانیی لە بواری خوێندنا و خوێندکاران هەمان بواریان بۆ بڕەخسێنرێت، لەسەر بنەمای هەژاری، دەوڵەمەندی، ڕەنگ و ئایین... جیا نەکرێنەوە.

پێناسەی دادپـــەروەری؛ جێبەجێکردن و ڕەخساندنی بوارە بەمەبەستی بەدەستهێنانی

بەرژەوەندییەکان و پێویستییەکان، بەمەرجێک هەر تاکێک هەمان بواری هاوشێوەی کەسانی تری بۆ فەراهەم بکرێت. هەروەها دادپەروەری پارێزگاری لە مافە شارستانییەکانی تاک لەسەر بنەمای رەگەز و نەتەوە و ئایین دەکات؛ هەموو تاکێکیش بەهەمان چاو سەیر بکرێت لە بەرانبەر بەدەستهێنانی مافەکانیدا و رێزلێگرتنیان.

سەرەڕای بوونی جیاوازی لە نێوان چەمکەکانی دادپـــەروەری و یەکسانی، بـەڵام تـاک و کۆمەڵ پێویستیان بە هەردووکیان هەیە بۆ گەشەی کۆمەڵگە.

# ١٦

# کەمیی ڕێژەی ژنان لە بواری سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیاردا

هەرچەندە لەم سەردەمی پێشکەوتنەدا بابەتی زۆر دەنووسرێت دەربارەی ژن و گرنگیی بەشدارییپێکردنیان لە گەشەی کۆمەڵایەتیدا، هەروەها لە ڕووی بەرزکردنەوەی ئاستی دادپەروەری و بەدەسهێنانی مافەکانیانەوە، توانراوە تا ڕادەیەک بۆچوونەکانی خۆیان بسەپێنن و زۆرێکیش لە داواکارییەکانیان بوون بە یاسا، بەتایبەت لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان کە هەنگاوی زۆر زیاتریان ناوە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی جیهانی سێ، بەڵام سەرەڕای ئەمانە، لە ئاستی سیاسیدا، ژمارەی ژنان زۆر کەمترە بەراورد بە ژمارەی پیاوان، بەتایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێ، بۆیە دەتوانین بڵێین کێشەکە تەنیا لە بوونی یاسا و واژووکردنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا نییە، بەڵکوو زۆر لەوە گەورەترە و پەیوەندی بە چەندین هۆکاری ترەوە هەیە، لەوانە: کۆمەڵگە و دابونەریتەکان، ئایین، ڕوانگەی پارتە سیاسییەکان، سیستمی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و خودی ژن خۆشی... لە زۆربەی وڵاتانی دنیا هێشتا سیستمی پیاوسالاری زاڵە، ئەمەش وا دەکات ژنان لە ناوەندی بڕیاردا کەم دەبینرێن و ئەگەر بوونیشیان هەبێت؛ ئەوا بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن. لە لایەکی تریشەوە، کۆمەڵگە ئاشنا نەبووە دەموچاوی ژنان لەو

ناوەندە گرنگانەدا ببینێت و باوەڕیشیان وایە کە ژن کەمتواناترە لە پیاو، بۆیە ڕێگە نادەن کێبڕکێ بکرێت و پیاوان واز لە پۆستەکانیان ناهێنن بۆ ژن. لای هەندێک توێژیش بە نەنگیی لە قەڵەم دەدرێت ئەگەر ژن ئەرکە باوەکانی واز لێ بهێنێت و بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە گشتییەکان خۆی تەرخان بکات، کە پێشتر تەنیا بۆ پیاوان بووە. هەروەها دەڵێن ژن سۆزدارتر و بەبەزەییترە و ناتوانێت بڕیاری قورس و توند بدات.

لەناو پارتە سیاسییەکاندا، ژن وەک بەرپرسی یەکەم دەگمەنە و لەناو دامەزراوەکانیشدا ژمارەیان زۆر کەمە و ئەگەر هەشبن، کاربەڕێکەرن زیاتر لەوەی بڕیاردەر بن. لە هەندێک وڵاتیش بوونی ژنان لەناو دامەزراوەکانی پارتە سیاسییەکان وەک کارێکی نامۆ سەیر دەکرێت. سڵێبوونەوەیەکی ئاشکرا هەیە کە ژنان دوور دەکەونەوە لە کاری سیاسی و ڕەنگە کارکردن لەناو دەوڵەت پەسەندتر بێت بەلایانەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک کە ژنان نەتوانن کێبڕکێی سیاسی بکەن لەگەڵ پیاواندا و بەئاشکرا لەو نێوەندەدا ژمارەیان کەمترە لە پیاوان.

لە کاتی پێکهێنانی حکومەت، بۆ پۆستە گرنگ و باڵاکان بەدەگمەن بیر لە ژن دەکەنەوە، چونکە دیسانەوە بەشی زۆری پیاوانی دەوڵەت و حکومەت،

بیرکردنەوەی پیاوسالاری زاڵە بەسەریاندا، ئەگەرچی لە رواڵەتدا هەندێک جار وا دەرناکەون، بەڵام لە راستیدا ناتوانن واز لەو بیرکردنەوانە بهێنن، بۆیە پۆستە باڵا و گرنگ و کاریگەرەکان لەسەر سیاسەتی دەوڵەت، بەشی زۆریان دەدرێن بە پیاوان، بەتایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، پۆستە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانیش بە ژنان دەسپێرن، ئەگەر بوونیان هەبێت.

هۆکارەکانی کەمیی ژنان لە ناوەندەکانی کاری سیاسیدا زۆرن، سەرەکیترینیان بیرکردنەوەی زۆربەی ژنان خۆیانە، لەوانە:

- هەندێک ژن هەن، وا بیر دەکەنەوە سیاسەت (یارییەکی گەندەڵە)، بۆیە زیاتر بەرەو رێکخراوە مەدەنییەکان دەڕۆن، بۆ نموونە؛ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، نزیکەی ٢٣٠ رێکخراوی ناحکومی لەلایەن ژنانەوە سەرپەرشتییان دەکرێت و نزیکەی ١٠ ملیۆن ژن ئەندامن تێیاندا.

- کەمیی باوەڕبەخۆبوون لەوەی ناتوانن بەرپرسیارێتی لە ناوەندی دەسەڵات و پێگەی بڕیاردانەدا وەربگرن، هەر بۆ نموونە؛ بەپێی راپرسییەک لە ئەمەریکا، لە سەدا حەفتا و پێنجی ژن باوەڕیان بە تواناکانی ژن نییە بۆ وەرگرتنی پۆستە گرنگەکان و ئیدارەدانی، لە وڵاتانی جیهانی

سێ ئەمە خراپترە، بۆیە دەبینین ژنان بۆ پۆستە گرنگەکان زیاتر دەنگ بە پیاوان دەدەن ئەگەر هاتوو دەنگدان هەبوو.

– لە هەندێک ناوەندی سیاسی و حکومی، ژنان تووشی گێچەڵی سێکسی دەبنەوە، لەبەر ئەوە هەندێک لە ژنان هەوڵ دەدەن دووربکەنەوە لە ترسی کۆمەڵگە و باری خێزانییان، چەند بەهێزیش بن، ترسەکە زاڵ دەبێت بەسەریاندا.

– بەهۆی سەرقاڵبوونی بە کاری ناوماڵ و پەروەردەکردنی منداڵ، کەمتر کاتیان هەیە بۆ بەشداریی سیاسی و دەزگاکانی دەوڵەت، چونکە ئەو ئەرکانە کاتێکی زۆریان دەبات و فریای ئەرکە قورسەکان و کارەکانی ناوەندەکانی دەوڵەت و سیاسەت ناکەون.

– کەمیی سەرمایەی دارایی لە دەستی ژندا، هۆکارێکی ترە لە گەیشتنی ژنان بە پۆستی گرنگ.

– لە زۆربەی دەوڵەتانی جیهانی سێ؛ خزمەتگوزاریی گلدانەوەی منداڵ و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی ئەرکی ماڵ زۆر کەمە.

– ژنان دیسانەوە بەهۆی کولتوور و دابونەریتەوە کەمتر دەچنە ناو پیاوان و لە دەرەوەی کاتەکانی کار، کەمتر بەشداریی گفتوگۆی سیاسی دەکەن.

- بواری خۆپەروەردەکردنیان لە پیاوان کەمترە...

ئەمانە و چەندین هۆکاری تر، وا دەکەن ژنان دوور بن لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی.

# ١٧

# مێگەرایی، تیۆرەکان و ئامانجەکان

ئەمڕۆ چەندین تێڕوانین و بۆچوونی مێگەرایی جیاواز هەیە، بەتایبەتیش دوای ساڵەکانی نەوەدەکان (لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم)، هەر بۆیە کۆمەڵێک توێژەر و لێکۆڵەرەوە هەن دەربارەی تیۆری مێگەرایی دەڵێن: یەک تیۆری نییە، بەڵکوو چەندین تیۆری هەیە؛ ئەویش بەهۆی جیاوازیی بزووتنەوەکانی ژنان لە مێژوودا، هەروەها ئەو جیاوازییانەش کە لە بزووتنەوەکانی ناوچەکانی ئاسیا، ئەوروپا، هەردوو ئەمەریکا باشوور و باکووردا هەن، بەڵام لەگەڵ ئەو جیاوازییانەش، ناسنامەیەکی مێگەرایی هاوبەش هەیە کە زۆربەیان بە شێوەی کۆ (ئێمە) لە ئەدەبیاتەکانی مێگەراییەکاندا تاکوو ئێستا بەکاری دەهێنن. ئەو ناسنامە هاوبەشە، لەو ڕەهەندەوە هاتووە کە بەگشتی بوارێکی دەرەکی (External Status) ی سەپێنراو بەسەر کۆی ژناندا هەیە و خۆی لە چەوساندنەوەی ئابووری و جیاکاری لە یاساکانی نێوان هەردوو ڕەگەزدا دەبینێتەوە و تا ئێستاش لە زۆربەی وڵاتان لە بەرژەوەندیی پیاواندایە. لە لایەکی ترەوە، کاریگەرییە دەروونییەکان لەسەر ژنە چەوسێنراوەکان هاوبەشە و خۆی لە بێدەسەڵاتی، کەمتوانایی لە بیرکردنەوە و پلەدووییدا دەبینێتەوە؛ ئەمانەش بەیەکەوە وایان کردووە ژنان خۆیان لە ڕێکخراوە جیاوازەکاندا کۆ بکەنەوە و لەسەر پرسە

هاوبەشەکان کار بکەن بەمەبەستی داکۆکیکردن لە مافەکانیان.

لەگەڵ بوونی چەندین خاڵی هاوبەش لە نێوان هەموو بزووتنەوەکانی ژنانی دنیا سەبارەت بە پرسەکانی ژنان، زۆرێک لە تیۆریستەکان و مێگەراکان دەڵێن: مێگەرایی دیاردەیەکی رۆژئاواییە و تاکوو ئێستا لەژێر کاریگەریی کولتووری رۆژئاواییدایە. هەروەها هەندێک لە مێگەرا رۆژئاواییەکان دەڵێن: بە جەختکردنەوە لەسەر داواکارییەکانمان، دەکرێت بوارەکانی ژنان لە جیهاندا بەیەکەوە چاک بکرێن. هەشیانە دەڵێن: بەهۆی جیاوازیی کولتووری، ئابووری، ئایینی، نەتەوەیی و مێژووییەوە جیاوازیمان هەیە، هەم لە چالاکییەکانمان، هەم لە جۆری داواکارییەکانمان. لە بەرانبەر ئەوەدا، ئەلیسۆن جاگار (Alison Mary Jaggar)، فەیلەسوفی مێگەرا و مامۆستای زانکۆ، ئەو هاوبەشی و پشتگیرییەی مێگەرایی بە ئەرێنی لەقەڵەم دەدات و دەڵێت: ئەو رێکخراو و دامەزراوانەی ژنان لە جیهاندا، نەتەوەیان تێپەڕاندووە و دەکرێت خۆیان لە تۆڕێکی هاوبەشدا کۆ بکەنەوە و بەپێی ئەجێندای جیاواز وتاری هاوبەشیان هەبێت و ئەو وتارە، وتارێکی مێگەرایی جیهانی بێت، ئەوەش وا دەکات بزووتنەوەکەیان رووبەرێکی فراوانتر و کراوەتری هەبێت.

بەپێی هەڵسەنگاندنی من، ڕەنگە لە ڕووی هەندێک جۆری چەوساندنەوەوە، ژنان لە جیهاندا داواکاریی و خاڵی هاوبەشییان هەبێت، بەڵام مێژووی بزووتنەوەکانی ژنان لە ڕووی دابونەریت، کولتوور، ئایین، جوگرافی و نەتەوەییەوە جیاوازیی زۆریان هەیە، ئەمەش وا دەکات داواکارییەکانیان جیاواز بن و بوونی تەنیا یەک تیۆر گونجاو نەبێت و نەتوانێت ئامانجەکان بپێکێت، بۆیە دەبێت ئەو ناوچانەی کە باری سیاسی، ئابووری، کولتووری و ئایینییان هاوشێوەن و لێکچوون، تیۆری تایبەت بە خۆیان هەبێت و سوودیش لە تیۆرییەکانی تر وەربگرن.

۱۸

# مێگەرایی لە روانگەی پۆستمۆدێرنیزمەوە

تیۆری پاش نوێگەرایی (پۆستمۆدێرنیزم – Postmodernism)، لە سالانی حەفتاکانی سەدەی نۆزدە سەری هەڵداوە؛ پرەنسیپە سەرەکییەکانی لەسەر گۆڕانکارییە کۆمەلایەتی، رۆشنبیری و کولتوورییەکان لە گواستنەوەی سەردەم لە قۆناغی نوێگەرییەوە بۆ قۆناغی پاش نوێگەری بنیات نراوە، کە خەسڵەتە سەرەکی و زاڵەکانی سەردەمی نوێگەرایی، لەسەر توێژەکانی (گەل و سەرمایەداری) بەندن. هەروەها ئەم تیۆرە کار دەکات لەپێناو پێشکەوتنی شارستانیی شارەکان، پەیدابوونی دەولەتە بیرۆکراتییەکان، زانست وەک کۆڵەکەی ژیان، باوەڕهێنان بە پێشکەوتن بەهۆی زانستەوە و زاڵبوون بەسەر باوەڕ و نەریتە باوەکاندا.

لە راستیدا تیۆری (پاش نوێگەرایی) وەک پەرچەکردارێک بۆ سەردەمی نوێگەرایی دروست بوو، کە سەردەمی پیشەسازی بوو و بووبووە هۆکار بۆ دروستبوونی چەندین کێشە لە بوارە جیاوازەکانی وەک: ئالۆزبوونی کێشەکانی پیسبوونی ژینگە، لەناوبردنی سەرچاوە سروشتییەکان، کە ئەوەش دەبێتە مەترسی بۆ سەر ژیانی مرۆڤایەتی، گەورەبوونی بۆشایی نێوان هەژار و دەوڵەمەند، بەرزبوونەوەی رێژەی هەژاری، شەڕ، لەناوبردنی سەرچاوە سروشتییەکانی ولاتانی جیهانی سێیەم،

دووفاقیی لە پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا، زاڵبوونی بەها مادییەکان بەسەر بەها ئایینی، کۆمەڵایەتی، هونەرییەکاندا و پێشکەوتنی چەکە بکوژ و لەناوبەرەکان...

بەپێی تیۆری (پاش نوێگەرایی)، پشت بەستن بە زانست و تەکنەلۆژیا مەترسییەکی گەورەیە و هەموو شتێک لەناو دەبات. هەروەها هەموو تیۆرە گەورەکان و سیستمە حوکمڕانییەکانی وەک: سیستمی سەرمایەداری و شیوعیەت ڕەت دەکەنەوە.

ڕوانگەی تیۆری (پاش نوێگەرایی) سەبارەت بە دەستەواژەی مێگەرایی ئەوەیە کە بۆچوون و تێڕوانینێکی تازەیان هەیە و زۆرێک لە ژنانی ئەکادیمی، بەتایبەتیش ئەوانەی سەرسامن بە تیۆری (پاش نوێگەرایی) کاری لەسەر دەکەن و سەرقاڵن بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەری و هەموو بۆچوون و تیۆرییەکانی پێش خۆیان ڕەت دەکەنەوە، لەبەر ئەوەی بەهۆیانەوە ژنان ڕووبەڕووی چەوسانەوەی دەبنەوە، بەتایبەتیش ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە جەستەی ژنەوە هەیە، هەروەها هەوڵی جدی دەدەن بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوەیان و بە (مێگەرایی پاش نوێگەرایی – postmodernist Femeinism) دەناسرێن.

چالاكان و لایەنگرانی تیۆری (پاش نوێگەرایی)، پێیان وایە بزووتنەوەكانی پێشوو مێگەرایی بەرەو رێگەیەكی داخراو دەبەن، واتای بەرەو مردن و لەناوچوونی دەبەن، چونكە بزووتنەوەكانی مێگەرایی لە دەستی هەندێك لە كەسانی بەربژێدا بوون و خۆیان بە خاوەنی پرسی هەموو ژنان لەقەڵەم داوە، ئەو كەسانەش كەسانی بۆرژوا و خاوەن ئیمتیازات بوون بەهۆی پێگەی ئابووری و كۆمەڵایەتییانەوە؛ بایەخیان بە چینە ژێردەستەكان و كۆچبەرەكان و ئەوانەش كە سەر بە ئایین و رەگەزە پشتگوێخراوەكانن نەداوە.

پێناسەكردنی مێگەرایی (پاش نوێگەرایی) ئەستەمە، ئەویش بەهۆی ئەوەی پێناسەكردنی تیۆری (پاش نوێگەرایی) خۆی ئەستەمە، چونكە چەندین رەوتی جیاوازیان هەیە، بەڵام بە شێوەیەكی گشتی كۆكن لەسەر چەند خاڵێك، لەوانە:

١- رەتكردنەوەی فەلسەفەی بابەتی (Positivism)، چونكە پێیان وایە ئەمە وتارێكی سەردەمی نوێگەراییە و وتارێكی پیاوسالارانەیە.

٢- رەتكردنەوەی ئەو دووانانەی كە لەسەر بنەمای یان/یاخود، رەش/سپی، نێر/مێ... و دژبوونی هەریەكە لەو دووانانە دامەزراون، بە واتای رەتكردنەوەی ئەو چەمكە باوانەی كە پارسەنگی

پیاوسالارین و خۆیان لە پارترياكيەتدا دەبيننەوە، چ لـەسـەر ئاستی خـێزان، یـاخـود لـەسـەر ئاستی دامەزراوەكانی دەوڵەت.

٣- جەختكردنەوە لەسەر بوونی جیاوازیی جۆری كۆمەڵایەتی و كولتووری.

٤- جەختكردنەوە لەسەر رەتكـردنـەوەی ئەو پاشخانە فكری و كولتوورییەی كە تەنیا وتـار و گێڕانەوەن و لە زماندا رەگیان داكوتاوە، وتارەكان جیاوازن و بەپێی توێژەكانی كۆمەڵگە دەگۆڕێن، هەیانە تایبەتە بە چینی دەسـەڵات و دەیسەپێنێت، هەشیانە هیی چین و توێژە پشتگوێخراوەكانن.

بەپێی ئەو روونكردنەوانە، دەتوانین بڵێین كە رەوتی (پاش نوێگەرایی)، ئەركەكانی لەسەر رەخنە گرتنە لە ناساندنی پێگەی ئەوروپا و رۆژئاوا وەك چەق. لە لایەكی ترەوە، دژی جیاوازیی ناسنامەی ژن و پیاوە و پێیان وایە كە ناوەندێتیی رۆژئاواییەكان تـاكـرەوانـە سـەیـری جـیـهـان و راسـتـیـیـەكـان و پێشكەوتنی مرۆڤایەتی دەكەن و خۆیان بە پێشڕەوی مێگەرایی و دنیا لەقەڵەم دەدەن، ئەزموونی وڵاتانی تر بە چاوێكی نزمەوە سەیر دەكەن. هەروەها مێژوو نیشانمان دەدات كە وڵاتـە زلهێزەكان وا نیشان دەدەن كە ئەوان رزگاركەری وڵاتانی جیهانی سێ و گەلە پشتگوێخراوەكانن و لە دواكەوتوویی رزگاریان

دەکەن، کە ئەمەش دیاردەی خۆبەزلزانینە بەسەر وڵاتان و کۆمەڵگە نارۆژئاواییەکاندا.

سەبارەت بە هەردوو دووانەی جۆری ڕەگەز: نێر/ مێ، ژن/پیاو. داواکارن کە بگۆڕدرێن و ناسنامەیەکی تر بۆ ئەو دابەشبوونە نەریتییە بدۆزرێتەوە و لەو ڕێگەیەوە پێگەی تاک لەناو کۆمەڵ و بەرپرسیارێتیی ئەخلاقییان دیاری بکرێت.

لە کۆتاییدا، ئەو ڕەوتە جیاوازانەی لە مێگەرایی، ڕێکخراو، پێکهاتە و دامەزراوەکانی تایبەت بە ژناندا هەن، لە ڕوانگەدا جیاوازن، وەک: ژنانی سەر بە لیبراڵ، سۆسیالیست و ڕادیکاڵەکان، بەڵام هەموویان کۆکن لەسەر هاوڵاتیبوون، مافەکان، ئازادییە سەرەکییەکان و نەهێشتنی ئەو جیاکارییەی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا هەیە.

١٩

# مێگەرایی ئیسلامی

توێژەرە مێگەراکان دەڵێن: مێگەرایی لە ڕۆژئاوا و لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە وەک پەرچەکردارێک بۆ سیستمی پاتریارکی (باوکسالاری)ی پەیدا بووە، کە لەناو کولتوورەکاندا ڕەگی داکوتاوە و وێنایەکی نەرێنیی بەرانبەر بە ژن دروست کردووە و لەوێشەوە کاریگەریی ڕاستەوخۆی بەسەر واقیعی کۆمەڵگەدا سەپاندووە بە جیاکاری دژ بە ژن و بەکەمسەیرکردنی تواناکانیان و زەوتکردنی مافەکانیان، هەروەها لە سەردەمی سەرمایەداریدا چەوساندنەوەی ئابووریی قورستر بووە.

بەپێی قۆناغە زەمەنییەکان و داواکارییەکان، چەندین شەپۆلی بزووتنەوەی مێگەرایی هەبوون و هەن. لە ڕوانگەی توێژەرەکانەوە؛ چەمکی مێگەرایی، چەمکێکی نوێیە، لە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانەوە هاتووەتە کایەوە و بەکار هاتووە. وەک لە بابەتەکانی تردا باسمان کردووە، بەپێی بزووتنەوەکان لە قۆناغە جیاجیاکاندا، داواکارییەکان و ڕوانگە و ڕەوتەکان جیاوازییان هەبووە، بەڵام هەموویان لەسەر نەهێشتنی چەوساندنەوە و بەدەستهێنانی مافەکان کۆک بوون.

مێگەرایی و پاش مێگەرایی (Feminism – Postfeminism) چ وەک فەلسەفە یاخود تیۆر، یان بزووتنەوە، ئەگەر لە رۆژئاواش سەری هەڵدابێت، بەڵام سنوورەکانی بڕیوە و گەیشتووەتە وڵاتان بە کولتوور و پێشکەوتنی جیاواز بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوا و تا رادەیەک لەو وڵاتانەدا خۆی رێک خستووە و گونجاندووە.

بزووتنەوەکانی مێگەرایی و بۆچوونەکانیان، تووشی گەنگەشە، رەخنە و پشتیوانیی بوونەتەوە و پەرچەکرداری زۆریان لێ کەوتووەتەوە، بەتایبەتیش لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا. لەگەڵ ئەم هەموو رەخنانەش، مێگەرایی ئیسلامیی پەیدا بووە و ٣٠ ساڵ تەمەنیەتی، کە لەلایەن کۆمەڵێک چالاکوانی وڵاتە ئیسلامییە جیاوازەکانەوە هاتووەتە کایەوە.

مێگەرا ئیسلامییەکان خوێندنەوەیەکی ئیسلامییانەی سەردەمیانەیان هەیە و پشت بە هەردوو کۆڵەکەکەی ئیسلام (قورئان و سوننەت) دەبەستن، بەوەی پیاچوونەوەیەکی رەخنەگرانە بۆ تەفسیرە کلاسیکییەکان بکرێت کە پێشتر کراون و هەبوون، چونکە تەنیا لەلایەن پیاوان و لە روانگەی پیاوسالارییەوە تەفسیر کراون و دەڵێن: ئەو

تەفسیرانە موقەدەس نین و دەتوانرێت ڕەخنەیان لێ بگیرێت و لە ڕوانگەیەکی مێیینانەوە سەیر بکرێن. هەروەها پشت بە وتەکان و بۆچوونەکانی پەیامبەر دەبەستن لە ڕووی دادپەروەری و پێگەی ژن لای ئەو.

هەرچەندە مێگەرایی ئیسلامی وەک هەموو بزووتنەوە مێگەراییەکانی ڕۆژئاوا پرس و ئایدۆلۆژیای جیاوازیان هەیە، بەڵام هەموویان لەژێر چەتری مێگەرایی ئیسلامیدا کار دەکەن و ئایینی ئیسلام مەرجەعیانە.

هەموو گرووپەکانی مێگەرایی ئیسلامی هاوبەشن لە جۆری داواکارییەکانیاندا، کە جگە لە یەکسانیبوون لە نێوان هەردوو ڕەگەز، داواکارییەکانیان بریتین لە:

- ڕەتکردنەوەی فرەژنی.
- یەکسانیی لە میرات بۆ نێر و مێ.
- ئەنجامدانی نوێژەکان بە تێکەڵی (ژن و پیاو) بەیەکەوە.
- ژن بۆی هەیە ئیمامی نوێژ بێت (پێشنوێژی بکات).

مێگەرا ئیسلامییەکان تووشی ڕەخنەی توند و بەرهەڵستی دەبنەوە و بەشێک لە پیاوە

ئاييننييەكان دەڵێن: مێگەرایی ئیسلامیی نییە، بەڵكوو بزووتنەوەیەكی ڕۆژئاواییە و دەیانەوێت بەرگی ئیسلامیی لەبەر بكەن و بەدوای تەفسیردا بگەڕێن بۆ پشتیوانی لە بۆچوونەكانیان.

زۆرن ئەو چالاكوانە ژنانەی كە باوەڕیان بە تیۆری مێگەرایی ئیسلامی هەیە و هەوڵیان لەپێناویدا داوە، لەوانە: فاتمە مورنیسی، ئامینە ودوود، ئومەیمە ئەبوبەكر، ئەسما بارلاس... و چەندینی تر.

یەكەم جار چەمكی مێگەرایی ئیسلامی لە گۆڤاری (زنان) لە ساڵی ١٩٩٢ لە ئێران بەكار هاتووە، كە شەهلا شیركەت سەرپەرشتی دەكرد و یەكێكە لە ژنە چالاكەكانی ئەو بوارە.

هەرچەندە ئەو چەمكە لە نەوەدەكانی سەدەی رابردووەوە بەكار هاتووە، بەڵام بزووتنەوەی ژنان لە كۆمەڵگە ئیسلامییەكاندا لە سەدەی حەڤدەوە دەستی پێ كردووە، بۆ نموونە؛ نووسەری میسری عائیشە تەیمور (١٨٤٠ – ١٩٠٢) وتارەكانی هەم مۆركی مێگەرایی و هەمیش مۆركی ئیسلامییان پێوە دیارە.

## ٢٠

# پۆلێنکردنێکی سەردەمییانە بۆ بزووتنەوەکانی مێگەرایی

پۆلێنکردنی سەردەمییانەی مێگەرایی، لەگەڵ پەیدابوونی ئاراستەی سێیەم بە پشتبەستن بە پێوەری (یەکسانی - جیاوازی) دەستی پێ کردووە. ئەم پێوەرە، سەبارەت بە چۆنیەتی رووماڵکردنی کێشە و داواکارییەکانی ژن، لە سەرەتادا مێگەرایی جیا کردبووەوە بۆ دوو تێڕوانینی سەرەکی. هەرچەندە هەردوو ئاراستەکە کۆکن لەسەر یەک ئامانج؛ ئەویش گەیشتنە بە یەکسانیی ژن و پیاو.

روانگەی یەکەم، بە جۆرێک پێناسەی یەکسانی دەکات کە: ژن هەمان توانای پیاوی هەیە ئەگەر هەمان بوار و چالاکییان بۆ بڕەخسێنرێت، هەروەها بەیەک چاو سەیر بکرێن و هەردوولاش دوو بەشە تەواوکەرەکەی کۆمەڵن و یەکسانن لە رووی گرنگی و پایەیەوە.

روانگەی دووەم، بۆ پێناسەی یەکسانی، پشت دەبەستێت بەو جیاوازییانەی لە نێوان نێر و مێدا هەن و دەبێت بەو چاوە سەیری ژن بکرێت کە خاوەن توانا و خەسڵەت و ئەزموونی تایبەتن و جیاوازن لەگەڵ رەگەزی نێر، سەرەڕای بوونی جیاوازییش، خەسڵەتەکانی ژن پڕ بەهان و یەکسانن لەگەڵ خەسڵەت و تواناکانی پیاو لە

رووی بەهاوە، واتا؛ یەکسانییان بەهۆی گرنگی و پێگەیانە، نەک جیاوازییان.

هەر کە ئاراستەی دووەم دەرکەوت، جارێکی تر کێشەی (یەکسانی - جیاوازی) هاتەوە پێشەوە و پرسیاری زۆری لای تیۆریستەکان، توێژەر و لێکۆڵەرەوەکان دروست کرد؛ چ لەسەر ئاراستەی یەکەم، کە دەڵێت: «ئێمە یەکسانین، بەڵام جیاوازین»، یاخود ئاراستەی دووەم، کە دەڵێن: «ئێمە جیاوازین، بەڵام یەکسانین».

لەو نێوەندەدا ئاراستەیەکی تر سەری هەڵدا، کە ئاراستەی سێیەمە و لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە دەرکەوت و دەڵێن: بنەمای دید و بۆچوون لەسەر یەکسانی، پەیوەندی بە پرسی بەشداریی ژنانەوە هەیە هاوشێوەی پیاوان لە ناوەندی بڕیار و دامودەزگاکانی دەوڵەت بەگشتی، هەروەها هەردوو رەگەز سەر بە یەک جۆرن، کە ئەویش جۆری مرۆڤایەتییە.

بەو پێوەرانە، ئاراستەکانی مێگەرایی سەردەم، بوون بە سێ ئاراستە، بەڵام لەگەڵ ئەو ئاراستە جیاواز و بۆچوونانەش، ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە، ئەویش یەکسانی و پێگەی ژنە لە کۆمەڵگەدا.

## ٢١

# مێگەرایی
# لە وڵاتانی جیهانی سێ

بزووتنەوەی ژنان لە وڵاتانی جیهانی سێ، جیاوازی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە بە بەراورد لەگەڵ بزووتنەوەی ژنانی وڵاتانی رۆژئاوا... ئەم جیاوازییانە بۆ؟ هۆکارەکان چین؟

لە سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژنان لە وڵاتانی رۆژهەڵات لە کۆتایی سەدەی نۆزدە، رووبەڕووبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی و بە مەترسییەکی گەورە لەسەر دابونەریت لەقەڵەم دەدرا، هەروەها دەوترا کە دەبێتە مەترسی لەسەر بەها کۆمەڵایەتییە باوەکان و لەسەر ئایین و کۆمەڵگە هەڵدەوەشێنێت و دەیشڵەقێنێت. هەرچەندە داواکارییەکانی ئەو سەردەمە زۆربەی لەسەر مافی خوێندن، کار و رەفتاری شایستە بەرانبەر بە ژن تێنەدەپەڕین. سەرەکیترین هۆکاری ئەو بەربەستە گەورانە دژ بە بزووتنەوە و جووڵانەوەکانی ژنان، دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتوویی سیستمی ئابووری؛ لەو کاتەی دەوڵەتانی رۆژئاوا بووبوون بە وڵاتانی پیشەسازی و سەرمایەداری، هێشتا لە رۆژهەڵات و ئەفریقا سیستمی دەرەبەگایەتی هەبوو. سیستمی سەرمایەداری، لەگەڵ خۆیدا ئابوورییەکی جیاواز کە پێویستی بە هێزی کار هەبوو، هەروەها تەکنەلۆژیای تازە و بیری پێشکەوتنخوازیی هێنا بوو، وای کردبوو داواکارییەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا بێت و بەرزتر ببنەوە، نەک تەنیا لەسەر ئاستی ژنان، بەڵکوو

پیاوانیش؛ ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی چینایەتی، بۆیە دەتوانین بڵێین: مێگەرایی بۆچوونێکی رۆژئاوایی بوو، هێشتا لەو جۆرە سیستمە لە رۆژهەڵات و جیهانی سێدا بەگشتی پەیدا نەبووبوو.

لەو سەدەیەی کە بزووتنەوەی مێگەرایی پەیدا بوو، زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێ ژێردەستە بوون و سیستمی داگیرکاری و کۆلۆنیاڵیەت بەڕێوەی دەبردن، زلهێزەکان (داگیرکەرەکان) نەیاندەهێشت ئەو وڵاتانەی داگیریان کردبوون، گەشەیەکی ئابووریی ئەوتۆی بەرچاو بەخۆوە ببینن، هەروەها رێگر بوون لە هاوردەی بیرۆکەی تازەگەری لە ترسی ئاژاوە. لە لایەکی ترەوە، ئەو کۆمەڵگەیانە چ خۆیان، یاخود بۆ جێبەجێکردنی مەرامی داگیرکەران، نەیاندەهێشت تازەگەری ببێت، ئەویش بەمەبەستی پارێزگاری لە دابونەریت و کولتووری باوی ئەو سەردەمە. کاتێکیش بزووتنەوەی رزگاریخواز لەو وڵاتانە دەستیان پێ کرد، زۆربەی ئەو بزووتنەوانە پێیان وابوو بە رزگاربوونی وڵات لە دەستی داگیرکەر، ژن و پیاو بەیەکەوە ئازاد دەبن، بۆیە پێویست بە رێکخراوی تایبەت بە ژنان نییە و ژنان دەبێت لە ریزە گشتییەکاندا کار بکەن شانبەشانی پیاوان. کاتێک رزگاریشیان بوو، ژن هیچی دەست نەکەوت و بەناچاری کەوتنە دروستکردنی بزووتنەوەی تایبەت بۆ داواکردنی مافەکانیان.

هەر لە کاتی ژێردەستەیی، وڵاتانی داگیرکەر

ڕێگرییان دەکرد لە خوێندەواربوونی ئەو گەلانە و دەیانویست وەک خۆیان بمێننەوە، بۆیە تا ئێستاش دەبینین ڕێـژەی نەخوێندەواری بە بـەراورد لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو زۆر زیاترە. بەپێی راپۆرتی هەر ڕێکخراوی ئێسکوا و یونیسێف، تا ئێستا ڕێژەی نەخوێندەواری لەو وڵاتانە، نزیکەی لە سەدا نۆزدەیە و لـەو ڕێـژەیـەش دوو لـەسـەر سێیان لـە ڕەگـەزی مێن. هـەرچـەنـدە ئـەو ڕێـژەیـە زۆر کەمترە لەچاو دەیەکانی پێشوو، بەڵام هێشتا بە بەراورد بە وڵاتانی پێشکەوتوو، زۆر زۆرە. چەندیش نەخوێندەوارییی زۆر بێت، ئەوەندە ئاستی زانیاری و توانایان کەمتر دەبێت، بەتایبەتیش لە رووی زانینی ماف و ئەرکەکانیان و مانەوەیان وەک خۆیان، کە نایانەوێت گۆڕانکاریی ئەوتۆ بکرێت، هەر بۆیە کاریگەریی وتـاری ئایینیی توندڕەو، جادوو و فاڵ لەناو ئەو ژنانەدا زۆر باوترە بۆ مەبەستی گۆڕانکاری وەک لەوەی پەنا ببەنە بەر یاسا و ڕێکخراوە تایبەتمەندەکان بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانیان و بەدەستهێنانی داواکارییەکانیان. هەروەها ئەم ژنانە دووردەکەونەوە و نابنە هێز و پاڵپشت بۆ داواکارییەکان، ئەمەش ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر قورسایی ئەرکی ڕێکخراوەکان دروست دەکات. ئەمانە و چەندین هۆکاری تری کۆمەڵایەتی، وایان کردووە بزووتنەوەی مێگەرایی هێشتا لە سەرەتادا بێت لە زۆربەی وڵاتی جیهانی سێ.

## ٢٢

# ژن و
# ئاشتی و ئاسایش

زیادکردنی بەشداری ژنان بەگشتی لە پرۆسەی بنیاتنانی ئاشتی و نەهێشتنی دووبەرەکی و ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان، لە خاڵە هەرە گرنگەکان و جێی بایەخی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، ئەم بابەتەش بۆ یەکەم جار ساڵی ٢٠٠٠ خرایە خشتەی کارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پاش ئەوەی بڕیاری (١٣٢٥) ی پەسەند کرد، کە پەیوەندی بە ژن و ئاشتی و ئاسایشەوە هەبوو. لەگەڵ ئەوەی زۆربەی وڵاتان واژوویان لەسەر رێککەوتننامە و پرۆتۆکۆڵەکان کردووە، بەڵام تاکوو ئێستا بەشێوەی فەرمی بەشداریی ژن بۆ بنیاتنانی ئاشتی، زۆر کەمە. لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی ناکۆکییان تێدایە، هێشتا ستراتیژ و پلانی داڕێژراو نییە و تا رادەیەک بڕیارەکە هەر قسەیە لایان.

دەرچوونی ئەم بڕیارە، بەهۆی ئەوەوە بوو کە ناکۆکییە چەکدارییەکان و شەڕ و ئاژاوە، لێکەوت و کاریگەریی خراپ و مەترسیداری لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەتیش لەسەر ژن، کچ و منداڵ زۆر زیاترە، ئەویش بەهۆی ئەوەی ژن زەحمەتتر دەستی دەگاتە کەرەستەکانی خۆپارێزی و ئەو شوێنانەی پاراستنی خۆی و منداڵانەکانی فەراهەم دەکەن،

هەروەها دەرفەتی دابینکردنی بژێوییان زۆر کەم دەبێتەوە.

لە لایەکی ترەوە، زۆربەی جار لە کاتی ناکۆکییەکان، ژنان و کچان رووبەڕووی توندوتیژیی مەترسیدار دەبنەوە لەسەر بنەمای جێندەری و جیاوازیی رەگەزی، هەر بۆیە قوربانیی سەرەکین.

لەبەر ئەم هۆیانە، گرنگ و پێویستە ژنان بە چڕی و بە کردار بەشدارییان پێ بکرێت لە پرۆسەی ئاشتی و ئارامیدا، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە:

- دەوڵەت و حزبەکان پلانی داڕێژراویان هەبێت.

- ئەو ژنانەی کە توانای باوەڕپێهێنانی بەرانبەریان هەیە، دەستنیشان بکرێن و خولی تایبەتیان لەسەر شێوازی گفتوگۆی سەر مێزی رێککەوتن بۆ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن لایەنە ناکۆکەکان هەڵبسەنگێنن، هەروەها بۆ چۆنیەتی دروستکردنی ژینگەی گفتوگۆ.

- خولی تایبەت بۆ میدیاکارە ژنەکان بکرێتەوە، بۆ ئەوەی لە کاتی شەڕ و ناکۆکییەکاندا شارەزایانەی مامەڵە بکەن.

بە جەختکردنەوە لەسەر ئەو وتەیەی کە دەڵێت: لە هەر شوێنێک ناکۆکیی هەبێت، دەبێت

ژنـان بەشێک بن لـە چـارەسـەر. لـەبـەر ئـەوە پێویستە ڕێکخراوەکانی ژنـان بەیەکەوە کار بکەن، پلان دابڕێژن و تۆڕێکی تۆکمە دروست بکەن بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، هەروەها پێش ڕوودانی حاڵەتە نەخوازراوەکان، ڕۆڵـی خۆیان ببینن بۆ ڕێگری لە ڕوودانـیـان. تۆڕ و ڕێکخراوی هاوشێوەی (ژنانی ئاشتی لە سەرتاسەری جیهان) دروست بکەن، یاخود ببن بە ئەندام تێیدا، بۆ ئـەوەی لە کاتی شەڕ و پێکداداندا بتوانن ڕێگر بن لە تەشەنەکردنی ناکۆکییەکان.

یەکێکی تر لە ئەرکە گرنگەکانی ئەو پلان و ستراتیژانە؛ دەبێت ژنانی ئاشتیخواز شارەزاییەکی باشـیـان هەبێت لـەسـەر چۆنیەتی هـاوکـاری و مـامـەڵـەکـردن لـەگـەڵ ژنـانـی قـوربـانـیـی جەنگ (پاشماوەی جەنگ). هەروەها دەکرێت هەوڵ بدرێت ژنە بەتەمەنەکان و ئەوانەی لەناو کۆمەڵگەدا ڕێزی تایبەتیان هەیە، قسە و هەڵوێستەکانیان بەهەند وەربگیرێن و لە پرۆسەی ئاشتیدا بەشدارییان پێ بکرێت.

پرۆسەی ئاشتی، کارێک نییە تەنیا تایبەت بێت بە پیاوان.

پێشکەوتنی کاری دیپلۆماسی و کردنەوەی خول بۆ ژنان لەو بارەیەوە، زۆر گرنگە. زۆر جار چارەسەری ناکۆکییەکان و نێوەندگیری، بەهۆی ئەوەی ئەو ژنانە نوێنەری هەمووان نین و ئەو ئامرازانەی لەبەر دەستیاندایە ئەوەندە نییە بتوانن رۆڵی خۆیان بەتەواوی بەئەنجام بگەیەنن، سەرکەوتوو نابن... هەندێک جار ئەمە بۆ پیاوانیش بەهەمان شێوەیە.

ژنان پێویستیان بە هاوکاریی سیاسی، تەکنیکی، لۆجیستی و دارایی هەیە بۆ ئەوەی بتوانن بەشدارییەکی کارایان هەبێت لەو پرۆسەیەدا کە بەپێی قۆناغ و سەردەم گۆڕانی بەسەردا هاتووە. جاران بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان، تەنیا بەربژێرە سیاسی و سەربازییەکان بەشدار دەبوون، ئێستا دەبێت هەمووان بەشدار بن و رۆڵی سەرەکیش بدرێت بە ژن و بە کرداریی بەشدار بن لەو پرۆسەیەدا.

# ٢٣

# ژن وەک چەقی تیۆری مێگەرایی

ئایریس ماریۆن یۆنگ (Iris Marion Young)، فەیلەسوفی مێگەرا و تیۆریستی سیاسیی ئەمەریکی، پێی وایە ئەم رەوتە (ژن وەک چەقی مێگەرایی) تیۆرییەکە وای دەبینێت کە چەوساندنەوەی ژنان و دوورخستنەوەیان لە بەشداریی سیاسی، بەهۆی ئەوەوە نییە کە مرۆڤی کامڵ نین، یاخود شوناسی مرۆڤایەتییان تەواو نییە، بەڵکوو بەهۆی نکۆڵیکردنە لە بەها و چالاکییەکانی ژنان، هەروەها سەپاندنی کولتووری پیاوسالاری و بیانووهێنانەوەیە بۆ دەسەڵاتەکانیان، ئەمە جگە لەوەی پشتبەست بە نەریت و باوە دواکەوتووەکان؛ بازنەی سنووردانان بۆ ژن فراوان دەکەن. لە بەرانبەریشدا مێگەرا مرۆڤدۆستەکان بەلایانەوە گرنگە ژنان بەشداریی کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بکەن.

ئایریس ماریۆن، کە بە بیرمەندێکی ئەم تیۆرە ناسراوە، پێی وایە دەبێت ناسنامەی مێگەرایی بەشێوەیەکی گشتی بەشێک بێت لە سیاسەتی دەوڵەت. لە لایەکی ترەوە، فەیلەسوفی ئەمەریکی، جین بێتیک ئیلشتاین (Jean Bethke Elshtain)، دەڵێت: وەک پایەیەکی سەرەکی بۆ بەرژەوەندیی هاووڵاتیان، بەتایبەتیش بۆ

ژنـان، دەبێت ژنان لە سیاسـەتی گشتیی وڵاتدا بەشدارییان پێ بکرێت.

ئەم تیۆرییە، تەنیا باس لە نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و سیاسـی نـاکات، بەڵکوو بـاس لە بنەمای ئەو ئایدۆلۆژیایانە دەکات کە بە چاوی کەمتر لە پیاوان سەیری ژنـان دەکـەن، ئـەو بنەمایەش سیستمی پاتریاکییە. لایەنگرانی ئـەو تیۆرییە، پشتیوانی لە تیۆری جێندەری لە بوارەکانی: زمان، یاسا و تیۆرییە سیاسییەکان دەکـەن و ئامانجیان تەنیا ئـەوە نییە ژن وەک پیاو بێت و بەهەمان شێوە یەکسان بـن، بەڵکوو یەکسانیی کۆمەڵایەتییان بـەلاوە گرنگە و دەبـێـت ژنـان هـەوڵ بـدەن و پێشبکەون، بەشێوەیەک پێناسەی زمان، یاسا و تیۆرییە سیاسییەکان دابڕێژنەوە بەجۆرێک کە شوناسی (مێگەرایی/ مێیەتی) لەخۆ بگرن. هەروەها پێیان وایە چەوساندنەوەی ژنـان لە سێ بواری گرنگدایە، کە ئەوانیش: زمان، رەگەز و سیاسـەتە. لەو روانگەیەوە دەڵێن: ناسنامەی مێگەرایی، بە کار و هەوڵە و دەبێت ژنان بەگشتی هەوڵ بدەن ئەو سێ تەوەرە لە رەگەوە هەڵبکێشن کە هەریەکەیان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم: لایەنی زمانەوانی:**

لوسی ئێریگاری (Luce Irigaray)، زمانزان و دەروونناس، پێی وایە دەبێت تیۆری مێگەرایی لە نێوان سێ ڕەهەند جیا بکرێتەوە، ئەوانیش: (ڕاستەقینە، سیمبول، خەیاڵ)ن بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو سیانە تێکهەڵکێشییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە: ڕاستەقینە، بەواتای «دایک، مردن». سیمبول، گۆڕەپانی یاساییە کە بەناوی باوکەوە نووسراوە، بەڵام خەیاڵ، بەواتای «کاریگەری ڕەهەندی سیمبولییە» لە هۆش و خەیاڵدا. بەم پێیە، سیستمی «سیمبول»، واتە «زمان» لە بنەڕەتدا سیستمێکی نێرینەی باوکسالارانەیە، کە تێیدا گفتوگۆ بەپێی خەون و خەیاڵی پیاوانەیە، هەر یاسایەک دابڕێژرێت مانای ئەوەیە ئەو زمانە پیاوانە بەکار دەهێنرێت و دەبێتە مەرج و ڕێنمایی و یاسای نێرینەییەکان.

**دووەم: لایەنی سێکسی:**

ئێریگاری، باس لە بۆچوونی جیاوازی ڕەگەزی دەکات و دەڵێت: بەپێی ئەو نەریتە دواکەوتووە پیاوسالارانەیە، نێر نموونەی «کەماڵ»، چونکە کۆئەندامی نێرینەیان هەیە، مێیینەش بەهۆی ئەوەی

کۆئەندامی نێرینەیان نییە، نموونەی «نوقسان»، یان «پلە دوو»ن. ئەم تێڕوانینە، تەنیا لە دیدێکی نێرینەوەیە، چونکە سیفەتی رەگەزی مێیینە بەپێی پێوەری نێرینە بیری لێ کراوەتەوە و وێنا کراوە. بەدبەختیی ژن کە بە پلە دوو ئەژمار دەکرێت، لە نەبوونی کۆئەندامی نێرینەدایە، ئەمەش وای کردووە لای مێیینە حاڵەتی «ئیرەیی کۆئەندامی نێرینە» دروست ببێت، چونکە وایان لە کۆمەڵگە گەیاندووە و ئەم بۆچوونە رەگی داکوتاوە، کە تەنیا کۆئەندامی نێرینە بەهادارە. ئەمەش هەندێک جار وای لە مێیینە کردووە بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوامیی کۆمەڵایەتی و زمانەوانیی هەبێت، دەبێت بتوانێت دەسەڵات بەسەر خاوەن کۆئەندامێکی نێرینەدا بگرێت، بۆ ئەوەی نوقسانییەکەی پڕ بکاتەوە و تواناکانیشی بەرز بکاتەوە. هەروەها بۆ ئەوەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی بەردەوام بێت، دەبێت وەک پیاو قسە بکات، دەنا پشتگوێ دەخرێت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەناودەچێت.

ئەم روانگەیە، هەمان شێوەی پرۆلیتاریایە لە لای کارڵ مارکس، چینی کرێکار بەشێکن لە کۆمەڵگە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەشێک نین، چونکە جیاوازیی چینایەتییان هەیە، بۆیە بەهەمان شێوە ژن خاوەن

ناسنامەی خۆیان نین و ناسنامەکانیان بە پیاوەوە بەستراوەتەوە، بۆیە دوور دەخرێنەوە و پشتگوێ دەخرێن.

**سێیەم: تیۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتی مێگەرایی:**

ئەو ژنانەی وەک رەوتی مێگەرایی «ژن چەقی پرسەکانن» بیر دەکەنەوە، هەوڵ دەدەن تیۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دابڕێژنەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ پێداویستی و داواکارییەکانیان بگونجێت، واتە لەگەڵ ناسنامەی مێگەرایی بگونجێت.

کارۆڵ پاتمان (Carole Pateman)، تیۆریستی مێگەرا و رەخنەگری لیبراڵی دیموکراسی، کە بیرمەندێکی دیاری ئەو بوارەیە، پێی وایە تیۆری سیاسیی لیبراڵی، باس لە مافە سیاسییەکانی ژنان ناکات و تەنیا ماف و ئازادیی پیاوانیان بەلاوە مەبەستە.

هەروەها تیۆریستە کلاسیکییەکان و سەردەمییەکانی تیۆری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، جگە لە تۆماس هۆبز، پێیان وایە یەکسانیی سروشتی و ئازادییەکان تەنیا بۆ یەک لایەنە، ئەویش «پیاوانن»، هەر ئەوان بەیەکسانی و ئازادی لەدایک دەبن نەک ژنان، واتا؛ بیرمەندەکانی جێندەریی بەگشتی، بەو

شێوەیە بیر دەکەنەوە کە ئازادیی بۆ پیاوانە، ژنان دەبێت ملکەچ و گوێڕایەڵ بن.

پاتمان، هەندێک پرسیاری جەوهەری دەکات و لە هەمووشیان گرنگتر: «ئەگەر هەموو پیاوان بەئازادی لەدایک دەبن، ئەی بۆ و چۆن ژنان بە کۆیلەیەتی لەدایک دەبن؟» «ئەگەر خودا مرۆڤایەتی دروست کردووە، توانای بیرکردنەوە و هەموو توانایەکی تری بەبێ جیاوازی پێ بەخشیوە، ئەی بۆ لە ئازادیدا یەکسان نین و بەو شێوەیە دابەشی کردوون؟».

پاتمان، بەشێوەیەکی گشتی، سەرچاوەی کێشەکە لە دابەشکردنی کاری ناوماڵ، بەرپرسیاریەتی و بەڕێوەبردنی بەشێوەیەکی نایەکسانانە دەبینێتەوە.

لایەنگرانی ئەو تیۆرییە دەڵێن: دەبێت نە ژن و نە پیاو پەراوێز نەخرێن و هەموویان لە بازنەی هاووڵاتیبوونێکی کامڵەوە سەیر بکرێن؛ جیاوازیی رەگەزیی پێوەر نەبێت بۆ ئەوەی: کێ ئازادە و کێ کۆیلەیە، دەبێت هەموو مافێکیان لە روانگەی هاووڵاتیبوونەوە بەدەست بهێنن.

هەروەها دەڵێن: «لێبگەڕێن تێکەڵ بین و بگونجێین بەهۆی ئەوەی ئێمە هاووڵاتین، لێبگەڕێن با چەمکی هاووڵاتیبوون بگۆڕین...»

٢٤

# توندوتیژی دژی ژنان

توندوتیژی، دیاردەیەکی باوی ناو هەموو کۆمەڵگەکانە، جۆر و شێوازی زۆر و لێکەوتەکانی هۆکارن بۆ ناجێگیریی ژیانی تاک و کۆمەڵ، کە هەندێک جار دەگەنە رادەی لەناوبردنی لایەنی بەرانبەر، بەمەش ئاسایش و سەقامگیریی تاک و کۆمەڵ تێک دەچێت، بۆیە ئەرکە و ئەرکێکی قورسیشە لەسەر هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان کە بەیەکەوە هەوڵ بدەن هەم بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی توندوتیژی، هەمیش بۆ چارەسەری بەرکەوتەکان.

لێرەدا باس لەو شێوازانە دەکەین کە چۆن چارەسەری توندوتیژی دژ بە ژنان دەکرێت:

**یەکەم: ئەرکی دەوڵەت:**

ئەرکی دەوڵەتانی جیهان، بەیەکەوە هەوڵدانە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی و رێگە گرتن لە بەکارهێنانی بە هەموو جۆر و شێوازێک، وەک:

- واژووکردن لەسەر هەموو ئەو رێککەوتننامانەی کە دژی هەموو جۆرە توندوتیژییەکن دەرحەق بە ژنان.

- بەپێی یاسا و رێنماییەکان، تاوانبارەکان سزای خۆیان وەربگرن و قەرەبووی ئەو ژنانە بکەنەوە کە رووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە بەپێی رادەی زیانەکانیان.

- تەرخانکردنی بەشێک لە دارایی دەوڵەت بۆ ئەو کار و چالاکییانەی پەیوەندییان بە نەهێشتنی جۆرەکانی توندوتیژییەوە هەیە.

- بایەخدان بە لایەنی پەروەردە و فێرکردن، بەمەبەستی راستکردنەوەی رەوشتەکانی تاک و کۆمەڵگە و لەناوبردنی ئەو کردە هەڵانەی دژ بە ژن دەکرێن.

**دووەم: ئەرکی کۆمەڵگە:**

لەسەر تاکی هەر کۆمەڵگەیەک ئەرکە هەوڵ بدات بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە، بۆ ئەو مەبەستەش، ئەم هەنگاوانە بگیرێنەبەر:

- هۆشیارکردنەوەی تاک و بڵاوکردنەوەی زانیاری لەبارەی مەترسییەکانی دابونەریتە زیانبەخشەکانی دژ بە ژن، بەتایبەتیش لە ناوچە دوورەدەستەکان. هەروەها کۆمەڵگە لەو راستییانە ئاگادار بکرێنەوە کە دەبنە هۆکار.

- گوێگرتن لە ئەزموونی ئەو ژنانەی کە رووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە و رەچاوکردنی پێداویستییەکانیان، رووبەرێکی فراوانیان بدرێتێ بۆ ئەوەی بتوانن بە دەنگی بەرز بدوێن، گرنگە لە کاتی قسەکردنیان، بەتایبەتیش لە حاڵەتی توندوتیژیی سێکسی، جلوبەرگی ژنەکە نەبێتە هۆی ئەوەی تۆمەت

بخەیتە سەر ژن، چونکە گوناحبارە سەرەکییەکە تاوانبارەکەیە. دەبێت وا لە قوربانییەکە بکرێت کە متمانەی هەبێت و بەڕاشکاوانە هەستەکانی باس بکات.

- هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە زیانی بەشوودانی پێشوەخت و زۆرەملێ.

- هاندانی ژنان بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی و گەشەی ئابووری.

- تۆمارکردنی سکاڵا لە هەر شوێنێک بۆ هەر شێوازێک لە شێوازەکانی توندوتیژی لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە، یاخود بینینی.

- بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی یەکترقبوڵکردن بە هەموو جیاوازییەکانەوە.

**سێیەم: ئەرکی خێزان:**

خێزان پێکهاتەیەکی سەرەکیی کۆمەڵگەیە، ئەگەر پەروەردەی خێزان باش بێت، ئەوا کۆمەڵگەیەکی تەندروست دروست دەبێت. بەم شێوازانە خێزان دەتوانێت بەشدار بێت لە کەمکردنەوەی توندوتیژی:

- هۆشیارکردنەوەی تاکی خێزان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیارییان بە گرنگی و بایەخی نەهێشتنی توندوتیژی.

- دابەشکردنی بەرپرسیارێتی لەناو خێزان لە نێوان ژن و پیاو.
- ڕێزگرتن لە راوبۆچوونی یەکتری ئەگەر جیاوازیش بن، چونکە لە دوو ژینگەی جیاوازەوە هاتوون.
- ژینگەی فێرکاریی گونجاو و ئارام بۆ هەموو ئەندامانی خێزان فەراهەم بکرێت.
- هاندانی کچان و ژنانی خێزان بۆ خوێندن و چوونە خوێندنگە. هەمان بوار بە هەمان ئاست بۆ هەردوو رەگەز بڕەخسێنرێت.
- هاندانی کچان و ژنان بۆ خوێندنەوە و خۆپەروەردەکردن، بەتایبەت بۆ مەبەستی پەروەردەی (تەندروست)ی ئەندامانی خێزان.
- ڕێزگرتن لە داواکارییەکانی هەردوولا بەپێی توانا.

**چوارەم: ئەرکی دامەزراوەی فێرکردن و پەروەردە:**

فێرکردن، کۆڵەکەیەکی بنەڕەتییە بۆ گەیشتن بە یەکسانی و ڕێگری لە توندوتیژی دژ بە ژنان. بۆ ئەو مەبەستە، لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەوە دەتوانرێت کار بکرێت:
- ژینگەیەکی فێرکاریی گونجاو و ئارام بۆ هەموو خوێندکارەکان فەراهەم بکرێت.

- هاندانی خێزانەکان بۆ ناردنی کچەکانیان بۆ خوێندن و لابردنی کۆسپەکانی دابونەریتە نامۆکان کە دەڵێن خوێندن بۆ کچ نەخوازراوە.

- مامۆستا دەتوانێت رۆڵێکی گرنگ ببینێت لە چارەسەرکردنی هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەکی توندوتیژانە.

- راهێنانی خوێندکاران لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتری بەهێمنی و چارەسەرکردنی کێشەکانیان بە رێگەی ئاشتییانە. هەروەها وانەکانی ئاشتەوایی خوێندنگە بخرێتە بەرنامەی کاریان.

- راهێنانی خوێندکاران لەسەر هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و مانای هاوڕێیەتی و یەکترقبوڵکردن.

- فێرکردنی خوێندکاران بە مافەکانیان و ئەرکەکانیان و بەرپرسیارێتییان.

**پێنجەم: ئەرکی رێکخراوە حکومی، ناحکومی و نێودەوڵەتییەکان:**

رۆڵی ئەو رێکخراوانە، تەواوکارن بۆ رۆڵی دامەزراوەکان و لایەنەکانی تر و زۆر گرنگن، دەتوانن بەم هەنگاوانە بەشدار بن:

- تۆمارکردنی ئامارەکانی توندوتیژی و جۆرەکانی، کە وا دەکات زیاتر لە حاڵەتەکان تێبگەن.

- رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بۆ نموونە؛

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و ڕێککەوتننامەکانی، هاوکاریی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی وڵاتان بکەن هەم لە ڕووی دارایی، هەم لە ڕووی کردنەوەی خولی ڕاهێنان و پێگەیاندنی کادیری لێهاتوو لەو بوارەدا.

- دروستکردنی تۆڕ لە نێوان ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان بۆ هاوکاری و هەماهەنگی.

- بەدواداچوونی کەیسەکان و بڵاوکردنەوەی ئەزموونەکان.

- کردنەوەی خولی هۆشیاری بۆ هەردوو ڕەگەز، بەتایبەتیش لەو شوێنانەی کە دیاردەی توندوتیژیی باوە.

- هاندانی ژنان بۆ تۆمارکردنی سکاڵاکانیان هەرکات ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە.

- ڕێکخراوە حکومییەکان دەتوانن خولی تایبەت بۆ ژن و پیاو بکەنەوە پێش ئەوەی هاوسەرگیری بکەن.

- دابینکردنی شەڵتەرێک بۆ قوربانیانی توندوتیژی و دانانی هێڵی گەرمی تەلەفۆن بۆ پەیوەندی بەمەبەستی ڕێنیشاندان و ڕێنماییکردنیان.

- بەشداریکردن لەو ١٦ ڕۆژەی لە جیهاندا تەرخان کراوە بۆ دژایەتیکردنی توندوتیژی بە هەموو جۆرە چالاکییەک، هیچ نەبێت هانی دۆستانی

دژ بە توندوتیژی بدرێت بە دانانی دروشمی تایبەت بەو ساڵە و نووسینی بابەت.

**شەشەم: چارەسەرکردن لەناو ژینگەکانی کار:**

زۆر جار توندوتیژی دژ بە ژنان لە شوێنی کار روو دەدەن، کە بەم هەنگاوانە دەتوانرێت رووبەڕوویان ببینەوە:

- بەرنامەڕێژی بۆ هۆشیارکردنەوەی کارمەندان بە چۆنیەتی وەستانەوە دژی توندوتیژی و دەرەنجامەکانی.
- بوونی پلانی ئەمنی بەمەبەستی تۆمارکردنی سکالاکانی توندوتیژی، هەروەها چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان بەشێوەیەکی یاسایی.
- دەکرێت لە هەر شوێنێکی کار کۆمەڵێک رێنمایی دابنرێت بۆ سزادانی ئەو کارمەندانەی توندوتیژی بەکار دەهێنن.
- دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان کارمەندان لەسەر بنەمای رێزگرتن لە یەکتری، بەتایبەتیش لە نێوان هەردوو رەگەز.

٢٥

# جۆرەکانی توندوتیژی دژی ژنان

توندوتیژیی دژ بە کچان و ژنـان، یەکێکە لە گەورەترین و بڵاوترین پێشکاریی مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا، رۆژانە و بەردەوام چەند بارە دەبێتەوە.

بەپێی چەند ئامارێک، لە هەر سێ ژن ژنێک رووبـەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە. ئەم ئامارە جێی سـەرنـج راکـێـشـان و سـەرسـامـییـە، ئـەم توندوتیژییانە و جۆرەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخە نالەبارەی کۆمەڵگە تێیدا دەژی لە رووی سیاسی، ئـابـووری، کـۆمـەڵایـەتـی، کـولـتـووری، رۆشنبیری و تێگەیشتنی هەڵە لە ئایین و باری دەروونیی تاک و کەسایەتییان.

توندوتیژی دژی ژنان، ئەو کردەوانە دەگرێتەوە کە ئامانجیان زیانگەیاندنە بە ژن بەشێوەیەکی گشتی، هەم لە رووی جەستەییەوە، هەم لە رووی دەروونییەوە. هەندێک جار توندوتیژیی جەستەیی دەبێتە هۆی زامداربوونی مەترسیدار و رەنگە ببێتە هۆکارێک بۆ مـردن. کـەم ژن هەیە رووبـەڕووی توندوتیژی نەبووبێتەوە لـەلایـەن کەسێکەوە لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانی.

**جۆرەکانی توندوتیژی:**

**یەکەم: توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی (جێندەری):**

توندوتیژیی جێندەری، بەو کردەوە زیانبەخشانە دەوترێت لە دژی تاک، یاخود کۆمەڵێک لە ئەندامان لەسەر بنەمای جێندەری دەکرێن. ئەو جۆرە توندوتیژییە بەهۆی نایەکسانیی جێندەری و بەکارهێنانی دەسەڵاتی پیاوسالارییەوە روو دەدەن، هەروەها بەهۆی پێکهاتەی جەستەیی و توانای هێزەوە کاتێک ئەو توانا جەستەییە بەشێوەیەکی خراپ بەکار دەهێنرێت.

**دووەم: توندوتیژیی دەروونی و زاراوەیی:**

هەموو ئەو رەوشتە توندوتیژانە دەگرێتەوە کە زیان بە هەست و سۆز و باری دەروونیی ژنان دەگەیەنن و چەندین جۆر کێشە بەدوای خۆیاندا دەهێنن، لەوانە: کێشەی تەندروستی، کە هەندێک جار دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ژنان لە ناخیاندا خۆیان بەکەم بزانن. ئەم ئازارە دەروونییە، بە چەندین رێگە دروست دەکرێت، لەوانە: گومان لە رەوشتی ژنان، چاودێریی بەردەوامیان، بەکەمزانینیان، کەمکردنەوەی رێزگرتنیان، سووکایەتی،

گاڵتەپێکردن، قسەی نەشیاو و بێبەشکردنیان لە سەرچاوەکانی ئابووری.

**سێیەم: توندوتیژیی جەستەیی:**

ئەو کردەوانە دەگرێتەوە کە ئامانجی گەیاندنی زیانە بە جەستەی ژن. هەندێک جار دەبێتە هۆی زامداربوون و زامدارییەکەش رەنگە ببێتە هۆی مردن. بەپێی توێژینەوەیەکی تازە، بە رێژەی لە سەدا دە بۆ لە سەدا شەست (کە بەپێی ناوچە و کۆمەڵگەکان رێژەکە دەگۆڕێت)، ژنان لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانیاندا لەلایەن هاوژینەکانیانەوە رووبەڕووی توندوتیژیی جەستەیی دەبنەوە.

**چوارەم: توندوتیژیی ئابووری:**

لەو جۆرە توندوتیژییە باوانە ئەوەیە، ژن بێبەش دەکەن لەوەی پارەیەکی گونجاو لەبەردەستیدا بێت بۆ بژێوی و پێداویستییەکانی ژیانی، یاخود دەستبەسەرداگرتنی ئابوورییەکەی کە مافی خۆیەتی، لەلایەن پیاوانی خێزانەوە. بۆ نموونە؛ ئەو پارەیەی دەخرێتە بەر دەستی کوڕ لە خێزاندا، زۆر زیاترە لەو پارەیەی کە لەبەردەستی کچدایە، بە هەمان شێوە، ئەوەی لەبەر دەستی پیاودایە زۆر زیاترە لەوەی لەبەر دەستی ژندایە.

**پێنجەم: توندوتیژی بەرانبەر کەسە بەتەمەنەکان:**

کەسانی بەتەمەن ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، بەتایبەتیش ئەوانەی کە پێویستیان بە هاوکاریی جەستەیی، تەندروستی و ئابووری هەیە لەلایەن کەسە نزیکەکانیان، یاخود بەرپرسەکانیان لە دامەزراوەکانی خەڵوەتگەی پیری. ئەو جۆرە توندوتیژییە شێوازی جیاواز بەخۆوە دەبینێت، وەک: گوێنەدان بە دابینکردنی پێداویستییەکانیان، قسەی توند و ڕەق و نەشیاو، ڕێزلێنەگرتن، کە هەندێک جار دەگاتە وەدەرنانیان لە ماڵەکانی خۆیان، لەم ڕووەشەوە توندوتیژی دەرحەق بە ژنان زیاترە لە پیاوانی بەتەمەن.

**شەشەم: توندوتیژیی سیاسی:**

ئەم جۆرە لە توندوتیژی، دەرحەق بەو ژنانە دەکرێت کە دەیانەوێت لە بواری سیاسیدا کار بکەن، هەندێک جار ئەو ژنانەی لە بواری سیاسی و ئیداریدا کار دەکەن، ڕووبەڕووی چەند جۆرێک لە توندوتیژی دەبنەوە، وەک: توندوتیژیی جەستەیی، دەروونی، سێکسی و ڕێگەگرتن لە هەڵسان بە ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییان... زۆربەی جاریش ئەو کارە لەلایەن کەسە نزیکەکانیان، یاخود ڕکابەرەکانیانەوە دەکرێت.

**حەوتەم: توندوتیژی بەرانبەر بە ژنانی کەمەنەتەوایەتی و ئایینە جیاوازەکان:**

ئەم توندوتیژییە، زۆربەی جار لە کاتی شەڕ و داگیرکاریدا دەبینرێت، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ژنان دەبنە قوربانیی سەرەکیی بەهۆی فڕاندنیان، یاخود لاقەکردن وەک ئەوەی دەرحەق بە کچان و ژنانی ئێزیدییەکان کرا، یاخود ئەوانەی لە شەڕەکانی نێوان وڵاتان دەکرێت.

٢٦

# هۆکارەکانی توندوتیژی دژی ژنان

هۆکارەکانی توندوتیژی زۆرن، ئەمەی لێرەدا باسی دەکەین، ئەوانەن کە دەبنە هۆکار بۆ توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان، کە بریتین لە:

**یەکەم: هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان:**

پـێـوەرەکـانـی کـولـتـوور و دابـونـەریـتـە کۆمەڵایەتییەکان، بەهێزترین هۆکارن بۆ نایەکسانیی لە نێوان ژن و پیاو. بەپێی چەندین توێژینەوەی ئیتنۆگرافی (زانستی رەگەزناسی) و ئەنترۆپۆلۆژی (زانستی مرۆڤناسی)، لە هەندێک کۆمەڵگە لێدانی ژن و هاوسەر بەتایبەتی، کارێکی رەوایە، لە هەندێکیشیاندا بە پێویستی دەزانن.

هەندێک فاکتەر هـەن وا دەکـەن ژنـان ملکەچی پیاوان بن، وەک: مارەیی، بەمنداڵی بەشوودان، ژن بە ژن، بەکارهێنانی ژن وەک ئامڕازێک بۆ سولحکردن... لـەو حاڵەتانەشدا، شوێنێکی پارێزراو و شیاو بۆ ئەو جۆرە ژن و کچانە نییە کە بتوانێت تا رادەیەک ئاگاداری رەوشی ژیان و بوارەکەی خۆی بێت.

ناکۆکیی نێوان ژن و مێرد بەهۆی جیاوازی ئـەو ژینگەیەی لێوەی هـاتـوون، یاخود جیاوازیی لە بـۆچـوون و بـاوەڕەکـانـیـان، وا دەکـات کێشەی بەردەوامیان هەبێت و زۆر جاریش بە توندوتیژی کۆتایی دێت، هەروەها دەستتێوەردانی لایەنی سێیەم.

**دووەم: هۆکارە سیاسییەکان:**

ڕۆڵی دەوڵەت گرنگە لە سنووردانان بەهۆی یاساکان و بەدواداچوون و دادپەروەریی لە جێبەجێکردنی یاساکان، ئەو یاسایانەی لە بەرژەوەندیی ژندا نین، پشتیوانییەکن بۆ ژینگەی توندوتیژی، چونکە کەسە توندوتیژکان بەڵگە دەهێننەوە بەو یاسایانە و رزگاریان دەبێت لە تۆمەت و سزاکان. هەروەها ئەو یاسایانەش کە لە بەرژەوەندیی ژناندان، جێبەجێکردنیان وەکوو پێویست نییە.

**سێیەم: هۆکاری ئابووری:**

سەربەخۆیی ئابووری، ژن بەهێز دەکات و قبوڵی هەموو جۆرە توندوتیژییەک ناکات و ملکەچ نابێت. پشت بەستن بە پیاو لە رووی ئابوورییەوە بۆ بژێوی، وا لە ژن دەکات بەناچاری زۆرێک لە ئازارەکان قبوڵ بکات. کەمدەرامەتی و بێکاریی ژنان، هەندێک جار دەگەڕێتەوە بۆ نەخوێندەواری و نەبوونی هەلی کار، ئەگەر کارێکیش هەبێت، ئەوا زیاتر بۆ پیاوانە.

هەروەها بەشوودانی کچ پێش تەمەنی ١٨ ساڵ، یاخود بەشوودان لەژێر فشاردا، وا دەکات پیاو لە رووی دەسەڵاتی ئابوورییەوە زاڵتر بێت و ناچار نەبێت خواستەکانی گەنجێک فەراهەم بکات، یاخود گوێی ناداتێ.

لە لایەکی تریشەوە، نەبوونی و کەمدەرامەتی، پیاوان دەخاتە ژێر فشاری ژیان و دەبێتە هۆی ناجێگیریی باری دەروونیی، کوردوتەنی «کاسەی پڕ ئاشتیی ماڵە».

**چوارەم: هۆکاری دەروونی:**

بەهۆی تێکچوونی باری دەروونی، یاخود شلۆقی و ناجێگیریی کەسایەتی پیاو، زۆربەی جار پیاوێکی توندوتیژی لێ دەردەچێت و یەکەم رووبەڕووبوونەوەش خاڵە لاوازەکانی خێزانە، کە ژن و منداڵن و پشکی شێریان لەو توندوتیژییە بەردەکەوێت.

**پێکهاتەی کۆمەڵگە:**

کۆمەڵێک نەریت و بیروباوەڕ هەن کە تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەری پێک هاتوون و وردە وردە بەپێی سەردەم و کات بوون بە پێوەری کۆمەڵایەتی و رەگیان داکوتیوە. بەداخەوە، کە زۆربەیان نەرێنین و ئازاربەخشن، دەسەڵاتی پیاویان بەسەر ژندا سەپاندووە و هەر ئەو پێوەرانە وایان کردووە پیاوان لە ژنان گرنگتر بن، لەو حاڵەتەشدا توندوتیژی دەبێتە رەوشێکی گشتی و هیچ شەرمەزارییەکی تێدا نابێت، بەڵکوو بە ئازایەتیش لەقەڵەم دەدرێت.

**جگە لەو هۆکارانەی باسم کردن، چەندین هۆکاری دیکەش هەن، بۆ نموونە:**

- جاری وا هەیە ژنان خۆیان هۆکارن، چونکە بێدەنگ دەبن لە بەدەستهێنانی مافەکانیان و لە ترسی کۆمەڵگە بەگشتی و پیاو بەتایبەتی، ملکەچبوونیان بۆ پیاو بەلاوە پەسەندترە. هەندێک جاریش ژنان دەترسن لەوەی روو بکەنە دادگە و داوا تۆمار بکەن، چونکە باوەڕیان وایە دادگە و یاساکان پارێزگارییان لێ ناکەن، یاخود بەهۆی بوونی منداڵ و هەستی بەهێزی دایکایەتییەوە، بێدەنگی هەڵدەبژێرن لە بەرانبەر ئازاردانیان و پێشێلکردنی مافەکانیان.
- نەشارەزاییە لە یاساکان، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان، زۆرێک لە ژنان شارەزاییان دەربارەی یاساکان و مافەکانیان نییە و دوورەدەستن لە رێکخراوەکانی ژنانەوە، هەندێک جاریش باوەڕیان بە رێکخراوەکان نییە کە پشتیوانیکردنیان ئەرکی سەرەکییان بێت.
- رۆڵی نەرێنیی دامەزراوەکانی راگەیاندن، کە لە زۆر رووەوە هاندەرن بۆ توندوتیژی.
- نزمیی ئاستی خوێندەواریی لای هەردوولا (ژن، پیاو)، وا دەکات شارەزاییان بە ئەنجامەکانی توندوتیژی نەبێت و هەوڵی چارەسەری کێشەکانیان نەدەن بەشێوەیەکی هێمنانە و ئاشتییانە.

– ئەو ژینگە خێزانییەی کە ژن و پیاو لێوەی هاتوون. توندوتیژی خێزانی، توندوتیژی بەرهەم دەهێنێتەوە و نەوەی ناجێگیر و توندوتیژ دەخەوە.
– نەبوونی وانەی تایبەت لە خوێندنگەکان لەسەر توندوتیژی، ئەگەر هەشبن لە ئاستی پێویستدا نییە و پەروەردەیی نین.
– نەگونجانی ژن و پیاو و لێکتێنەگەیشتن لە کاتی پەیوەندییە تایبەتییەکانی لایەنی سۆزداری.
– مارەبڕین لە دەرەوەی دادگـە، کە ئێستا لە کوردستان ڕێژەکەی بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە...

٢٧

# ڕۆڵی میدیا
# لە توندوتیژی دژی ژناندا

توندوتیژی تەنیا دژ بە توێژێکی کۆمەڵ نییە، بەڵکوو دیاردەیەکی گشتییە و هۆکارەکانی (کولتوور، ئایین، سیستمی دەسەڵات، پەروەردە، خێزان...) ین و هەموویان کەم یان زۆر کاریگەرییان هەیە. توندوتیژی شێوازی جۆراوجۆر بەخۆوە دەبینێت، وەک: ئازاردانی جەستەیی، ئازاردانی دەروونی و رۆحی، گێچەڵی سێکسی، ئازادیی دەربڕین و نووسین، زاراوەیی، پشتگوێخستن، هەندێک جاریش تا رادەی کوشتن و لەناوبردن. خاڵی لاوازی ئەو جۆرە کۆمەڵگەیانە: ژنە، بۆیە پشکی شێری توندوتیژی بەردەکەوێت و نامرۆڤانەترین جۆری توندوتیژییە.

توێژەرە جیهانییەکان، زانکۆکان، رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ناحکومییەکان دەگەڕێن و توێژینەوە لەسەر رێژەی ئەو توندوتیژییانە و جۆرەکانی دەکەن لە رێگەی پسپۆڕەکانیانەوە، لە هەمووشیان خەمخۆرتر رێکخراوی تەندروستیی جیهانییە (WHO)، زانکۆی پزیشکیی لەندەن و ئەنجومەنی توێژینەوەی تەندروستی لە باشووری ئەفریقایە، کە توانایەکی زۆریان تەرخان کردووە بۆ بەدەستهێنانی راستیی ئەو رێژانە، بۆیان دەرکەوتووە کە:

- زیاتر لە ٣٥٪ ژنانی جیهان رووبەڕووی جۆرێک لە جۆرەکانی توندوتیژیی جەستەیی و سێکسی لەسەر دەستی یەکێک لە کەسە نزیکەکانیان دەبنەوە.

- لە ٣٠٪ رووبەڕووی توندوتیژیی جەستەیی لەسەر دەستی هاوژینەکانیان دەبنەوە.

- لە ٣٨٪ لە تاوانی کوشتنی ژنان، لەسەر دەستی ئەو پیاوانەن، کە خزمایەتی و نزیکایەتییان هەیە لەگەڵ قوربانییەکان.

- لە ٧٪ رووبەڕووی توندوتیژیی سێکسی دەبنەوە لەلایەن کەسانێکەوە کە هیچ پەیوەندییەکیان نییە.

بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردانە، وەک لە وتارەکانی پێشتر باسمان کردوون، ئەرکی هەموو لایەکە و یەکێک لە لایەنە گرنگەکانیش دامەزراوەی میدیاکانن. دامەزراوەکانی راگەیاندن، بەپێی ئایدۆلۆژیای دامەزراوەکان و بەرپرسیارێتییان، بۆ دوو جۆر پۆلێن دەکرێن؛ هەیانە رۆڵی نەرێنی دەبینن لە رێگەی بەرنامەکانیانەوە، وەک: دروستکردنی ئاژاوە، جەخت لەسەر دابونەریتە نەرێنییەکان، کە ئەمەش وا دەکات کۆمەڵگە لەگەڵ ئەو جۆرە باو و نەریتانە کۆک بن، بانگەوازی نەرێنی دەکات دژ بەو کەسانەی دژی نەریت و باون، بڵاوکردنەوەی هەندێک جۆری ریکلام، کە وەک مادەی هۆشبەر وان و ناتوانن خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکان بگونجێنن و

چەقبەستوون... رۆڵە ئەرێنییەکانیش، کە دامەزراوە و میدیاکان لە ڕێگەی بەرنامەکانیانەوە دەیبینن، بریتین لە: هەوڵی پەروەردە و فێرکاری، بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و زانیاری...

**تیۆرییەکانی کاریگەرییەکانی دامەزراوەکانی راگەیاندن ئەمانەن:**

- تیۆری کاریگەریی رەها، کە هەندێک جار پێی دەڵێن «تیۆری فیشەکی» و کاریگەریی وەک دەسەڵاتدارێک وایە.

- تیۆری کاریگەریی سنووردار.

- تیۆری کاریگەریی مامناوەندی، کە زۆربەیان لەژێر کاریگەریی دەروونیدان، ئەمانە لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی پێشوو بڵاو بوون.

- تیۆری کاریگەریی بەهێز، بەگشتیی رۆڵیان لەم گۆڕانکارییانەدا هەیە، لە هەڵوێست و بزاوت، زانیاری، هەست، داڕشتنەوەی واقیع، وروژانی هەستی کۆمەڵگە بۆ بابەتێک.

**دەزگاکانی راگەیاندن و توندوتیژیی خێزانی:**

رۆڵیان دوو لایەنەیە، لایەنی یەکەم، لایەنی خەیاڵییە: لە ڕێگەی زنجیرە دراماکان و فیلمەکانەوە، کە زۆربەیان ژنان بە نەرێنی وێنا دەکەن، یاخود

رۆڵێکی نەرێتیی باو، یاخود بەرخۆریی پێ دەدەن.

لایـەنـی دووەمـیـش، لایـەنـی واقیعییە: لـەوانـە بـڵاوکـردنـەوەی راپـۆرتـی بـاوەڕپـێـکـراو و فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکان، هەندێک جاریش بابەتەکان رووکەشن و نەچوونەتە ناو قووڵایی بابەتەکەوە، بـەڵام لەگەڵ ئـەوەش باسکردنیان ناچێتە لایەنی خراپەوە.

**ئەو هەنگاوانەی کە پێویستن دامەزراوەکانی راگەیاندن بیگرنە بەر:**

- دانانی ستراتیژێکی میدیایی گونجاو، کە لەگەڵ پێوەرەکانی رێککەوتننامە جیهانییەکان بگونجێت، کە عیراق واژووی لەسەر کردوون.

- پەیامە ئاراستەکراوەکان، شێوازی باوەڕپێکراو بێت و سەرچاوەدار بێت.

- دارشتنی بەرنامەی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەتی مافەکانی ژنان.

- کردنەوەی خولی تایبەت لە بوارەکانی مافەکان بۆ میدیاکارانیان.

- پشتیوانیی ئەو بەرنامانەی کە لە ناوەڕۆکدا یەکسانخوازن.

- چاککردنی تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ژنـان لە بەرنامەکاندا.

- پتەوکردنی پەیوەندی لە نێوان ڕێکخراوە ناحکومییەکانی تایبەت بە دژە توندوتیژی و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن.

- پەردەپۆشنەکردنی تاوانەکانی توندوتیژی بەهۆی دەسەڵاتدارانەوە.

- هەوڵ بدەن ئامارەکانی توندوتیژی بەدەست بهێنن و ڕاشکاوانە بڵاوی بکەنەوە.

- پێشکەشکردنی بەرنامەی تایبەت بە توندوتیژی و بانگهێشتنی پسپۆڕان لەوبارەیەوە.

- زیادکردنی ڕێژەی ژنی میدیاکاری پسپۆڕ لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا بەمەبەستی زاڵبوونی توانا بەسەر ڕواڵەتدا، هەروەها زیادکردنی ڕێژەی ژنان لە ناوەندی بڕیارەکانی دامەزراوەکاندا.

- هۆشیارکردنەوەی ڕۆژنامەوان و کارمەندی دامەزراوەکان و پەیامنێرەکان، بە یاساکانی مافی مرۆڤ و یاساکانی پەیوەست بە ڕاگەیاندن، بۆ ئەوەی نەکەونە هەڵەی یاساییەوە، چونکە بنکەیەکی فراوان لە هاوڵاتی ڕاگەیاندنەکان بە سەرچاوەیەکی سەرەکی دەزانن بۆ دەستکەوتنی هەواڵ و زانیاری.

## ٢٨

# سۆشیال میدیا،
# مۆتەکە تازەکەی ژنان

تۆڕەکانی پەیوەندی، سیستمێک یاخود چەند سیستمێکن تەواوکەری یەکترن بۆ پەیوەندییە گشتییەکان، لە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی، توندوتیژی شێوازێک و بەرگێکی تری بە بەردا کراوە، رووبەرێکی تازەتری پەیدا کردووە و کارئاسانی بۆ بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان کردووە، بە کلیکێک هەر رووداوێک لە زۆربەی شوێنەکان بڵاو دەبێتەوە. زۆربەی جار هەر توندوتیژییەک چ لەسەر شەقام و دەرەوە، یاخود لە ناو ماڵ و شوێنی کاردا روو بدات، گەورە دەکرێت و لە کۆمێنتەکاندا بێ ئەوەی کەسەکان هیچ زانیارییەکی قووڵیان لا بێت، بە باش و بە خراپ کۆمێنت دەنووسن، کە ئەوەش زۆربەی جار دەبێتە هۆکار بۆ تێکدانی باری دەروونی و کۆمەڵایەتیی تاکەکان لە هەموو روویەکەوە. هەندێک جار بە شێوازی ڤیدیۆیی بابەتێک بڵاو دەکرێتەوە و دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی نەک تاکە خێزانێک، بەڵکوو چەند خێزانێک و هەندێک جاریش دەبێتە هۆکاری زیادبوونی توندوتیژی تا رادەی کوشتن.

هەڕەشە، تۆقاندن، هەراسانکردن، تەشقەڵە، ناوزڕاندن... روویەکی تری بەکارهێنانی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتییە، کە بەشێکی بۆ پارەکێشانەوەیە و بەشێکی زۆریشی بەهۆی نزمیی ئاستی هۆشیاریی

تاکەوەیە. ئەم شێوازە تازەیە و زمانی تازەی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی، پێویستی بە چارەسەرکردنە و بە چەندین لایەنی تایبەتمەند دەکرێت ئەم جۆرە لە توندوتیژی کەم بکرێتەوە.

یەکێک لەو لایەنانەی دەتوانن لەو رووەوە رۆڵێکی سەرەکی و بەرچاو بگێڕێن، رۆژنامەنووسان و راگەیاندنکارەکانن، کە دەتوانن رۆڵی گرنگ ببینن و زانیاریی باوەڕپێکراو بڵاو بکەنەوە و نەکەونە بەرەی چەواشەکارانەوە، لە کارەکانیاندا شارەزایانە و بەرپرسانە مامەڵە بکەن و خۆیان بە بەرپرسیار بزانن بەرانبەر بە کۆمەڵگە. هەروەها دابونەریتە چەقبەستوو و نەخوازراوەکان رووماڵ بکەن. ئەگەر رۆژنامەوان و پەیامنێرەکان بەرپرسانە رەفتار نەکەن، ئەوا دەبنە هۆکارێکی تر بۆ زیادبوونی رادەی توندوتیژی.

هەروەها یاسا رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پاراستنی مافە مۆراڵی و کۆمەڵایەتییەکانی هاوڵاتی بۆ هەر زانیارییەک کە لە رێگەی چەناڵە جیاوازەکانی پەیوەندییە بەردەستەکانەوە دەستی دەکەوێت، هەر کەسێک لەو یاسایانە لا بدات سزا بدرێت بەپێی یاسا.

لە عیراق و کوردستان یاسا دانراوە بۆ ئەو جۆرە سەرپێچییانە، بەڵام زۆربەی کێشەکان ماوەیەکی زۆر دەخایەنن تا دادگە ئەنجام و وەڵامێکی دەبێت، ئەو

کەسەی جۆرێک لە جۆرەکانی توندوتیژیی بەرانبەر کرابێت؛ لە رووی کۆمەڵایەتییەوە سزای خۆی وەرگرتووە. رۆژانە لە دادگەکانی عیراق و هەرێمی کوردستان دەیان هاوڵاتی سکاڵا تۆمار دەکەن سەبارەت بە ناوزڕاندن بەهۆی خراپ بەکارهێنانی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتییەوە.

یاسای سزادانی عیراقی لە مادەکانی ٤٣٣، ٤٣٤، ٤٣٨ و ٣٦٣دا، کە باس لە ناوزڕاندن و ستەم دەکات بەهۆی خراپ بەکارهێنانی تۆڕەکانی پەیوەندی، سزاکەی بە زیندانیکردن بۆ ماوەی (١ – ٥) ساڵ دیاری کردووە. لەگەڵ ئەوەی ئەو سزایانەش هەن، بەڵام یاساکە پێویستی بە هەموار و چاککردن هەیە، چونکە کاتێک ئەو یاسایە لە ساڵی ١٩٦٩ دارێژراوە، تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی بوونیان نەبووە، بۆیە دەبێت هەردوو مادەی ٤٣٣ و ٤٣٤ لە یاسای سزاکان هەموار بکرێنەوە بەجۆرێک لەگەڵ سەردەم و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای ئێستا بگونجێن، چونکە ئێستا ئەوەندەی تۆڕەکانی: فەیسبووک، تویتەر و ئینستگرام... بەردەستە و بە ئاستێکی بەرفراوان بەکار دەهێنرێن، ئەوەندە رۆژنامە و چاپکراوەکان بەکار ناهێنرێن.

لە هەرێمی کوردستانیش لە ساڵی ٢٠٠٨ پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە ٦ی ساڵی

٢٠٠٨ تایبەت بە قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردنی دەکرد و لە مادەی ٢ی یاساکەدا سزای دیاری کردووە بۆ ئەو کەسانەی کە مۆبایل، یان ئامێرێکی پەیوەندیکردن، یان ئینتەرنێت، یان پۆستی ئەلکترۆنی بەکار دەهێنن بۆ هەڕەشەکردن، یان تۆمەت هەڵبەستن، یان جنێودان، یان بڵاوکردنەوەی هەواڵی هەڵبەستراو کە ترس بڵاو بکاتەوە، یان دزەپێکردنی گفتوگۆکردن، یان وێنەی چەسپاو و جووڵاو، یان کورتەنامەی بڵاو کردەوە کە لەگەڵ خوڕەوشتی گشتیدا ناگونجێ، یان بەبێ رووخسەت و مۆڵەت وێنەی گرت، یان کارێکی وا کە شەرەف بریندار بکات، یان هانی ئەنجامدانی تاوان یان کاری بەدڕەوشتی بدات، یان زانیاریی نهێنی پەیوەست بە ژیانی تایبەت یان خێزانیی بۆ تاکەکان بڵاو بکاتەوە... ئەوا بۆ ماوەیەک بەند دەکرێت کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵیش زیاتر نەبێت، بە غرامەیەکیش سزا دەدرێت کە لە یەک ملیۆن کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆنیش زیاتر نەبێت، یان یەکێک لەو دوو سزایە دەدرێت.

هەرچەندە لە هەرێمی کوردستان ئەم یاسایە بەرکارە و رۆژانە لە دادگەکان چەندین دۆسیەی پێ تۆمار دەکرێت، بەڵام هێشتا ئەم یاسایەش پێویستی بە توێژینەوە و هەموار هەیە.

سنووردارکردن و کەمکردنەوەی ئەو سەرپێچی و تاوانانەی بەهۆی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتییەوە روو دەدەن، تەنیا بە یاسا و دادگەکان ناکرێت، بەڵکوو پێویستی بە پەروەدە و هۆشیاریی تاک هەیە و دەبێت بەشێوەیەکی بەرنامەبۆداڕێژراو لەو رووەوە کاری لەسەر بکرێت، هۆشیاریی تاک بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو تۆڕانە زۆر گرنگە.

لە لایەکی ترەوە ئەرکی دامەزراوەکانی پەروەردە و فێرکردنە کە منداڵ و گەنج فێری چۆنیەتی بەکارهێنانی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی بکەن، بەجۆرێک رەچاوی ئەخلاق و رەوشتی کۆمەڵایەتی بکەن و ئەو تۆڕانە بۆ زانست و سوودوەرگرتن بەکار بهێنن، نەک بۆ زیانگەیاندن بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و داڕووخاندنی کۆمەڵگە.

٢٩

# کار، کلیلی چارەسەری زۆرێک لە کێشەکانی ژنان

کار، بابەتێکی سەرەکییە لە ژیانی مرۆڤدا و بە ئامانجەکانی ژیانەوە بەستراوەتەوە؛ جا چ بۆ ژن بێت، یاخود بۆ پیاو، هەمان پایە و گرنگیی هەیە.

گۆڕانکاریی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ستایلی ژیان، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، ئەو کێشانەی رۆژانە رووبەڕووی تاک و کۆمەڵگە دەبێتەوە، پێداویستییە تایبەتی و گشتییەکان، جا لەسەر ئاستی تاک بێت، یاخود خێزان و کۆمەڵگە، وایان کردووە پێویستی بە داهاتی زیاتر بێت. ئەوەی ئێستا پێویستە بۆ دابینکردنی ئەو هەموو داواکارییانە، چەندین ئەوەندەی چەند دەیەیەکی پێشترە، بۆیە ئێستا زۆر زیاتر لە جاران پێویستە ژنان بچنە بوارەکانی کارەوە لە دەرەوەی ماڵ.

کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ، هاوکارە بۆ باشترکردنی ئاستی دارایی و دۆخی کۆمەڵایەتی خێزانەکەی، بەتایبەتییش ئەگەر بتوانێت هاوسەنگیی نێوان کاری دەرەوە و کاری ناوماڵ رابگرێت، بۆ پیاوانیش هەمان شتە.

ئابووریی سەربەخۆی ژن، بایەخ و گرنگیی زۆری هەیە لەسەر ئاستی: خێزان و کۆمەڵ، تاک و خودی کەسەکە، شوێنی کار، هەروەها زۆر گرنگە لە کاتی رووداني هەر رووداوێکی نەخوازراو کە

رووبەڕووی خێزان دەبێتەوە، بەتایبەتییش کاتێک ژن دایکێکی تەنیایە، نموونەش لەسەر ئەمە زۆرە.

گرنگیی کار بۆ خودی ژن، لە چەند روویەکەوەیە: زیاتر ریز لە خۆی دەگرێت، هەست بە بوونی خۆی و ئازادیی دەروونی و ئابووری دەکات، هەوڵی فێربوون و پەیداکردنی ئەزموون دەدات، باشتر زاڵ دەبێت بەسەر جیاوازییە چینایەتییەکان و ئەو بۆشاییەی لە نێوان ژن و پیاودا هەیە، پشت بەخۆی دەبەستێت بۆ دابینکردنی پێداویستییە تایبەتییەکانی... بۆ کۆمەڵگەش، لە چەندین رووەوە سوودی هەیە: دەبێتە هۆی گەشەی ئابووریی کۆمەڵگە، بەرزکردنەوەی ئاستی بژێویی خێزان و تاک، هاوکاریی لە وەبەرهێنان و جۆرایەتی کارە ئابوورییەکان، بووژانەوەی بواری بازرگانی و پیشەسازی، هەروەها دەبێتە هۆی دامەزراندنی ژنان لە بوارەکانی تری کاردا و باوەڕی کۆمەڵگە بە لای خۆیاندا رادەکێشن، بەتایبەتی ئەگەر لە کارەکەدا سەرکەوتوو بن، بەپێی هەندێک لێکۆڵینەوەش، لە شوێنی کار داهێنانی تازەتر پەیدا دەبێت. دەرکەوتووە لەو دامەزراوانەی هەردوو رەگەزی تێدایە، داهاتیان زیاترە لەوانەی تەنیا یەک رەگەزیان تێدایە، هەروەها بە رۆحیەتی تیم کار دەکەن و لە هەمان کاتیشدا پێشبڕکێ زیاترە.

ژن، ئەندامێکی کۆمەڵگەیە، بۆیە دەبێت بەرپرسیاریەتی لە ئیدارەدانی کۆمەڵ لە هەموو دامەزراوەکان و بوارە ئابوورییەکاندا وەربگرێت، دەنا نیوەی وزەی کۆمەڵگە بەفیڕۆ دەچێت.

لەگەڵ ئەو هەموو بایەخەی لەم سەردەمەدا بۆ کارکردنی ژن هەیە، بەڵام هێشتا سەدان کۆسپ و تەگەرە دێنە پێشیان. پەیوەندیی ئابووری و کولتوورە نەریتییەکان ئاڵۆزە، راستەهێڵێک نییە لە نێوان کۆمەڵگەیەکی نەریتی و کۆمەڵگەیەکی شارستانی. ئەوەی پەیوەندی بە کاری ژنەوە هەیە، کۆسپ و رێگرییەکان هەمەچەشن و زۆرن، باوترینیان: کەمیی رۆشنبیری و نزمیی ئاستی هۆشیاری، زیندووکردنەوەی بەردەوامی کولتوور و دابونەریتی دواکەوتوو، دەمارگیریی ئایینی و تێکەڵبوونی دەسەڵاتی نێرسالاری بە ئایینەکان بەگشتی، ئەو تێڕوانینە مێژووییەی کە بۆ مێ هەیە وەک تاکێکی پاسیڤ و لەقاڵبدانی ئەرکەکەی وەک ژنێک بۆ بەڕێوەبردنی ماڵ و وەک دایکێک بۆ بەخێوکردنی منداڵ...

هەندێک جۆری کار هەن بە لای کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکانەوە بە کاری ژن دانانرێن بە بیانووی هەندێک هۆکار، لەوانە: بەهێزیی هەستی سۆزداریی لای ژن، باری دەروونی و جەستەیی،

ئاستی ڕۆشنبیری و ئاستی زانیاری دەربارەی کار، نەبوونی توانای گونجاندنی کاری ناوماڵ و کاری دەرەوە، بایەخی سەلامەتی و ئەمنیی لە جۆری کارەکەدا، هەر بۆیە دەبینین بە ڕێژەیەکی بەرچاو ژن ڕوو دەکەنە پیشەی مامۆستایەتی و پەرستاری و کاری فەرمانبەری لە دامەزراوەکاندا، هەرچەندە کەمێک گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام هێشتا ئەو ڕوانگەیە هەر باوە. زۆر کەم ژن لە بواری وەبەرهێنان، سەرمایەگوزاری، پۆستە سەربازییەکاندا هەن و لە ناوەندەکانی بڕیاریشدا لە دامەزراوەکانی دەوڵەت، ڕێژەیان زۆر لە ئاستی پێویست کەمترە. ئەمە جگە لە سەپاندنی ئیرادەی ئابووری و دەسەڵاتی نێرسالاریی بەشێوەیەکی گشتی.

لە بنەڕەتدا بەکەم سەیرکردنی کاری ژنان و ڕێگری لێ کردنیان، لەبەر ئەم هۆکارانەیە:

– نەوەک کارکردن و ئازادیی ئابووریی ژن ببێت بە نەریت و جێگەی نەریتە کۆنە نەخوازراوەکان بگرێتەوە، کە ئەمەش دەسەڵاتی ڕەهای نێر دەخاتە مەترسییەوە.

– لە ترسی دروستبوونی پێشبڕکێ و جێگرەوەی دەسەڵاتەکان.

– لە ترسی ئەوەی ژنان نەبن بە خاوەنی ڕا و بڕیاری خۆیان.

لە هەموو حاڵەتێکدا سەردەم سەردەمی گۆڕانکارییە، ژن دەبێت پێگەی خۆی هەبێت و خودی خۆشی دەبێت تواناکانی بەرز بکاتەوە و هاندەری خۆی بێت، زاڵ بێت بەسەر کۆسپەکاندا و سەرکەوتوو بێت، تا ببێتە نموونە بۆ ژنانی تر و بۆ کۆمەڵگە. لە لایەکی تریشەوە، بە گفتوگۆ کێشە خێزانییەکانیان بەهۆی کارەوە چارەسەر بکەن و لێکتێگەیشتن دروست بکەن.

۳۰

# چەمكی جێندەر...!

ماوەیەکە چەمکی جێندەر لەلایەن هەندێک کەسەوە کەوتووەتە بەر باس و تانە لێدان و شیکردنەوە و لێکدانەوەی جیاواز، بە مەبەست بێت یان بێ مەبەست، لە مانا سەرەکییەکەی دوور دەخرێتەوە و بۆچوون و لێکدانەوەی ناڕاستی لەبارەوە دەخرێتە روو.

رێکخراوەکانی تایبەت بە پرسی ژنان دوو چەمکی سەرەکی بەکار دەهێنن: رەگەز و جێندەر.

رەگەز؛ ئەو نیشانە بایۆلۆژی و فسیۆلۆژییانەن کە بەهۆیانەوە نێر و مێ لە یەک جیا دەکرێنەوە لە رووی جەستەییەوە.

جێندەر؛ ئەو وێنا و روانگانەن کۆمەڵگە یەک بە دوای یەکەکانی مێژوو لەگەڵ خۆیان هێناویانە و رەگیان داکوتاوە لە ناو کولتوور و دابونەریتە کۆمەلایەتییەکاندا، نابایۆلۆژین و مێیان لە نێر جیا کردووەتەوە. پێوەرەکانی جێندەر، دیدی باوی کۆمەڵگەن دەربارەی ئەوەی نێر و مێ چۆن هەڵسوکەوت بکەن و بە شێوەی جیاواز دەر بکەون، بۆ نموونە؛ پیاو نابێت بگری، ژنیش دەبێت ئارایشت بکات و لاواز دەر بکەوێت.

دابەشکردنی رۆڵ بەپێی جێندەر، کۆمەڵێک جیاکاری لە بەرپرسیارێتی کۆمەڵگە لە نێر و مێ داوا دەکات، بۆ نموونە؛ دەبێت ژن کاری ناوماڵ بکات و

ئاگاداری منداڵ بێت، پیاویش لێپرسراو و بەخێوکەر. هەندێک خەسڵەتی بچووکیش هەن، زیادەڕەوییان تێدا کراوە، بۆ نموونە؛ ژن بە قسەوباسە، پیاوان لە ماتماتیکدا زیرەکترن لە ژنان...

ئەو بابەتانە بەیەکەوە بەستراون و پاڵپشتن بۆ جیاکاریی نێوان نێر و مێ، بۆیە دەبێت چارەسەر بکرێن؛ پێوەرەکان و ڕۆڵەکان و شێوازە باوەکان بگۆڕدرێن کە بوونەتە ڕێگر لە بەرانبەر هەر کەسێک کە دەیەوێت ئامانجەکانی بەدەست بهێنێت.

یەکسانیی جێندەری، باوەڕکردن و مامەڵەکردنە، هەموو لایەک یەکسانن سەرەڕای جیاوازیی لەسەر بنەمای ڕەگەز، یەکێکیشە لە ئامانجەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها مەرجی پێشوەختەیە بۆ گەشەی بەردەوامی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ.

ئەو جیاوازییە زۆرە نابایۆلۆژییانەی لە نێوان نێر و مێدا دروست بوون، بەهۆی فاکتەرەکانی: ئایین، دەسەڵات، ڕۆشنبیری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەوەن و بەپێی قۆناغەکانی مێژوو دروست بوون. کاتێک دەسەڵاتی ئابووریی زیاتر لە دەستی پیاودا بووە، هۆکارە ئابوورییەکان وایان کردووە بڕیار و خواستەکانیش بە ویستی ئەوان بێت.

لەم سەردەمەی ئێستاماندا، بەهۆی کۆمەڵێک گۆڕانکاری ئابووری و تەکنەلۆژی و پێشکەوتنێکی جیاواز لە سەردەمانی پێشوو، رۆژ بە رۆژ ژیان بەرەو ئاڵۆزیی زیاتر و جیاوازتر لە جاران دەڕوات، بۆیە کۆسپەکان لە هەر بوارێکدا رێگر بن لەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییانە، دەبێت هەوڵی لابردنیان بدرێت.

لە مادەی پێنجەمی پەیمانی سیداودا بەوردی ئاماژە بەوە کراوە، کە شێوازەکانی کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری و کولتووری بۆ رۆڵی هەریەکە لە پیاو و ژن بگۆڕدرێن، بە ئامانجی گەیشتن و زاڵبوون بەسەر جیاکارییە نەریتییە باوە نەخوازراوەکاندا. داڕشتنەوە و رێکخستنەوەی جیاوازییەکانی نێوان نێر و مێ و رۆڵە کۆمەڵایەتییەکانیان، ئامانجی رێکخراوەکانی لای ئێمە و پێناسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانیەتی، عیراق بە کوردستانیشەوە واژوویان لەسەر کردوون و دوورن لە باسکردنی هاوڕەگەزبازی. راستە هەندێک رێکخراوی رۆژئاوایی باس لە هاوڕەگەزبازی دەکەن، تەنانەت رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەوڵ دەدات مافەکانیان پارێزراو بێت، چونکە لەلایەن هەندێک وڵاتەوە یاسای توند لە دژیان دادەنرێت. مەبەستیانە

ئەو توندڕەوییانە لاببرێن و وەک مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، کە بەپێی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ: هەموو مرۆڤێک بێ جیاوازی، مافی ژیانی هەیە.

تا ئێستا ٧٤ وڵات واژوویان لەسەر هیچ یەکێک لەو بابەتانە نەکردووە و عیراقیش یەکێکە لەو وڵاتانە، بۆیە مەترسی چییە ئەگەر جێندەر بە واتاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکار بهێنرێت. لە لایەکی ترەوە، هەموو ئەو ڕێکخراوانەی مافەکانی ژنان لە عیراق و کوردستان هەن، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆییان، مۆڵەتیان وەرگرتووە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دوورن لە باسکردنی هاوڕەگەزبازی، بۆیە تۆمەت خستنە پاڵ ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستان و عیراق، ناحەقییە بەرانبەر کار و چالاکییەکانیان.

ئەوەی لای هەموان مەبەستە، لابردنی نایەکسانی و توندوتیژی و بەدەستهێنانی مافەکانە. تازە ئەو چەمکانە هاتوونەتە ناو کۆمەڵگەوە، هەر بۆیە باشتر وایە بە هەموو لایەک هەوڵ بدرێت مانا ڕاستییەکەیان بۆ خەڵک روون بکرێتەوە و بە لاڕێدا نەبرێن و بابەتی تریان پێ نەورووژێنرێت.

# ٣١

# پەروەردە و دادپەروەریی خێزانی

زۆرێـــک لـه تـیـۆر و ڕەوتـــی مێـگـەرایـی هـەن پێیان وایـە نابێت دەستکاریی تایبەتمەندییەکان بکرێت، ئەویش بە بیانووی تایبەتمەندێتیی نەریتە باوەکان، بۆ نموونە؛ کاروباری ناو خێزان. خێزان؛ هەستیارترین یەکەی کۆمەڵایەتییە، ڕەنگە هەندێک بابەت هەبن کە زۆر تایبەت بن، بەڵام لەناو خێزاندا دەسەڵات هەیە و پەیڕەو دەکرێت، بۆیە ناکرێت ژیانی خێزانی و تاکەکانی لە دەرەوەی بازنەی داواکارییە دادپەروەرییەکان بن، لەبەر ئەوەی دادپەروەری لە پێگەی یەکەمی مانای پەیوەندییەکانی دەسەڵاتە. بۆ نموونە؛ ئەگەر ژیانی خێزانیی دەرفەت بداتە پیاو لە ژنەکەی بدات بێ ئـەوەی لە سزا بترسێت بەهۆی جیاوازیی دەسەڵات لە نێوانیان، ئەمە دەبێتە زۆرداری و سەرکوتکردن بەرانبەر بە ژن، بۆیە دەبێت بێدەنگ نەبێت لە ئاست ئەو زوڵمەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە. هاوسەرگیری مانای وازهێنان نییە لە مافەکانی هاوڵاتیبوون، چونکە ئەو مافانە بنەڕەتین و لەگەڵ لەدایکبوونی خودی مرۆڤ دروست دەبن؛ دەبێت مافەکانی ژن و منداڵیش فەراهەم بکرێن وەک چۆن مافەکانی پیاو پارێزراون و بۆ هیچ لایەکیان نییە دەستکاری بکەن.

لـە لایـەکی تـریشـەوە، خـێزان بـەهـۆی هەندێک بڕیاری سیاسی، ئایینی و کولتوورییەوە دەوڵەت

بۆی نییە ژیانی خێزانی لە بوارە تایبەتەکان دەستکاری بکات و دەست لە کاروباریان وەر بدات. ئەمە بۆچوونێکە، بەڵکوو لەسەر دەوڵەتە کۆمەڵێک یاسا و ڕێکار بگرێتە بەر و زۆر مەرج دابنێت بۆ ئەوەی ناهەقی نەکرێت و مافی یەکتری بپارێزن، وەک: مافی خاوەندارێتی (الملکیة)، قەدەغەکردنی بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ چەوساندنەوە، فرەژنی، تەڵاق و جیابوونەوە، بەخێوکردن و سەرپەرشتیی منداڵ لەکاتی جیابوونەوە...

ڕەگی گەشەی کۆمەڵایەتی، لە نێو ژیانی خێزانیدایە، هەر بۆیە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەبێت لەناو خێزانەکانیشدا ڕەچاو بکرێت. نادادییەکی زۆر پەیڕەو دەکرێن لە بەشێکی زۆری خێزانەکانی ڕۆژهەڵاتدا، کە هەر لە سەرەتای لەدایکبوونی منداڵەوە ئەو جیاکارییانە بەدی دەکرێن، جیاوازی لە نێوان کوڕ و کچ دەکرێت و نزای بوونی کوڕ بۆ دایک و باوک دەکرێت، هەروەها دەسەڵاتی کوڕ بە سەر کچدا بە دەرفەت دەزانن و لە خۆشەویستی و بایەخ پێداندا پشکی شێر بەر کوڕ دەکەوێت و هەر لە منداڵییەوە پاراستنی شەرەف دەخرێتە ئەستۆی ئەوان، کچانیش دەبنە پێوەرەکانی شەرەف و دەبێت هێڵی سوور بپارێزن، خۆ ئەگەر کچان لەو هێڵە سوورە لا بدەن؛ ئەوا سزاکەی زۆر قورس دەکەوێتەوە تا ڕادەی

کوشتن. ئەمانە و سەدان بەیتوبالۆرەی کوردی و رۆژهەڵاتی، کچ کەمبەها دەکەن و کوڕانیش گەورە و سەردار. ئەو جیاکارییانە کاریگەری لەسەر کەسایەتی تاکەکان دەبێت و تا رادەیەکی زۆر کچان کەمباوەڕ و لاوازتر دەبن و جیاوازیی لە دروستبوونی کەسایەتییەکانیاندا دەبێت، بۆیە زۆر پێویستە دادی کۆمەڵایەتی لەناو خێزاندا پەیڕەو بکرێت بۆ ئەوەی کەسایەتی سەرکەوتوو باوەڕبەخۆبوو لەناو هەردوو رەگەزەکەدا پێ بگەیەنین، کە ئەوەش بە سوودی کۆمەڵگە دەشکێتەوە. رەنگە کارێکی ئاسان نەبێت بتوانین بەشێوەیەک پراکتیکی پەروەردەی خێزانی بخەینە چوارچێوەی دادپەروەرییەوە، بەڵام پێویستە و ئەنجامەکەشی بە باشی دەگەڕێتەوە بۆ سەر خێزان و کۆمەڵگەکەش.

لایەنێکی تری نادادیی ناو خێزان، دابەشکردنی کارە لەناو زۆربەی خێزانەکاندا، ئەو جۆرە دابەشکردنە باوەی لای ئێمە هەیە، بەربەستی دەروونیی و کرداریی لای ژن دروست دەکات. خێزان کاریگەری گرنگی هەیە بۆ دروستکردنی رۆڵی کەسایەتی کۆمەڵایەتی. ئەرکەکان لەناو خێزان لەسەر بنەمای رەگەز دابەش دەکرێن؛ ژن بەرپرسیاریەتی کاری ناوماڵ و بەخێوکردنی منداڵ دەخرێتە ئەستۆی، هەروەها کچانی ناو

ماڵیش بێ بەرانبەر و لەگەڵ ئەوەی هیچ دارایییەکی سەربەخۆیان نییە، خزمەتکردنی پیاوان و کوڕانی ماڵەکەیان لە ئەستۆدایە. ئەو جۆرە دابەشکردنە و ماندووبوونێکی زۆری بێبەرانبەر، راستەوخۆ کاریگەریی دەروونــی لـەسـەر زۆربــەی ژنـان بە نەرێنی جێ دەهێڵێت و هەست بە چەوسانەوە و کۆیلایەتی دەکـەن، بـەڵام ئەگەر دادپــەروەری لەو بـوارەدا رەچاو بکرێت، هــەردوولا هاوبەش بن لە بەرپرسیاریەتی، ئەوا خێزانەکە خێزانێکی تەندروستە و تاکەکانی سروشتییانە گەورە دەبن و دادپەروەرتر و بەسوودترن بۆ دوارۆژ و کۆمەڵگەکەیان. ژنان دەتـوانـن کـاری دەرەوەی ماڵیش بکەن و ببن بە سەرچاوەیەکی دارایی بۆ خۆشیان و بۆ خێزانیش. بۆ ئەو مەبەستە، دەکرێت دەوڵەت بە شێوەیەک لە شێوەکان لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا مەرجێک دابنێت بۆ ئەوەی هەردوو رەگەز بەرپرسیاریەتییان هاوبەش بێت لە هەموو بوارەکانی بەڕێوەبردنی خێزاندا و رێگر نەبن لە یەکتر.

بەو پێیە، دادی کۆمەڵایەتی و دادپەروەریی ناو خێزان زۆر گرنگە بۆ دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی تەندروست، کە تێیدا ژن و پیاو هەست بە ئارامی بکەن لە چوارچێوەی خێزاندا.

## ٣٢

# بۆ بەدیهێنانی مافەکان، زەمینەسازی لە کارکردن گرنگترە

پرسی ژن و مافەکانی، یەکێکە لە گرنگترین بابەت و پرسەکانی سەردەم. ئەم پرسە تا ئێستا قسە و باسی زۆرێک لە کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسی و رۆشنبیرییەکان و هۆڵەکانی دامەزراوە و رێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ و مافی ژنانە، زۆربەی ئەو گفتوگۆیانەش لەبارەی دروشم و چۆنیەتی نەهێشتنی نایەکسانی و بەدەستهێنانی مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ژنانە، هەروەها هەوڵی چاککردنی یاساکانە بۆ بەدەسهێنانی ئەو مافانە. ئەم باس و چالاکییانە بەپێی رەوتە جیاوازەکان دەگۆڕێن، ئەوەش راستە کە هەندێک لایەن هەن دروشمی سواو بەکار دەهێنن بێ ئەوەی کاری جدیی لەسەر بکەن.

پێش ئەوەی بچینە سەر باسی ژنی کورد و رێکخراوەکانی، کە لە نێو ئەو هەموو جەنجاڵی و رەوتە جیاوازە هاوردەکراوانە چۆن پێگەی خۆیان بدۆزنەوە بەمەبەستی پیادەکردنی بەرنامەیەکی هەمەلایەنە بۆ لابردنی ئەو نادادپەروەرییانەی دەرهەق بە ژنی کورد دەکرێن، هەروەها چۆن بتوانن تیۆرییەکی تایبەت و گونجاو بە ناوچە و کۆمەڵگەکەیان بنیات بنێن و کاری لەسەر بکەن؛ با باسی کورتەیەک لە مێژووی ژنانی وڵاتانی رۆژئاوا بکەین، کە چەندین قۆناغ و دۆخی

سەختیان بڕیوە تا گەیشتوونەتە ئەم دەستکەوتانە، چەندین تیۆر و چالاکیی جیاوازیان گرتووەتە بەر کە زۆر جیاوازییان هەیە بەپێی قۆناغەکانی مێژوو و کولتوور و دابونەریتیان، پاشان هەوڵیان داوە بیرۆکەکان هەناردەی ناوچە جیاوازەکانی دنیا بکەن لەو روانگەیەی ژنان لە هەموو جیهاندا چەوساوەن و پێویستە ئازادیی بەدەست بهێنن، بەڵام ئەو تیۆر و پەیڕەوە هەناردانە دەبێت بخرێنە چوارچێوە و قاڵبێک کە لەو کۆمەڵگەیەدا قابیلی جێبەجێکردن بن و رێگرییان لێ نەکرێت، وردە و وردە و هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشەوە ببرێن. ئەوانەی جێبەجێکاری بەرنامەکانی بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان، دەبێت سەرەتا ئامادەسازی لەسەر ئاستی پەروەردە و رۆشنبیریی تاک و کۆمەڵگە بکەن بۆ ئەوەی ئامادە بن لەگەڵ ئەو رەوتە نوێیەدا رێ بکەن. بەداخەوە، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا «مێشێک دەکەن بە گایەک» و بێ ئەوەی باش بچنە ناو قووڵایی بابەتەکەوە؛ دەکەونە دژایەتیکردنی.

مێژووی چەوساندنەوەی ژنان لە وڵاتانی رۆژئاوا، چەندین قۆناغی جیاوازی بڕیوە تا گەیشتوونەتە ئەم سەردەمەی زۆرێک لە مافەکانیان بەدەست هێناوە، بۆ نموونە:

- له ساڵی ١٨٠٤ یاسایەکی شارستانی دەرچوو پێی دەوترا یاسای ناپلیۆن، بڕگەیەکی تێدا بوو دەڵێت: ژن دەدرێت بە پیاو بەمەبەستی منداڵبوون، ژن یەکێکە لە موڵکیەتی پیاو.

- لە سویسرا، کە ئێستا یەکێکە لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی مافەکانی مرۆڤ، تا ساڵی ١٩٧١ ژن مافی دەنگدانی نەبوو.

- لە شۆڕشی فەرەنسیدا، کە بە هێمای نەهێشتنی کۆیلایەتی و چینایەتی دادەنرێت، ژنیان وەک بوونەوەرێک بە ئاژەڵ بەراورد کردووە. ئۆلیمپ دوگوژ؛ نووسەری شانۆ، شۆڕشگێڕ، ڕۆژنامەنووس، چالاکوانی سیاسی و داکۆکیکەر لە مافەکانی ژن و هاوڵاتیبوون و یەکسانیی لەگەڵ پیاودا، لە ٣ی تشرینی دووەمی ١٧٩٣ تەمەنی ٤٥ ساڵیدا، لە سەردەمی حکومەتی توندڕەوی شۆڕشدا سزای سەرپەڕاندنیان بە مەقسەلە بەسەردا سەپاند پاش بڵاوکردنەوەی بانگەوازە تایبەتەکەی سەبارەت بە نایەکسانی و جیاوازیی نێوان ژن و پیاو و ئەو هێرشانەی لە نووسینەکانیدا دەیکردە سەر حکومەتی شۆڕش.

بۆیە مێگەرایی مێژووی ژن نییە بەتەنیا، بەڵکوو مێژووی مرۆڤە شۆڕشگێڕەکانە کە وەرچەرخانیان لە مێژووی جیهاندا کردووە.

یەک تیۆری سەرتاسەری و گشتگیر نییە بۆ سەرجەم ڕەوتەکان و چالاکوانەکانی مێگەرایی، بەڵکوو تیۆر و ڕەوتی تێکۆشانی جۆراوجۆر هەبوون و هەن کە نایەکسانیی نێوان ژن و پیاویان لە کۆمەڵگەدا خستووەتە ژێر پرسیارەوە.

مێگەرایی پرۆژەیە، پەیوەندی بە بۆچوونی سەردەمەکەیەوە هەیە، وەک هەر بیرۆکە و ئایدۆلۆژیایەکی تر شوێن و کات و دۆخی کۆمەڵگە کاریگەریی خۆیان هەیە لەسەری، بۆیە باشتر وایە هەر ناوچەیە و بەپێی هەڵکەوتە و ئاستی ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی، تیۆری تایبەت بە خۆی هەبێت بەسوودوەرگرتن لە تیۆرییەکانی تر.

هەندێک جار داواکارییەکانی بەشێک لە ژنان زیادەڕەوی تێدایە و وا لە کۆمەڵگە دەکەن مافە ڕەواکان ون بکەن، کارتەکان تێکەڵ بە یەکتری دەبن و دەبنە کۆسپ و ڕێگر لە بەدەستهێنانی ئەو مافانەی کە قابیلی دەستەبەرکردنن، بۆیە حیکمەت و وردبینیی لە کاردا، گرنگیی زۆری هەیە بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکان.

گۆڕانکاری و کارکردن دژی ڕەوتی باو، پێویستی بە ڕێکخستن و هەڵمەتی فشار و هەوڵدان بۆ کاریگەریی خستنە سەر باوەڕی تاکەکانی کۆمەڵ و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ڕۆشنبیر و پێشکەوتنخواز هەیە.

بیرۆکە و تێڕوانینی جیاواز، گۆڕانکاری بەسەر ڕەوتی مێژوودا دەهێنێت، بەڵام ئەگەر گۆڕانکاریی بەسەر بیرکردنەوەی باودا نەهێنێت؛ ئەوا چەقبەستوو دەبێت. دەبێت ئەوەش بزانین، بیرۆکەی گۆڕانکاری، بێگومان لە واقیعی کێشەکانەوە دێت، ئەو واقیعەی بووەتە هۆی خودی کێشەکان.

## ٣٣

# کۆسپەکانی بەردەم ڕەوتی مێگەرایی

لە وتارەکانی پێشوودا، باسم لەوە کردووە رەوتی مێگەرایی بەپێی شوێن و قۆناغەکانی مێژوو چەندین گۆڕان و چالاکیی جیاوازیان بەخۆیانەوە بینیوە، لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانەدا بێت ژنان پلە بە پلە و قۆناغ بە قۆناغ مافەکانیان بەدەست هێناوە. لێرەدا دێمە سەر ئەوەی بۆچی لە کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵات بەگشتی و عیراق و کوردستان بەتایبەتی، پاش ئەو هەموو ساڵە کارکردنی رێکخراوەکانی بواری ژنان و مافەکانی مرۆڤ و چالاکوانان، تازە بە تازە باسوخواس لەسەر چەمکی مێگەرایی و جێندەر گەرمە و بە بڤەی دەزانن؟ بۆچی یاسا و بڕیارەکان و کاری رێکخراوەکان ئەنجامێکی دڵخۆشکەریان نەبووە و هێشتا رووداوە دڵتەزێنەکان زوو زوو راماندەچڵەکێنن!؟ هۆکارەکان زۆر و هەمەچەشنن، گرنگترینیان بریتین لە:

**یەکەم: تێنەگەیشتن لە چەمکەکان:**

بەهۆی جیهانگیری و کرانەوەی کۆمەڵگەکان بە رووی یەکتردا، یەکێک لەو شتانەی لە رێگەیەوە کۆمەڵگەکان بەر یەک دەکەون، زمان و چەمکەکانە. سەبارەت بە پرسی ژنان، هەردوو چەمکی (جێندەر و فێمینیست) زۆر سەرنجیان لەسەرە. لە کۆمەڵگەی

کوردیدا، لە بەرانبەر (Feminism – فێمینیزم) چەمکی مێگەرایی بەکار دەهێنرێت و چالاکوانەکانیشیان پێیان دەوترێت مێگەراییەکان (Feminists – فێمینیستت)، ئەم چەمکانە بەشێوەیەکی فراوان بوونەتە باسوخواسی ناو کۆمەڵگە بە دامەزراوەکانیشەوە، هەر لایەنە بە دڵی خۆی لێکدانەوەی بۆ دەکات؛ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیاکان باسی لێ دەکەن، هەیانە پشتیوانیی لێ دەکەن و هەشە ناو و ناتۆرە و تەشەر لە کەس و رێکخراوەکان دەدەن، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە، ئەوەیە کە زۆربەیان لە واتا و مەبەستی چەمکەکان تێنەگەیشتوون، یاخود لە روانگەیەکی تەسکەوە سەیری دەکەن و هەستیار و بەگومانن لێیان. ئەمە تەنیا لە بابەتە پەیوەندیدارەکانی مێگەراییدا نییە، بەڵکوو لە زۆر بواری تری ژیانیشدا بە دی دەکەین.

**دووەم: پەرتەوازەیی رێکخراو و چالاکوانەکانی بواری ژنان:**

هەرچەندە زۆربەی فێمینیستەکان و چالاکوانەکان و رێکخراوەکان بەرگری لە مافەکانی ژنان و یەکسانییان لەگەڵ پیاواندا دەکەن و لەسەر چاککردنی یاساکان و تەشریعەکان کار دەکەن،

هەرچییەکیش پەیوەندی بە مافی ژنانەوە هەبێت، بەپێی تاک و ڕێکخراوەکان کەم یان زۆر لەو بوارانەدا کار دەکەن. بەڵام ئەوەی جێی داخە، ئەم چالاکوان و ڕێکخراوانە نەیانتوانیوە بۆچوونە جیاوازەکانیان وەلا بنێن و بەیەکەوە کاری هاوبەشی ستراتیژیی بکەن؛ ڕاستە هەندێک تۆڕی ڕێکخراوەی ژنان هەن بەیەکەوەن، بەڵام نەتوانراوە بە دوای ستراتیژ و بەرنامەکانیان بکەون، ناوبەناو بەیەکەوە کارێک دەکەن و بەردەوامییان نییە، لە هەمان کاتیشدا دابەش بوون بەسەر چەند لایەنێکدا، هەیانە ئیسلامین و هەشیانە سەر بە پارتە سیاسییەکانی ترن و چەند دانەیەکی کەمیش هەن سەربەخۆن. جگە لە ڕێکخراوەکانی ژنانی پارتە ئیسلامییەکان، کە تێڕوانین و بنەمای تایبەت بە خۆیان هەیە کە (قورئان و سوننەتە)، ئەوانی تر بەیەکەوە ئایدۆلۆژیا و تیۆرییەکی تایبەتیان نییە و جاری واش هەیە جیاواز لە ئایدۆلۆژیای حزبەکانیان ڕەفتار دەکەن و هەندێکیشیان جگە لە چەند چالاکییەک، نەچوونەتە بواری تەبەنی تیۆرییەکەوە، بۆیە دەبینین واقیعی ژنی کورد هێشتا لەگەڵ ئەم هەموو گۆڕانکارییانە زۆر نەگۆڕاوە و لە ئاستی پێویستدا نییە.

**سێیەم: کارکردن بە شێوەی ستوونی نەک ئاسۆیی:**

واقیعی ژن لە ژینگە باوەکانی رۆژهەڵات، بە وتار داکۆکی لێ ناکرێت. هەروەها گەیشتن بە ناوەندەکانی دەسەڵات، مانای گۆڕانکاریی زۆر نییە لە واقیعی ژن لەو دەوڵەتانەدا، کە هێشتا زۆرێک لە مافە تایبەتی و گشتییەکان کەموکوڕییان هەیە، بۆ نموونە؛ ژن لە هیندستان و پاکستان گەیشتوون بە سەرۆکایەتی و ژنانی فەرەنسیش نەگەیشتوون، لەگەڵ ئەوەش ژنان لە پاکستان و هیندستان چەوساوەن و فەرەنسییەکان زۆربەی مافەکانیان بەدەست هێناوە.

لە لایەکی تریشەوە، پرسەکان تەنیا گۆڕانکاریی نییە لە یاساکاندا سەرەڕای گرنگییان، بەڵکوو پەیوەندی بە رۆشنبیریی گشتیی کۆمەڵگەوە هەیە کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو رەفتارە گشتییەکاندا هەیە لە سەرجەم وردەکارییەکاندا و چارەنووسی مافەکان ژنانی پێوە بەندە. بۆ نموونە؛ کولتووری بێدەنگی و داپۆشینی چەوساندنەوە و ئەو ناحەقیانەی بەرانبەر بە ژن دەکرێن، لەم خاڵەشەوە دەچینە سەر خاڵی دواتر کە ئاوێتەی یەکترن و هۆکارێکی دیارن لە پێشنەکەوتنی پرسی مافەکانی ژنان.

**چوارەم: نەبوونی زانیاری و ئاماری ڕاست:**

بۆ چارەسەرکردنی هەر دیاردە و کێشەیەک لە کۆمەڵگەدا، بێگومان پێویستت بە بوونی زانیاری و ئاماری ورد و دروست دەبێت بۆ دیاریکردنی هەنگاوەکان و ئامانجەکان. یەکێک لە گرفتە بنەڕەتییەکان لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات، دەستنەکەوتنی زانیاری و ئاماری دروستە، کە تەنیا بەهۆی ئەوەوە نییە دامەزراوەکان ئامارە ڕاستەکان دەشارنەوە، بەڵکوو خودی ئەو کەسانەش کە تووشی کێشە و گێچەڵ دەبن، بە مەبەستی ئابڕوونەچوون و خۆپارێزی، سکاڵا تۆمار ناکەن و بێدەنگی هەڵدەبژێرن، ئەمەش وا دەکات هەر توێژینەوەیەک، یاخود لێکۆڵینەوەیەک ئەنجام بدرێت، ئامار و زانیاریی ڕاستت دەست نەکەوێت و بەر چاوت ڕوون نەبێت بۆ هەنگاونان.

**پێنجەم: مرۆڤ لە جەستە زیاترە:**

هەموو بوونەوەرەکانی سەر ڕووی زەوی بە مرۆڤیشەوە، لە نێر و مێ پێک هاتوون، هەر یەکێکیشیان خاوەنی خەسڵەتی تایبەت بە خۆیانن. لەناو سەرجەم بوونەوەرەکاندا تەنیا مرۆڤ بەپێی قۆناغەکانی مێژوو دەستکاری ڕۆڵی نێر و مێی

کردووە و پلەبەندی کردووە؛ نێر/ پلە یەک/ سەردار/ بەهێز... مێ/ پلە دوو/ پاسیڤ/ لاواز... ئەوەی تێبینی دەکرێت، بیانووی ئەم دابەشکارییە، لایەنی مادی و فیزیکییە، پشتی بەستووە بە ماسوولکە و جەستە.

لە لایەکی تریشەوە، پێدانی مۆرکی ئەخلاقی بە مێ، کە ئەمەش دیسان کورتکردنەوەی بەهاکانە لە جەستەدا. نێر هەر هەڵەیەک بکات خێزان پێی شەرمەزار نابێت، لەکاتێکدا ئەگەر مێ هەمان کردار بکات، دەبێتە مایەی شوورەیی و حەیاچوون بۆ خێزانەکەی.

لە راستیدا زۆربـەی زۆری کێشەکانی ژن لەم خاڵەوەیە (جەستە)، پیاو وەک ئامێرێکی بێ رۆحی چێژ بەخشین و منداڵ خستنەوە و خزمەتکردن سەیری دەکەن، بەڵام ئەوەی جێی داخە، زۆرێک لە ژنان کە ژمارەیان کەم نییە و زۆریشن، هەمان هەڵە دەکەن و تەنیا گرنگیی بە لایەنی جەستەیی خۆیان دەدەن و گرنگییەکی ئەوتۆ بە لایەنی هۆشیاری و رۆشنبیرییان نادەن. راستە خۆڕازاندنەوە بۆ ژنان گرنگە، بەڵام راگرتنی هاوسەنگیی نێوان هزر و ئاوەز لەگەڵ جەستە کارێکی پێویستە و نابێت چاوپۆشیی لێ بکرێت، چونکە ئازادیی مرۆڤ بەندە بە رادەی تێگەیشتوویی و زانینەوە.

ئەمانە و چەندین کۆسپ و گرفتی تر، کە ناکرێت لە وتارێکدا جێیان بکرێتەوە، لەسەر رێی خەبات و چالاکییەکانی رەوتی ژناندا هەن و پێویستە بە وردی کاری پێکەوەییان لەسەر بکرێت و بە بەرنامە و پلانەوە رووبەڕوویان ببنەوە و بەسەریاندا زاڵ بن.

٣٤

# پەروەردە و خوێندن و یەکسانیی نێوان نێر و مێ

یەکسانیی لە نێوان هەردوو رەگەز لە بواری خوێندندا، یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی رێکخراوی یونسکۆ و پەیوەندی راستەوخۆی بە رەخساندنی بواری فێربوونەوە هەیە کە زەمینەی گەشەی بەردەوام دەستەبەر دەکات. لەپێناو ئەم ئامانجە، دەبێت پەیڕەوی بنەمای سوودمەندبوونی کچ و کوڕ، ژن و پیاو لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن و تەواوکردنی و بەرزکردنەوەی تواناکانیان بەشێوەیەکی یەکسان بکات و دەرفەتیان بۆ بڕەخسێنرێت. هێشتا بۆشاییەکی گەورە هەیە لە بواری سوودوەرگرتن لە خوێندن و تەواوکردنی لە زۆرێک لە ژینگەکاندا، بەتایبەتییش لە زۆربەی کاتەکاندا لەسەر حسابی کچانە، هەتا ئەگەر کوڕانیش لە هەندێک شوێن ئەو بوارەیان نەبێت، ئەوا لەو شوێنانە پشکی شێر هەر بەر کچان دەکەوێت بۆ تەواونەکردنی خوێندن، یاخود هەر نەچوونە بەر خوێندن.

لەم سەردەمی پێشکەوتنەدا، بەپێی ئامار، ژنانی گەورەساڵ، دوو لەسەر سێی رێژەی نەخوێندەوارانن، کە نزیکەی ٧٥٠ ملیۆن کەسن و هیچ جۆرە بنەمایەکی سەرەکییان نەبووە و نییە بۆ فێربوونی خوێندنەوە و نووسین.

لە نێوان ئەو کۆسپ و گرفتە زۆرانەی رووبەڕووی ژنان و کچان دەبنەوە و رێگرن لەوەی بچنە بەر خوێندن، یاخود خوێندن تەواو بکەن، دیارترینیان

بریتییە لە: هەژاری، دووریی هەندێک ناوچەی جوگرافی، کەمەنەتەوەکان (ئەوانەی لە وڵاتێکدا کەمایەتین و ناچار دەکرێن بە زمانی دەوڵەت یان گەلی سەردەست بخوێنن)، خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، شووکردن، زوو سککردن، توندوتیژی لەسەر بنەمای رەگەزی، کولتووری دواکەوتوو کە تێیدا رۆڵی جیاواز بە ژن دەدرێت، هەندێک جاریش هەڵە تێگەیشتن لە ئایین... بۆ لابردنی ئەو کۆسپانە، سەرەتا دەبێت کار لەسەر بوارەکانی پەروەردە و رۆشنبیری و راگەیاندن بکرێت.

پەروەردەکردنی منداڵ لە سەرەتاوە لەناو خێزاندا و پەیڤی دایک و باوک، کاریگەری زۆری هەیە لەسەر چاندنی بەهاکان و بۆچوونەکان لەسەریان، کە تەنانەت لە کاتی گەورەبوونیشیان گۆڕانیان ئەستەمە، بۆ نموونە؛ پەروەردەکردنی منداڵ لەسەر رۆڵی ژن و پەیوەندی بە پیاوەوە بەو شێوەیەی کە هەتا ئێستاش لە وڵاتانی جیهانی سێ پەیڕەو دەکرێت، کاریگەری زۆری هەیە لەسەر دروستکردنی نەوەیەک کە بیری یەکسانیی نێوان هەردوو رەگەزیان تێدا دروست نابێت. پاشان لە قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی و دواتریشدا زۆر جار بیرۆکەی جیاوازییان زیاتر لا جێگیر دەبێت، ئەویش لە رێگەی رەفتاری مامۆستاکان و مەنهەجی خوێندن کە دەبوو سەرچاوەی سەرەکیی رۆشنبیریی کۆمەڵگە بن، بۆیە دەبێت پرۆگرامەکانی خوێندن و سیستمی پەروەردەیی بەجۆرێک دابڕێژرێنەوە سەرتاپا

جیاکاریی نەهێڵن و لە رەگ و ریشەوە دەری بهێنن. دەکرێت لە رێگەی ئەو بابەت و چیرۆکانەی لە وانەکاندا دادەنرێن و شێوازی وتنەوەیان و چالاکییە هەمەجۆرە بەرنامەبۆدارێژراوەکان، ئەو جیاوازییە بنەبڕ بکرێت و بتوانرێت وێنا باوەکەی کۆمەڵگە هەڵوەشێتەوە و لەجیاتی ئەو وێنا باوە، یەکسانیی نێوان هەردوو رەگەز فەراهەم بکرێت و رێز لەو یەکسانییە بگیرێت. هەروەها جگە لە خوێندکار، دەبێت بەرنامە و رێنوێنی بۆ دایک و باوک، مامۆستا، هونەرمەندان، پزیشکی بواری دەروونیی منداڵان، دەزگاکانی راگەیاندن، چاودێرەکان، توێژەرەکان، کەسانی خاوەنی بڕیار لە بواری پەروەردە و خوێندن، بەڕێوەبەر، راوێژکاران، ئەوانەی ناوەندانەی چیرۆکی منداڵان بڵاو دەکەنەوە لە کەرتی تایبەت و هەرچی پەیوەندی بە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و خوێندنەوە هەیە، هەبێت. بەم جۆرە دەتوانرێت هەنگاو بە هەنگاو کارێکی ئەوتۆ بکرێت کۆمەڵگەیەکی تەندروست لە بواری باوەڕ بە یەکسانیی نێوان هەردوو رەگەز دروست بکرێت، ئەمەش ئەرکی یەک لایەن نییە، بەڵکوو فرەلایەنە. ئەگەر ئەمە کرا، ئەوا نەوەیەکی نوێ پەیدا دەبێت کە بە شێوازێکی تەندروست پەروەردە بوون و تێڕوانینی جیاواز و نوێیان بۆ یەکسانی و مافەکان دەبێت، ئیتر هەنگاوەکان دەچنە سەر سکەی خۆیان و تەنیا پێویستیان بە هاندان و بەردەوامی دەبێت.

٣٥

# ژن و
# هاوڵاتیبوون

له کۆتایی جەنگی جیهانیی دووەمەوە چالاکی و بزووتنەوەکانی ژنان توانیویانە زۆرێک لە بەربەستە یاسایی، سیاسی و ئابوورییەکان لەبەردەم پرسی ژنان و هاوڵاتیبوونیان لابدەن، لەگەڵ ئەو هەوڵ و کارانەش، هێشتا تێڕوانینە نەرێنییە کۆمەڵایەتییەکان و کولتوور و دابونەریتی نامۆ، گۆڕانکاریی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە، هێشتا ژن لە زۆر وڵات و بەتایبەتییش لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، وەک هاوڵاتیی پلە و دوو ئەژمار دەکرێن.

هەستکردن بە هاوڵاتیبوون، جا بۆ هەر کەسێک بێت، زۆر گرنگە، بەتایبەتییش بۆ ژنان، چونکە کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر پەروەردە و گۆشکردنی منداڵە بە خۆشەویستیی وڵات، ئەوانن گیانی قوربانیدانیان تێدا دەچێنن و ئامادەیان دەکەن لەپێناو خاک و وڵات و پاراستنی دەستکەوتەکان تەنانەت گیانیشیان ببەخشن. هاوڵاتیبوون وەک چەمک و کردار، هەستکردنێکی راستەقینەی دڵسۆزانەیە بۆ وڵات و کارکردنە بۆ بەرز راگرتنی ئاشتی و ئارامی، هەستکردنە بە ئینتیما بۆ ئەو شوێنە جوگرافییەی لەسەری دەژی. ئینتیما بۆ نیشتمان، لەژێر سێبەری دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤە بۆ تاکەکانی ئەو خاکە (وڵاتە)، کە دەوڵەت لە رێگەی دابینکردنی خزمەتگوزاری و پێویستییە

سەرەکییەکان و فەراهەمکردنی ئازادی و دادپەروەری بۆیان دەستەبەر دەکات. تاک ئینتیمای کەم دەبێتەوە ئەگەر ببینێت ئەمانەی بۆ دابین نەکرابێت. بەداخەوە، ئێستا تاکی کورد ئەو ئینتیمایەی زۆر کەم بووەتەوە، ئەویش لەبەر چەندین هۆکار، کە دەوڵەت بەرپرسی سەرەکییە لەو کەمبوونەوەیە.

کۆمەڵێک پرسی ئاڵۆز لەم هەرێمەی ئێمەدا هەن، یەکێک لەو پرسە ئاڵۆزانە، پرسی ژنە. ژنان بەگشتی ئەو هەستەیان لا دروست بووە کە دەوڵەت نەیتوانیوە مافەکانیان دەستەبەر بکات، بۆیە هەستی ئینتیمایان کەم بووەتەوە، ئەمەش کاردانەوەیەکی بابەتیانەیە. ئەگەر تاک بزانێت دەوڵەت پشتگوێی دەخات، ئەویش ئینتیمای کەم دەبێتەوە. مافی نەبێت، ئەی بۆ ئەرکی هەبێت؟ ماف و ئەرک؛ لازم و مەلزوم و گرێدراوی یەکن.

دەوڵەت و دامەزراوەکانی، رێکخراوە پیشەوتنخواز و پارتە سیاسییە دیموکراتخوازەکان، رێکخراو و چالاکوانەکانی ژنان پێویستە هەوڵی جدیی بدەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ژن، بۆ ئەوەی ژنان هەستی هاوڵاتیبوون و هاوڵاتیی پلە یەک و یەکسان بە پیاویان لا دروست ببێت، تا بتوانن ئەرکی پەروەردەکردنی نەوەیەکی تەندروست بەباشی ئەنجام بدەن. ژن هەر بە سروشت بەخشندەیە

و هەستی بەرپرسیارێتی بەرزە، بەرزتریش دەبێت و بەشدار دەبێت لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو، بوێریی زیاتر دەبێت لە بەشداریکردن لە بوارەکان سیاسی، پەیداکردنی سەرچاوەی تری ئابووری، دڵسۆزیی بۆ خاک و داکۆکیکردن لە مافە زەوتکراوەکانی گەل و نەتەوە.

٣٦

# ڕێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە هاوکاریی ژنان

لە زۆربەی ناوچەکانی دنیا، ژنان لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانیاندا ڕووبەڕووی توندوتیژی، جیاکاری و چەوساندنەوە دەبنەوە. بەشێکی ئەو پێشێلکارییانە هۆکارەکەی خودی ژن خۆیەتی، لەبەر ئەوەی شارەزاییەکی ئەوتۆیان نییە دەربارەی مافەکانیان و چۆنیەتی بەدەستهێنان و پیادەکردنیان. بۆ ئەو مەبەستە، چەندین ڕێکخراو و دامەزراوەی نێودەوڵەتی دروست بوون و ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە گۆڕینی پرسی ژنان بۆ پرسێکی جیهانی. دروشمەکانی یەکسانی، داواکارییەکان و نەهێشتنی جیاکاری، لە دەنگێکی نەبیستراوەوە گۆڕییان بۆ دەنگێکی بیستراوی سەرتاسەریی جیهانی، ئامانجەکانی ژنیان لە داواکاری و خواستەوە گۆڕی بۆ ئەو یاسایانەی کە دەبێت جێبەجێ بکرێن لەلایەن دەوڵەتانەوە. دەیان ڕێککەوتننامە لە سەرتاسەری جیهان بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی ژنان واژوو کران، هەر بۆیە ئەو دامەزراوە و ڕێکخراوانە ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە هاوکاری و بەهێزکردنی تواناکان لە چەندین ڕووەوە و تا ئەمڕۆش کۆڵەکەیەکی سەرەکین بۆ پشتیوانیی ژن و پرسەکانیان.

هەم وەک ناساندن، هەمیش وەک پێزانینێک بۆ هەوڵ و کۆششەکانیان، ئاماژە بە هەندێک لەو دامەزراوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و جیهانییانە دەدەین:

*** کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران (UNHCR):**

بەهۆی رەگەزەوە، لە هەندێک کۆمەڵگە ژنان رووبەڕووی جیاکاری و توندوتیژی دەبنەوە، لە کاتی ئاوارەبوون و راگوێزان و دەربەدەریدا ئەو دیاردەیە زیاتریش دەبێت. ئەو کۆمیسیۆنە هەوڵی جدیی دەدات بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانیان و پەیداکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و دابینکردنی بژێوی و بەهێزکردنی تواناکانیان بەمەبەستی داکۆکیکردن لە خۆیان و رووبەڕووبوونەوەی جیاکارییەکان کە دەرهەقیان دەکرێت، هەروەها بۆ رەخساندنی دەرفەتەکان و گەیشتن پێیان.

*** ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان (UN Women):**

ئامانجی سەرەکییان کارکردنە بۆ یەکسانیی لە نێوان نێر و مێ و بەرزکردنەوە و بەهێزکردنی تواناکانی ژنان. ستراتیژی ئەو ئەنجومەنە، بریتییە لە:

- بەشدارییپێکردنی ژنان لە ناوەندی دەسەڵات و بڕیاردا.
- بەهێزکردنی تواناکان و هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی دارایی و کاری گونجاو و شایستە بۆ دابینکردنی بژێوی.

– هەوڵدان بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دەرهەق بە ژنان و بەسەربردنی ژیان لە کەشێکی دوور لە توندوتیژی.

– بەهێزکردنی تواناکانی ژنان بەمەبەستی بەشدارییپێکردنیان لە دابینکردنی ئاشتی و ئارامیی لە کۆمەڵگەدا و بەشداپێکردنێکی کاریگەرانە بۆ بەدیهێنانی ئاشتی لە جیهاندا.

*** کۆمەڵەی مافەکانی خانمان بۆ گەشەپێدان** (AWID):

ڕێکخراوێکی جیهانیی مێگەراییە، هاوکاریی بزووتنەوەکانی مێگەرایی لە جیهاندا دەکات:

– جەخت دەکاتەوە لەسەر بەدەسهێنانی مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و مافەکانی ژن بەتایبەتی.

– تێدەکۆشێت بۆ یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە نێوان هەردوو ڕەگەز لەپێناو گەشەی کۆمەڵاتی.

– هەوڵ دەدات تواناکانی ژنان بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانن ڕووبەڕووی سیستمە چەوسێنەرەوەکان ببنەوە.

*** سندوقی جیهانیی بۆ ژنان** (Global Fund for Women – GFFW):

ڕێکخراوێکی جیهانییە، هەوڵ دەدات پشتیوانیی

ژنان بکات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان و نەهێشتنی توندوتیژی لە دژیان و بەهێزکردنی تواناکانیان لە رووی ئابووری، سیاسی و تەندروستییەوە. هاوکاری و یارمەتیی رێکخراوە چالاکەکانی ناوچەکان و وڵاتان دەدات لە رووی (مادی و مەعنەوی)ییەوە. هەروەها هەوڵی داوە تۆڕێکی فراوان لە نێوان رێکخراوە ناوچەییەکان دابمەزرێنێت بۆ سوود وەرگرتن لە یەکتری لە چەندین رووەوە.

* **ئاژانسی نێودەوڵەتی بۆ گەشەپێدانی ژنان (IWDA):**

ئاژانسێکی ئوسترالیی قازانجنەویستە، پشتیوانی لە مافەکانی ژنانی ئاسیا و زەریای هێمن دەکات بە هاوبەشیی لەگەڵ رێکخراوەکانی ناوچەکان، هاوکارییان دەکات بۆ چۆنیەتی داڕشتن و ئیدارەدانی پرۆژەکان، هەروەها جەخت لەسەر سێ بواری سەرەکیی مافەکانی ژنان دەکاتەوە و کاریان بۆ دەکات (سیاسەت، بەهێزکردنی توانا ئابوورییەکان بەمەبەستی بەدەستهێنانی ژیانێکی شایستە، ئاشتی و ئارامی).

* **دامەزراوەی نێودەوڵەتیی ژن لەپێناو ژن (WFWI):**

دامەزراوەیەکی مرۆڤدۆستی قازانجنەویستە، هاوکاریی مادی و مەعنەویی ئەو ژنانە دەکات کە لە

بەرەکانی شەڕ رزگاریان بووە (پاشماوەکانی جەنگ) و بەمەبەستی رزگاربوونیان لە ئاسەوارە دەروونی و داراییەکان کە بەهۆی شەڕەوە رووبەڕووی بوونەتەوە؛ بۆ ماوەی یەک ساڵ هاوکاری هەر تاکێکیان دەبێت لە رووی دارایی، چارەسەری دەروونی، بەهێزکردنی تواناکانیان لە رووی خوێندەواری و هۆشیاری و شارەزابوون بە مافەکانیان، هەروەها لەسەر پەیداکردنی کار، بەتایبەتی کاری بچووک راهێنانیان پێ دەکات. ئەم رێکخراوە لەلایەن ژنێکی عیراقیی رزگاربووی شەڕی (عیراق – ئێران) بەناوی (زەینەب) دروست کراوە، کە ئێستا بە رەگەزنامە ئەمەریکییە.

*** سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی ژن (UNIFEM):**

ئەم رێکخراوە، هاوکارە لە رووی ئابووری و تەکنەلۆژییەوە، ستراتیژیان ئەوەیە هانی ژنان بدەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان و بەشداریپێکردنیان لە بواری سیاسیدا، هەروەها لە رووی ئابوورییەوە سەربەخۆیی خۆیان هەبێت و رۆڵیان هەبێت لە فەراهەمکردنی ژیانێکی ئارام و هاوچەرخ. سەرەڕای ئەو کارانە، هاوکاریی دەزگا حکومییەکانیش دەکات بۆ پلاندان لە رووی جێندەری و بەشداریی جۆری کۆمەڵایەتی لە ئیدارەدانی دەوڵەتدا.

* **ڕێکخراوی ژنانی عەرەب** (AWO):

ڕێکخراوێکی سەر بە کۆمکاری عەرەبییە و بارەگاکەی لە میسرە، زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان ئەندامن تێیدا. لە ١٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ عیراقیش بووە ئەندام لەو ڕێکخراوەدا. ئەم ڕێکخراوە سێ ئامانجی سەرەکیی هەیە:

- بەهێزکردنی تواناکانی ژنانی وڵاتە عەرەبییەکان لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەمەش وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکی بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەی عەرەبی سەیر دەکرێت.

- هۆشیارکردنەوە و گرنگیدان بەوەی کە ژن دەبێت هاوبەش و یەکسان بێت لە گەشەی بەردەوامی کۆمەڵگەدا.

- کارکردن بۆ یەکخستنی هەوڵ و کۆششی وڵاتە عەرەبییەکان بۆ بەهێزکردنی تواناکان و وشیارکردنەوەی ژنان و سوودوەرگرتن لە یەکتری.

جگە لەو دامەزراوە و ڕێکخراوانە، دەیان دامەزراوە و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و جیهانیی تر هەن، کە بەشێک لە بەرنامەکانیان بۆ ژن تەرخان کردووە، لەوانە: یونیسێف (UNICEF)، یونسکۆ (UNESCO)، ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ (Human Rights Watch)، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO)...

٣٧

# ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە پرسی ژنان

یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، گرنگیدانە بە مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی تاک و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی دروست و شایستە بە مرۆڤ، لەم رووەشەوە سەرنجی زۆریان لەسەر پاراستنی کەمەنەتەوە و کەمایەتییە ئاینییەکانە و هەوڵ دەدەن بۆ نەهێشتنی نایەکسانی و جیاکاری و چەوساندنەوەیان لەلایەن زۆرینەوە. لەم چوارچێوەیەشدا، پرسی ژن، یەکێکی ترە لەو پرسانەی گرنگیی زۆری هەیە لای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بە لایانەوە جیاکاریی دژ بە ژن، رێگرێکی سەرەکییە بۆ گەیشتن بە یەکسانیی نێوان هەردوو رەگەز، چونکە هەر ئەو جیاکاری و جیاوازییەیە هۆکارە بۆ توندوتیژیی جێندەری و رەگی داکوتاوە لەناو هزری تاک و کۆمەڵگەدا.

پرسی ژنان، هەردەم جێی بایەخی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە. بۆ ئەم مەبەستە، دەیان رێککەوتننامە و جاڕنامەی دەر کردووە و بەشێکیان بوون بە دیفاکتۆ لەو وڵاتانەی کە واژوویان لەسەر کردوون، بۆ ئەو مەبەستەش یاسای ئەو وڵاتانە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە بۆ ئەوەی لەگەڵ رێککەوتننامەکان هاوتەرین بن.

- لە ساڵی ١٩٥٢ رێککەوتننامەیەکی تایبەت بە مافە سیاسییەکانی ژن واژوو کرا، لە یەکێک لە

بەندەکانیدا هاتووە کە دەبێت لە کاتی هاوسەرگیری، ڕەزامەندی هەردوولای لەسەر بێت، هەروەها وڵاتان پێویستە تەمەنی هاوسەرگیری بەپێی یاسا دیاری بکەن. لەگەڵ ئەوەی ئەم ڕێککەوتننامەیەش ئەنجام درا، بەڵام نەبووە هۆی کەمبوونەوەی جیاکاری و توندوتیژیی دەرهەق بە ژنان، بۆیە چەمکەکانی مافەکانی ژن، یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز و نەهێشتنی جیاکاری، بایەخی زیاتریان پێ درا.

- لە ساڵی ١٩٦٧ جاڕنامەی جیهانیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان دەر کرا، بەڵام ئەو جاڕنامەیە ئیلزامیی نەبوو، بۆیە دەوڵەتان پابەند نەبوون پێوەی و ئەرکەکانیان جێبەجێ نەدەکرد، چونکە ئەو جاڕنامەیە نەبووبوو بە ڕێککەوتننامە. هەوڵی زۆر درا بۆ ئەوەی بکرێت بە ئیلزامیی، بۆ ئەوەش توانرا زیاتر لە ٢٠ دەوڵەتی بەشداربووی جاڕنامەکەی واژووی لەسەر بکەن و بوو بە ڕێککەوتننامەی ناسراو بە سیداو (ڕێککەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی هەموو شێوازەکانی جیاکاریی دژ بە ژن)، کە بە ڕێککەوتننامەی کۆپنهاگنیش ناسراوە.

لە ڕێکەوتی ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٩ ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکەی لە ئەستۆ گرت و لە

٣ی ئەیلولی ١٩٨١ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە و بوو بە یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ.

سەرەڕای ئەم دوو ڕێککەوتننامە گرنگە، چەندین یاسا و ڕێنمایی، پەیماننامە، جاڕنامە و ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی تر هەن لە بواری مافەکانی ژنان و هەر یەکەیان بایەخی خۆیان هەیە، لەوانە:

- لە ساڵی ١٩١٢ دادگای لاهای ڕێنمایی یاسایی پەیوەست بە ڕێکخستنی بوارەکانی: هاوسەرگیری، جیابوونەوە و تەلاق، سەرپەرشتیی ئەو کچانەی لەژێر تەمەنی ١٨ ساڵییەوەن، دەکرد.

- لە ساڵی ١٩١٤ ڕێکخراوی (کار)ی نێودەوڵەتی ڕێککەوتننامەی پاراستنی دایکایەتی دەر کرد و لە ساڵی ١٩٣٥ هەموار کرایەوە. ئامانج لەو ڕێککەوتننامانە، پارێزگاریی مافەکانی ژنانە لە کاتی کارکردنیان، بۆ نموونە؛ لە کاتی کاری شەوان و کاری ژێر زەویدا، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە دایکن، بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکی ماڵ و کاری دەرەوە بەیەکەوە بگونجێنن.

- لە ساڵی ١٩٤٥، لە مادەی یەکەمی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، جەخت لەسەر ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان بۆ هەموو تاکێک بەبێ جیاوازیی ڕەگەز و زمان و ئایین

کراوەتەوە، بەبێ جیاکاری و جیاوازیی لە نێوان ژن و پیاو.

مادەی ٥٥ لە هەمان پەیماننامە، دان بە مافەکانی مرۆڤ لە سەرتاسەری جیهاندا دەنێت بەبێ جیاوازی لە نێوان ژن و پیاو، کە بوو بە بنەمایەکی یاسایی پابەندکەر لەسەر هەموو ئەو دەوڵەتانەی ئەندامن لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

- لە ساڵی ١٩٤٨ جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ دەرچوو، لە ناوەڕۆکەکەیدا بە روونیی باس لە پاراستنی مافەکانی ژن دەکاتەوە و بایەخ دەدات بە خێزان وەک یەکەیەکی سروشتی و بە بنەمایەکی سەرەکیی کۆمەڵگە ئەژماری کردووە، بۆیە مافی ئەوەیان هەیە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە پارێزگارییان لێ بکرێت.

- لە ساڵی ١٩٥٢ کۆمیسیۆنی باڵای ناوەندی ژن لە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵێننامەی مافە سیاسییەکانی ژنانی ئامادە کرد.

- لە ساڵی ١٩٦٧ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان جاڕنامەی تایبەت بە جیاکاریی دژ بە ژنانی دەر کرد و بانگەوازی بۆ گۆڕینی ئەو چەمک و نەریتە باوانە کرد، کە دەبنە هۆکاری جیاکاریی نێوان ژن و پیاو، دانی بەوەشدا نا ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ژنان دەتوانن ئەو گۆڕانکارییانە بکەن.

– له ساڵی ١٩٦٨ جاڕنامەی تاران له کۆنگرەی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ دەرچوو. له خاڵی ١٥ی جاڕنامەکەدا هاتووە: دەبێت جیاکاریی نەهێڵین، که ژنان تاکوو ئێستا قوربانیی دەستی ئەو جیاکاریەن له زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا.

– له ساڵی ١٩٧٣ کۆمیسیۆنی بزووتنەوەی ژنان له نەتەوه یەکگرتووەکان، سەرقاڵی ئامادەکردنی رەشنووسی رێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو شێوازەکانی جیاکاریی دژ به ژنان بوو.

–له ساڵی ١٩٧٤ رێکخراوی نەتەوه یەکگرتووەکان جاڕنامەی جیهانیی بۆ پرسی پارێزگاری له ژنان و منداڵان له بارە کتوپڕەکان و ناکۆکی و ململانێ چەکدارییەکاندا دەر کرد.

– له ساڵی ١٩٧٥ کۆنگرەی جیهانیی ساڵی ژن له مەکسیک بەسترا و تێیدا بەڵێننامەیەک پەسەند کرا که پێی دەوترێت جاڕنامەی مەکسیک بۆ یەکسانیی ژنان و بەشدارییپێکردنیان له گەشه و بنیاتنانی ئاشتیدا. کۆنگرەکە نەخشەڕێگەی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی رۆژی جیهانیی ژنانیشی داڕشت.

– له ساڵی ١٩٧٦، پەیماننامەیەکی نێودەوڵەوتی دەربارەی مافه ئابووری، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان واژوو کرا، له مادەی سێیەمدا

گرەنتی وەرگرتنی ئەو مافانەی بە یەکسانیی بۆ نێر و مێ داناوە.

- لە ساڵی ١٩٧٩، ڕێککەوتننامەیەک، نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەکی دژ بە ژن بەهەند وەرگرت، لە ٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٨١ پاش واژووکردنی ڕێککەوتننامەکە لەلایەن ٣٥ دەوڵەتەوە، کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە هەمان ساڵدا، ڕێکخراوی (کار)ی نێودەوڵەتی، ڕێککەوتنێکی (کار)ی دەرکرد بۆ ئەوانەی بەرپرسیارێتی خێزانیان لەئەستۆدایە. ئەو ڕێککەوتنە، داوای یەکسانیی ڕەهای کردووە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن و بوار ڕەخساندن لە نێوان کارمەندان بە ژن و پیاوەوە و ئەوانەی بەرپرسیارێتی خێزانییان لەئەستۆدایە، بۆ ئەوەی بتوانن کارەکانیان بەئەنجام بگەیەنن.

- لە ساڵی ١٩٨٥ کۆنگرەی سێیەمی پەیوەست بە پرسی ژنان لە نایرۆبی پایتەخی کینیا بەسترا، ئامانجی کۆنگرەکە بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بوو بۆ دەستکەوت و ئەنجامەکانی کۆنگرەکانی تایبەت بە پرسی ژنان لە (١٩٧٦ – ١٩٨٥).

- لە ساڵی ١٩٩٤ کۆنگرەی قاهیرەی نێودەوڵەتی بۆ نیشتەجێبوون و گەشەکردن ئەنجام درا، یەکێک لە ئامانجەکانی هەوڵدان بوو بۆ بەدەستهێنانی

یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو و لابردنی هەموو جۆرە ڕێگرییەکی یاسایی، سیاسی و کۆمەڵایەتی کە ژنان ڕووبەڕووی دەبنەوە، هەروەها هاوکاریی ژنان بکرێت بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان.

- لە ساڵی ١٩٩٥ لیژنەی ناوەندی ژنان لە نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆنگرەی بەیجینی بەست، لەو کۆنگرەیەدا جاڕنامەی بەیجین دەرچوو کە باوەڕهێنانە بە مافەکانی ژن لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤ. هەروەها لە کۆنگرەکەدا تیشک خرایە سەر چەندین چەمکی تازەی پەیوەندیدار بە نێوانی نێر و مێ و مافی ژن لە لایەک، مافی منداڵان و مێرمنداڵانی مێیینە لە لایەکی تر. جەختیشی لەسەر چەمکی جێندەر کردەوە و داوای کرد ڕوانگەی کۆمەڵگە و ڕاگەیاندنەکان بۆ ئەو وێنا نەرێنییە باوانەی لەسەر ژن هەیە، بگۆڕدرێن.

- لە ساڵی ٢٠٠٠ نەتەوە یەکگرتووەکان بەڵگەنامەی (بەیجین ٥+)ی دەر کرد. داوای کرد پشتیوانیی بەهێز لە هەڵمەتەکانی جێندەر بکرێت و خولەکانی ڕاهێنان بۆ یەکسانیی نێوان ژن و پیاو زۆر بکرێن بەجۆرێک گەنجانی هەردوو ڕەگەزیش بگرێتەوە، بە ئامانجی نەهێشتنی وێنا نەریتییە باوە نەرێنی و زیانبەخشەکان دەربارەی ڕەگەزی مێ.

لە هەمان ساڵ، نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێگەی ئەنجومەنی ئاسایشەوە توانییان بیسەلمێنن لە کاتی نائارامی و شەڕی چەکداریدا، نەک تەنیا بیر لە کاریگەرییەکانی بۆ سەر ژن بکرێتەوە، بەڵکوو پێویستە ژنان بەشدارییان پێ بکرێت لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و نەهێشتنی ڕووداوی نەخوازراودا، چونکە خۆیان خاوەن بەرژەوەندین لە سەقامگیری و بوونی ئاشتی و ئارامیدا. هەروەها ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ژمارە ١٣٢٥ی دەرکرد، کە لە ناوەڕۆکەکەیدا ئاماژە بەوە کراوە لە ئاشتی و ئارامیدا دەبێت و ئەرکە ڕەچاوی تایبەتمەندێتی ژنان بکرێت و بەشدارییان هەبێت لە پاراستنی ئارامی و بنیاتنانی ئاشتیدا، بەتایبەتییش لەو ناوچانەی بەهۆی ناکۆکییەکانەوە زیانیان بەر کەوتووە، ئەمەش پێویستی بە ئیرادەیەکی کرداریی ڕاستەقینە هەیە لەلایەن دەوڵەتەوە و دەبێت پەیڕەوی بکات و نەخشەڕێگە دابنێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە.

– ساڵی ٢٠٠٥ لیژنەی ناوەندی ژنان لە نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆنگرەی (بەیجین ١٠+) ی بەست و بڕیاری لەسەر بەڵگەنامەی بنەمای یەکسانیی جێندەری دا، جەختیشی لەسەر بەندەکانی بەڵگەنامەکەی بەیجینی پێشتر کردەوە.

٣٨

# سەردەمی ماتریارکی

ماتریارک (Matriarchy)، وشەیەکی لاتینییە، لە دوو بەش پێک هاتووە: (Mater – دایک)، (Archein – دەسەڵات)، واتا دەسەڵاتی دایک، یان دایکسالاری. ماتریارکی، سیستمێکە تێیدا ژن ڕۆڵی سەرەکییان لە دەسەڵاتە سیاسی، ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییاندا بینیوە، هەروەها زانستێکی کۆمەڵایەتییە بە هەمان شێوەی باوکسالاری. ئەوەندەی بایەخ بە چەمکی باوکسالاری دەدرێت و باسوخواس و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت، زۆر کەمتر لەوە باس لە دایکسالاری دەکرێت؛ هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ زانایانی بواری (ئیتنۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژیا)، کە بە هەندیان وەرنەگرتووە، چونکە دەبێتە هۆی دارمانی ئایدۆلۆژیای پاتریارک و جیهانبینی لەو ڕوانگەیەوە و سەرهەڵدانی سەرەتای گەشەکردنێکی سروشتی و مێژوویی تازە، هەر بۆیە دەبێتە جێی مەترسی ئەگەر بەهەند وەربگیرێت.

لەوەتەی هزری مرۆڤایەتی لەسەر (بوون) بەئاگا هاتووە، کۆمەڵێک پرسیاری زۆری بێکۆتایی جەدەلیی بەدوای خۆیدا هێناوە: چۆن گەردوون دروست بووە؟ ژیان بەردەوامیی هەیە؟ ئایا شێوەی هەر وەک ئەم سەردەمە بووە؟ نهێنیی ئەو دووانەیە (نێر و مێ) چۆنە و چۆن دروست بوون و تا ئێستاش هەر دروست دەبن و ژیان بەهۆیانەوە بەردەوامە؟

ئایا لە بنەڕەتدا یەکەم مرۆڤ ڕەگەزی نێر بووە، یان مێ؟... لە ڕاستیدا نە فەلسەفە و نە زانست وەڵامێکی یەکلاکەرەوەیان بۆ ئەو پرسیارانە نەداوەتەوە، چونکە ئەستەمە پاش سەدان هەزار ساڵ بەم هەموو گۆڕانکاری و کارلێکانەی بەسەریاندا هاتووە، بگەنە یەک ئەنجام و هەموو لایەکیش لەسەری کۆک بن. لەگەڵ ئەمانەش، فزولیەتی توێژەر و زانا و فەیلەسوفەکان وای کردووە تێڕامان و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان بەردەوام بن، چونکە گرنگن بۆ هەبوونی زانیاری دەربارەی چارەنووسی مرۆڤایەتی بە هەموو لایەنەکانییەوە و بەردەوامیی ژیان بە چەمکی دووانەی (نێر/مێ)، (ئان/کی)، (ئاسمان/زەوی).

ئەم جەدەل و ئارەزووە، بواری خەیاڵی داوە فراوان بێت و ئەفسانە، ئەدەب، هونەر و فەلسەفە بە دیدی جیاواز پێناسەی سروشتی مرۆڤایەتی و پەیوەندیی نێوان ژن و پیاویان لە هەموو کات و سەردەمێکدا کردووە. لە ئەفسانە سۆمەرییەکاندا بوون لە یەک خوداوە دروست بووە، کە ئەویش ئاوە. لە ئاویش دوو خودا دروست بووە: (ئان – ئاسمان) و (کی – زەوی)، لە هاوسەرگیریی ئەو دووانە (هەوا) دروست بووە؛ هەوا هەست بە تەنگیی ئەو ڕووبەرە دەکات کە تێیدا قەتیس بووە لە نێوان

(ئان و کی)دا، بۆیە لە یەک دووریان دەخاتەوە بۆ ئەوەی جێگەی خۆی بکاتەوە، ئیتر ئاسمان بەرز دەبێتەوە و زەوییش فراوان دەبێت. ئەفسانەکانی بابلییەکان، یۆنانییە کۆنەکان و میسرییە کۆنەکانیش هاوشێوەن، بەڵام بە ناوی جیاواز.

هەندێک توێژەر هەن پێیان وایە یەکەم خودا کە مرۆڤایەتی رووی تێ کردبێت، ژن بووە و چەندین خودای ژنیش هەبوون. بەم شێوەیە ئەم دووانەیە هەزاران ساڵە لەژێر پرسیاری جەدەلیی بێکۆتاییدان و چەندین زانیاریی پشتڕاستکراوەش هەن کە ژن (دایک)ە خوداوەندەکان پەرستراون و رێزیان لێ گیراوە.

ماریا گیمبوتاس، زانای ئاسەوارە مێژووییەکان لە زانکۆی کالیفۆرنیا، ٣٠ هەزار پەیکەری بچووکی لە بەرد، قوڕ، ئاسن و ئاڵتوون دروستکراوی لە سێ هەزار شوێن لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا، ئەنادۆڵ و چاتال هویوک (تورکیای ئێستا)، رووسیا و عیراقدا دۆزیوەتەوە، پەیکەرەکان ژن بوون بە شێوازی جیاواز.

ئەو توێژینەوانە و سەدانی تر دەیسەلمێنن ژن وەک پیرۆزییەک رێزیان لێ گیراوە و پەرستراون. لە یەکێک لە ئەفسانەکاندا دەربارەی خودای عەشتار لە بابل، خودای (خۆشەویستی و زاوزێ

له عیراقی کۆن)، ژن و پیاو له بەردەمیدا وەستاون و کرنووشیان بۆ بردووە. تا خوداوەندێکی پیاو پەیدا بووە، هەزار ساڵی ویستووە. له شارستانیەته کۆنەکاندا چەندین خواوەندی ژن هەبوون، لەوانە: (ننهورسناگ، عەشتار، ئیزیەس، ڤینۆس، ئارتیمیس...).

بەهۆی گۆڕانکارییەکان، بەتایبەتی له بواری ئابووری و کاردا، ورده ورده باری کۆمەڵایەتی و دابونەریتەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، دەنا شێوازی ژیان بەردەوام بەم شێوەیه نەبووە، بۆ نموونه؛ یەکەم جووتیار ژن بووە، ژنان له کۆمەڵگه سەرەتاییەکاندا بەرهەمی میوەیان کۆکردووەتەوە لەو کاتانەی پیاوان خەریکی راو بوون. هەر لەو سەردەمەدا ژنان بایەخی تۆوی رووەکیان دۆزیوەتەوە و بەکاریان هێناوە و توانیویانه بەرهەم و خۆراکی تازەیان دەست بکەوێت و پەیوەندییان به زەوییەوە زیادی کردووە. دوای ئەوەی پیاوان توانیویانه ئاژەڵەکان ماڵیی بکەن و سوودیان لێ وەربگرن بۆ کێڵان و بەخێوکردن، ورده ورده و به هەزاران ساڵ گۆڕانکاریی بەسەردا شێوازی ژیاندا هاتووە و ئابووریی له دەستی ژنان نەماوە و دەسەڵاتیان کەم بووەتەوە.

سیستمی ژیان له سەردەمی دایکسالاریدا، هاوشێوەی سیستمی باوکسالاری نەبووە؛ دەسەڵاتی

ڕەگەزێک بەسەر ڕەگەزەکەی تردا نەبووە، بەڵکوو یەکسانیی هەبووە، بەڵام ژنان پێگەیەکی بەرزتر و ڕێزێکی زیاتریان هەبووە، منداڵ بە ناوی دایکەوە بووە و میراتیش هەر لە دایکەوە بووە، هەروەها دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە دەستی ژندا بووە.

زۆرێک لە توێژەران و ژنانی مێگەرایی، پەنجەی تۆمەت ئاراستەی ئایینە ئیبراهیمییەکان و ئایینەکانی پێشووتر دەکەن و بە پشتگیریکەر و ڕێخۆشکەر بۆ دروستبوونی سیستمی باوکسالاری و باڵادەستیی پیاوانیان دەزانن. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، گۆڕانکارییەکانی سیستمی باوکسالاری، پێش ئایینە ئاسمانییەکانە و لە سەردەمی ئایینەکاندا گۆڕانکاریی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕووی دابوو، دەسەڵاتی ڕەها لە هەموو بوارەکانی ژیاندا لەژێر دەستی پیاودا بووە، بەڵام بێگومان کاریگەریی ئایینەکان کەم نین لەو گۆڕانکارییانەدا.

محەمەد شەحرور، توێژەر و بیریاری ئیسلامی، لە یەکێک لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانیدا دەڵێت: مێژووی مرۆڤایەتی دابەش دەبێت بەسەر سێ قۆناغدا؛ سەردەمی دایکسالاری (سەردەمی پێش ئادەم)، سەردەمی باوکسالاری (لە ئادەمەوە تاوەکوو کۆتا پێغەمبەر و ئیتر دەبوو سەردەمی باوکسالاری کۆتایی

بێت)، سەردەمی شارستانی (مەدینە - مەدەنی)، کە لە سەردەمی کۆتا پێغەمبەرەوە دەست پێ دەکات، بەڵام بەهۆی ئەو کێشمەکێش و گۆڕانکارییانەی لە سەردەمی خەلیفەکانەوە دەست پێ دەکەن و قۆناغ بە قۆناغ تۆختر دەبنەوە، گۆڕانکاریی زۆر بەسەر فۆرمی ئایین و تێڕوانین لە دەقە ئاسمانییەکاندا هاتووە، هەروەها بەهۆی قۆرخی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوورییەوە، پیاوان درێژەیان بە سەردەمی باوکسالاری داوە.

هێشتاش هەندێک کۆمەڵگە هەن ژنان تێیاندا باڵادەستە، نموونەش زۆرن، یەک لەوانە: کۆمەڵگەی مینانگکابووە لە سۆمەترا (ئەندەنوسیا)، کە بە گەورەترین کۆمەڵگەی دایکایەتی لە جیهاندا ناسراوە و تێیدا میراتیی زەویوزار و خانووبەرە لە ڕێگەی ژنەوە دەگوێزرێتەوە، لە هاوسەرگیردا پیاوان دەچنە ماڵی ژنەکە، ژنەکەش میراتی کەسوکار وەردەگرێت، منداڵ بە ناوی دایکەوەیە و بڕیار لای ژنەوە دەدرێت و پێگەیان لە پیاوان بەرزترە و ڕێزدارترن.

مێژووی ناکۆکی و کێشمەکێشی نێوان ئەم دوو ڕەگەزە، مێژووی درێژترین ناکۆکییە، ناکۆکییەکی ئاسایی نییە لایەنێک بیەوێت لایەنی بەرانبەر نەهێڵێت و لەناوی ببات، چونکە نەمانی هەر لایەک مانای نەمانی لاکەی تریشە. ئەم ناکۆکییە، تەنیا بۆ

دەسەڵاتداریّتی لایەکە بەسەر لاکەی تردا، بۆیە تاکە چارەسەر وەک هەموو ناکۆکییەکانی تر، پێکەوەژیان و رێزگرتن و دابەشکردنی دەسەڵات و گەیشتنە بە چارەسەرێک، کە دۆڕاو و براوەی تێدا نەبێت.

# ٣٩

# ژنانی رچەشکێن

ژنان لە جیهاندا بەرووبوومیماندووبوونی ژنە رابەرەکانی بزووتنەوەکانی مێگەرایی دەچننەوە، بەهۆی ماندووبوونیان، ئێستا لە جیهاندا ژنان دەتوانن بگەنە ناوەندەکانی دەسەڵات لە هەموو بوارەکاندا و لە زۆر شوێنیش چەندین مافی زەوتکراویان بەدەست هێناوە، وەک: خوێندن و فێربوون، کار، گەشت، هەڵبژاردنی هاوژین، مافی دەنگدان و خۆکاندیدکردن، پاراستنی ژنان لە توندوتیژی، مۆڵەتی دایکایەتی... ئەمانە و دەیان دەستکەوتی تر، بەرووبوومی چالاکی و خەباتی ژنە رچەشکێنەکانی مێژوون.

بزووتنەوەکانی ژنان کە زۆربەیان لەلایەن ژنەوە رابەرایەتی کراون، سەرەڕای ئەوەی بوونەتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە هەموو جیهاندا، لە کۆنەوە تا ئەم سەردەمەش، بەردەوامن لە داواکارییەکانیان و بەپێی قۆناغەکانی مێژوو و ئایدۆلۆژیاکان؛ داواکارییەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە.

لەم وتارەدا، ئاماژە بە هەندێک لە ژنە رابەر و رچەشکێنەکانی بزووتنەوەکانی مێگەرایی لە جیهاندا دەدەین:

- **ماری وۆڵستونکرافت** (Mary Wollstonecraft) (**١٧٥٩ - ١٧٩٧**): نووسەر و رووناکبیر و فەیلەسوفی بەریتانی، یەکێکە لەو ژنانەی زۆر بایەخی بە خوێندن داوە بۆ کچان و هەوڵی بۆ یەکسانیی لە نێوان ژن و

پیاو داوە. چەندین کتێبی گرنگی لە پاش خۆی بەجێ هێشتووە، لەوانە: بیرۆکەکان دەربارەی خوێندنی کچان، بەرگریکردن لە مافەکانی پیاوان، بەرگریکردن لە مافەکانی ژنان... باوەڕیشی وابووە کە هەردوو رەگەز هۆکارن بۆ نایەکسانی و ژنان وەک واقیعێک تەسلیم بوون و دەبێت هەردوولا بۆچوونەکانیان بگۆڕن.

ماری، بە دامەزرێنەری مێگەرایی ئەژمار دەکرێت، ئەویش بەهۆی کتێبێکی بەناوی (بەرگریکردن لە مافەکانی ژنان) کە لە ساڵی (١٧٩٢) بڵاو بووەوە. هەرچەندە چەمکی مێگەرایی (Feminisme – فێمینیزم) لەلایەن فەیلەسوفی فەرەنسی، شارل فووریێ (Charles Fourier)، لە ساڵی ١٨٣٧ داڕێژراوە و هەردوو چەمکی (فێمینیزم، فێمینیست) یش لە فەرەنسا و هۆڵەندا لەو سەردەمەدا بەکار هاتوون.

- **ئیلیزابێس کادی ستانتۆن** (Elizabeth Cady Stanton) (١٨١٥ – ١٩٠٢): چالاکوانێکی مێگەرایی ئەمەریکی بوو، بەهۆی چالاکییەکانییەوە توانیی مافی دەنگدانی ژنان بەدەست بهێنێت. لە ساڵی ١٨٤٨ یەکەم کۆنگرەی مافەکانی ژنان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەژێر ناوی (سینیکا فۆلز) بەست، کە بە یەکەم کۆنگرەی تایبەت بە پرسی ژنان ئەژمار دەکرێت.

هەروەها «کۆمەڵەی نیشتمانیی بۆ داواکاریی مافی دەنگدان»ی دامەزراند و توانییان بگەن بە ئامانجەکەیان و لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٢٠ ژنان دەنگ بدەن.

- **سۆژۆرنەر تروس** (Sojourner Truth) (**١٧٩٧ - ١٨٨٣**): لایەنگری بزووتنەوەکانی ئازادیی لە کۆیلایەتی دەکرد و بانگەوازی یەکسانیی نێوان هەردوو رەگەزی دەکرد. بە یەکەم ژنی ئەمەریکی بەڕەگەز ئەفریقی دادەنرێت کە توانیویەتی داواکارییەک لە دادگا دژ بە پیاوێکی سپیپێست بباتەوە لەپێناو ئازادکردنی کوڕەکەی لە کۆیلایەتی. لە کۆنگرەی ئۆهایۆ لە ساڵی ١٨٥١، وتارێکی زۆر بەناوبانگی خوێندەوە بەناوی (ئەی من ژن نیم؟) و کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر پرسی جیاکاریی نێوان هەردوو رەگەز و کۆیلایەتییش، بەتایبەتی لە سەردەمی شەڕی ناوخۆی ئەمەریکادا.

- هند نەوفل (١٨٦٠ – ١٩٢٠): رۆژنامەنووسێکی لوبنانییە، لە سوریا لەدایک بووە. لە بواری بەرگریکردن لە مافەکانی ژنان ناوبانگی دەرکردبوو. یەکەم گۆڤاری ژنانەی بەناوی (الفتاة) لە جیهانی عەرەبیدا دەکرد.

- **کریستین دی پیزان** (Christine de Pizan) (**١٣٦٣ - ١٤٣٠**): نووسەری ئیتاڵی – فەرەنسی، نووسەری کتێبی

(شاری ژنان) و (نامەیەک بۆ خودای خۆشەویستی) یە. بە بۆچوونی سیمۆن دی بۆڤوار؛ یەکەم ژن بووە دژی «رق بەرانبەر بە ژن» نووسیویەتی.

- **مارگرێت کاڤندیش** (Margaret Cavendish) (**١٦٢٣ - ١٦٧٣**): شازادە «دۆق»ی نیوکاسڵ بووە. نووسەری بواری شانۆگەری و ئەدەبی خەیاڵی، زانای بواری فیزیا، شاعیر و فەیلەسوفێکی ئەرستۆکراتیی ئینگلیزییە. وتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێت: «ژن چی دەتوانێت ئەگەر خوێندەواریی هەبێت؟».

- **رۆزا لوکسمبورگ** (Rosa Luxemburg) (**١٨٧١ - ١٩١٩**): رۆژنامەنووس و فەیلەسوفی ئابووریناس، زانای کۆمەڵناسیی بەڕەچەڵەک پۆڵەندی، لە ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩١٩ لە بەرلین تیرۆر کرا. سیاسییەکی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ و پشتیوانی تیۆرییەکانی مارکسیەت بوو، بە تێکۆشەرێکی بواری مێگەراییە مۆراڵییەکان لەقەڵەم دەدرێت؛ ئەو مێگەراییەی رۆزا کاری بۆ دەکرد، تەنیا لەپێناو مافەکانی ژندا نەبوو، بەڵکوو بۆچوونەکانی مرۆڤدۆستانە بوون، باوەڕی وابوو بە دروستبوونی سیستمێکی سۆسیالیستی، مرۆڤ بەیەکەوە ئازاد دەبن و مافەکانیان فەراهەم دەبێت. هەروەها نکۆڵیی لە مرۆڤی پلە یەک و مرۆڤی پلە دوو دەکرد، پێی وابوو بزووتنەوەی مێگەرایی و دژایەتی رەگەزپەرستی، بەیەکەوە وابەستەن.

چالاکوانێکی سەرسەختی بەدەستهێنانی مافی دەنگدان بوو، هەروەها پشتیوانیی زۆری لە ژنانی پرۆلیتاریا دەرکرد و هاوکار بوو بۆ دروستکردنی سەندیکایەکی سەربەخۆ بۆ خۆیان.

زۆرێک لە نووسەر و توێژەرەکان دەڵێن بیرکردنەوە و بیرۆکەکانی زۆر پێش سەردەمی خۆی بووە و دەستپێشخەر بووە لە زۆر بواردا.

- نازک عابد (١٨٨٧ – ١٩٥٩): رۆژنامەنووس و چالاکوانێکی سورییە. لە ژنە یەکەمەکانە کە سەرپەرشتی بزووتنەوەی ژنانی کردووە و چەندین کۆمەڵەی ژنانی دروست کردووە، هەروەها رۆژنامە و گۆڤاری تایبەت بە ژنانی دەکردووە، لەوانە: گۆڤاری (العروس). بایەخی زۆری بە مافی سیاسیی ژنان داوە.

- **سیمۆن دی بۆڤوار** (Simone de Beauvoir) (**١٩٠٨** - **١٩٨٦**): نووسەر و بیرمەند و چالاکوانی سیاسیی فەرەنسی. زۆربەی نووسینەکانی لەسەر دەسەڵات و ناکۆکیی چینایەتی و ئازادییە. سەرەتا نەدەچوو بە لای پرسی ژناندا، بەڵام چەوساندنەوەی ژنان و داواکارییەکانیان، وایان کرد سەرپەرشتی داکۆکیی لە مافەکانی ژنان بکات و باوەڕی بە نەهێشتنی سیستمی باوکسالاری هەبوو. لای وا بوو بۆ ئەوەی ژن بتوانێت مافەکانی بەدەست بهێنێت، دەبێت ئەو

سیستمه نەمێنێت. چەندین کتێب و کۆڕ و سیمیناری دەربـــارەی مافەکانی ژن نـووسـیوە و کـردووە، بەناوبانگترین کتێبەکانی: (ڕەگەزی دووەم)، (هەموو پیاوەکان مرۆڤن)، (مردنێکی زۆر ئاسان)...

- **فریدا کاهلو** (Frida Kahlo) (**١٩٠٧ - ١٩٥٤**): هونەرمەندی وێنەکێشی مەکسیکی، لە ڕێگەی کارەکانییەوە باسی لە بابەتە بڤەکان دەکرد، وەک (منداڵ لەبارچوون) و (شیردانی سروشتی) و (منداڵبوون) و چەندین بواری تر کە بە لای ژنانەوە گرنگ بوون. هەروەها هاوشانی هاوسەرەکەی کە هەردووکیان سەر بە بزووتنەوەی شیوعیەت بوون، چەندین چالاکیی سیاسییان دەکرد.

- **ئۆلیمپ دی گوگس** (Olympe de Gouges) (**١٩٤٨ - ١٩٧٣**): ڕۆژنامەنووس و نووسەری شانۆیی، چالاکوانی سیاسیی فەرەنسی، خاوەنی کتێبی (بانگەوازی مافەکانی ژنان) لە ساڵی ١٩٧١، کە بە گرنگترین بانگەواز دادەنرێت و بووە هۆی ئەوەی حکومەتی شۆڕشی فەرەنسی دان بە مافە سروشتی و سیاسییەکانی ژناندا بنێت. هەروەها بە هەمان شێواز لە کتێبی (بانگەوازی مافەکانی پیاوان و هاوڵاتی)دا بەگاڵتەجاڕییەوە باس لە شکستی پیاوان دەکات کە نەیانتوانیوە ببنە نیوەی کۆمەڵ.

٤٠

# ژن لە ئەفسانە کوردییەکاندا

چەمکی ئەفسانە (میتۆلۆژیا)، لە دوو بڕگە پێک هاتووە (مێتۆس: ئوستوورە، چیرۆکی خواوەند و پاڵەوانەکان)، (لۆژی: زانین). ئەفسانە، بەرهەمێکی زارەکیی مرۆڤە و داهێنراوی عەقڵ و خەیاڵە، هاوشێوەی ئایین، گەڕانە بەدوای راستییەکانی بووندا. هەوڵی مرۆڤە بۆ تێگەیشتن لە گەردوون و دیاردەکانی: ترسی مرۆڤ بەرانبەر هەڕەشەکان و مەترسییەکان، وەڵامێکی ناواقیعی سەردەمی پێش زانستە بەهۆی تێنەگەیشتن لە رووداوە سروشتییەکان و پرسیارە زۆرەکان دەربارەی بوون و ترس لە نادیار، بۆیە جۆرێکە لە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی. لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەک، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەک گوێزراوەتەوە.

زۆربەی ئەفسانەکان مۆرکی ناوچە و گەلێکیان پێوەیە، بەڵام لە دوای گواستنەوەی شارستانیەتەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، تێکهەڵکێش بوون.

زۆربەی ئەفسانەکان باس لە: پاڵەوان و فریادڕەس، خوداوەند یاخود فرەخوایی، دیارە سروشتییەکان، خێر و شەڕ دەکەن. هەروەها لە زۆربەیاندا جادوو، پەرجوو، ئەندێشە، هزر، دێوودرنج، خورافات و ئارەزوو... بە دی دەکرێن.

ناوچەی میزۆپۆتامیا، بە ناوچەیەکی دێرینی لانکەی ئەفسانەکان ئەژمار دەکرێت. ئەم ناوچەیە

بەشێکە لە جوگرافیای کوردستان، لەم ڕووەشەوە دەتوانین بڵێین کوردستان جێنشین و زادگەی ئەفسانە جیاوازەکانە و ئایین و ئەفسانەش پێکەوە سەریان هەڵداوە. مێژووی ئایین لە کوردستان زۆر دێرینە، بۆ نموونە؛ پەیکەری خواوەندی دایک کە لە قوڕ دروست کراوە، لە چەرمۆ دۆزراوەتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠ هەزار ساڵ پێش زایین و کۆنترین ئایینە لە کوردستان تا ئێستا دۆزرابێتەوە.

سۆمەرییەکان کە کورد بوون و لە شاخەکانی زاگرۆسەوە بەرەو باشوور ڕەویان کردووە، وەک هەموو شارستانیەتێکی تر، ئایینەکەشیان لەگەڵ خۆیان گواستووەتەوە، ئایینەکەیان لە سروشتی خۆیان وەرگرتووە، بۆیە (دایکە خواوەند) لای سۆمەرییەکان ماناکەی دەبێتە (شاژنی چیا). گومانی تێدا نییە پێش چوونە خوارەوە لە چیاکانی کوردستان، خاوەنی ئەم خواوەندە بوون، ئەوە جگە لە هەموو جۆرە شارستانیەتێکی وەک کشتوکاڵ و ئاودێری و بیناسازی کە لەگەڵ خۆیاندا گواستوویانەتەوە.

هەر ئەفسانەیەک لە جوگرافیای کوردستاندا لە دایک بووبێت و باس لە دابونەریتی کورد بکات، ئەفسانەیەکی کوردییە. لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ساسانییەکان، شارستانیەتی پێشکەوتوو تێکەڵ بە یەک بوون و ئاڵوگۆڕ لە نێو ئەفسانە

کۆنەکاندا رووی داوە، وەک: زەرڤانی، میهرپەرستی، زەردەشتی... یەکێک لەو ئەفسانە ناسراوانە، ئەفسانەی مێیینەیە، واتە؛ خواوەندی مێیینەکان. باشە بۆچی ژن لە سەردەمی دێریندا وەک خواوەند سەیر کراوە؟ هۆکارە سەرەکییەکەی بەهۆی زاوزێ و منداڵبوونەوە بووە، وەک هەموو دیاردەکانی تر، شارەزاییەکی ئەوتۆ نەبووە دەربارەی منداڵبوون، هەر بۆیە پەرستنی خودای ژن، پەرستنی زیندوێتی و ژیان بووە.

بە هەمان شێوەی پەیکەرەکانی ڤینۆس، پەیکەرەکانی ژن بەبێ دەموچاو دروست کراون. لە دووریی ١٥ کلیۆمەتر لە کرماشانەوە، پەیکەرێک دۆزراوەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر، کە بە چاخی بەردین دەناسرێت، پێی دەوترێت پەیکەری دایکی مەزن و بە ڤینۆسی سەراو ناو دەبرێت. ئەمە سەرەتای پەیدابوونی خواوەندەکانە و یەکەمیان (ژن خودایە) بووە.

– لە شاخەکانی دەوروبەری ئیلام لە خۆهەڵاتی کوردستان، خوداوەندی کیریشیا، دەیان سەدە پەستراوە، کە خواوەندی پیت و فەڕە. هەر لە ئیلام، ئینشوشیناک، خواوەندی نەتەوەیە و هەر ژنە و دایکە، بۆیە هێشتاش لە کورلتووری کوردیدا دەڵێن: نیشتمان دایکە.

- (نانا، نی نی، ژن خودایە)، خوداوەندی پاکیزەیی بووە، هەروەها خوداوەندێکی بەتوانای مەزن و ناوازەی سۆمەرییەکان بووە، لە زمانی کوردیدا هێشتاش بە دایەگەورە دەوترێت نەنە.

- سامۆرات، سێ ساڵی تەواو تاج و تەختی ئاشوورییەکانی بەدەستەوە بووە و لە ئەفسانەکاندا کردوویانە بە نیوەخواوەند و نیوەمرۆڤ. ئەفریقییەکان کردوویانە بە سەمیرامیس، بە هێز و جوانی و زیرەکی ناسراوە و بەناوبانگ بووە بە دروستکردنی پرۆژەی گەورە و دروستکردنی شاری ئاشوور.

- ناپیر ئاسۆ، شاژن و ژنی شا ئونتاس، تەواوی حوکمی لەدەستدا بووە، لە ئەفسانەکاندا کراوە بە یەکێک لە خوداوەندەکان.

- ئیزگیر سک (دایکی خەمخۆر)، خوداوەندی شاری کیش لاکاش بووە، گوایە کێشەی هەموو لایەکی چارەسەر کردووە.

- لە شارستانیەتی ئەکەدیشدا (ئەدا، ئەشتا، نانا) سێ خوداوەندی مەزنی ژنن.

- شاوشکا، یاخود شاوشا، لە شاری شموخا لە نزیک شاری ئامەد، یەکێکە لە کۆنترین خواوەندەکانی ژن، پەرستراوی میزۆپۆتامیایە، داوێنپاک و پاکیزە بووە.

- (عەشتار، ئەشتا، ئەناهیتا، ئەنات)، خواوەندی پیت و فەڕ و خواوەندی دایکە، خواوەندی سۆمەری و ئەکەدی و بابلییەکانیش بووە. لای سۆمەرییەکان خودای بەهەشت و خودای خۆشەویستی و جوانی و بەهێزی بووە.

- (مەندی مامی) خواوەندی لەدایکبوون بووە، کاتێک ژن مندالّی بووە، ئێستاش لە زمانی کوردیدا بەو ژنەی هاوکاریی مندالّبوون دەکات پێی دەلّێن «مامان».

- خواوەندی شاماران، بە خواوەندی دایک دەناسرێت و نیوەی مارە و نیوەی ئافرەت. ئەم خواوەندە چیرۆک و گێڕانەوەی زۆری هەیە و تا ئەم سەردەمەش بەردەوامە، خودای دانایی و پارێزەری نهێنییە. ئێستاش لە زۆر ناوچەی کوردستان، بەتایبەت لە کوردستانی باکوور وێنەی زۆرە، یاخود بازنی مار لە کاتی شووکردن لە ژووری بووک و زاوایەتی دادەنرێت بۆ خۆشبەختی و هێنانی پیت و فەڕ.

ئامانج لە باسکردنی ژن لە ئەفسانە کوردییەکان و خواوەندی مێیینە، باسکردنە لە پایە و پێگەی ژن لە ناو کۆمەلّگەی کوردیدا. کۆمەلّگەی کوردی لە چاخە دێرینەکان و کۆنەکانەدا کۆمەلّگەیەکی دایکسالاری بووە.

٤١

# ژن و شۆڕش

ژن و شۆڕش پەیوەندییەکی قووڵی دێرینیان هەیە، لە دێرزەمانەوە، پێش زایین، سەدان ژن سەرکردایەتی شۆڕش و ڕاپەڕین و یاخیبوونیان کردووە. بوونی ژن لە شۆڕشەکاندا، نیشانەیەکی بەهێز و تەندروستە، وایان کردووە پرۆژەی گۆڕانکارییەکان بگۆڕێن بۆ پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی، کە ئەوەش سەرچاوەی هێز بووە بۆ شۆڕشەکان.

ژنە شۆڕشگێڕەکان خەونیان بە ئازادییەوە بینیوە، بۆ ئەو ئازادییەش ئامادە بوون گیانی خۆیان ببەخشن، چونکە باوەڕیان وا بووە کە ئازادیی نادرێت، بەڵکوو دەسەنرێت. هەوڵیان داوە و کاریان کردووە بۆ ئەوەی بە شێوەی چەکداری، یاخود یاخیبوون، یان شۆڕشی ئاشتییانە ماف و خواستەکانیان بەدەست بهێنن.

زۆر جار لە مێژوودا بەشداریی ژنان لە شۆڕشەکاندا بە کۆمەڵ بووە، هەندێک جاریش وەک تاک و سەرکردە؛ گەر چاوێک بە مێژوودا بخشێنین، زۆرێک لەو ژنانە دەبنین، لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لەو ژنانە دەکەین کە سەرکردایەتی شۆڕشی گرنگی جیهانییان کردووە:

- لە سەدەی یازدە پێش زایین، بەپێی مێژووی بەریتانیا، شازادە (گویندۆلن - Gwendolen) هێزێکی سەربازیی کۆ کردەوە و شەڕی لەگەڵ

مێردە کۆنەکەی کردووە و شکاندوویەتی، پاشان خۆی بووە بە شازادە و هاتووەتە سەر تەختی پاشایەتی.

- ساڵی ١٣١ پێش زایین، شازادەی میسر، کلیۆپاترای دووەم، سەرکردایەتی یاخیبوونێکی دژ بە بەتلیمۆسی هەشتەم، پاشای میسر کردووە و توانیویەتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و بەتلیمۆس و کلیۆپاترای سێیەم دەر بکات.

- ساڵی ٤٢ پێش زایین، فولوڤیا (Fulvia)، هاوسەری مارک ئەنتۆنی (مارکۆس ئەنتۆنیۆس)، سەرکردایەتی راپەڕینێکی دژ بە قەیسەر (ئاگۆستۆس) کرد.

- لە ساڵی ١٤ی زایینی، دایکە لو، پاش لەسێدارەدانی کوڕەکەی بەهۆی تاوانێکی بچووک لەلایەن حکومەتی هەرێمی هایکو، سەرکردایەتی یاخیبوونی جووتیارانی دژ بە وان مانگی ئیمپراتۆری چین لە خانەوادەی شین کرد. دایکە لو، نازناوی جەنەراڵی وەرگرت، سەرکردایەتی هێزە یاخییەکانی بۆ گرتنی پایتەختی هەرێمی هایکو کرد، پاش دەستگیرکردنی ئەو دادوەرەی فرمانی لەسێدارەکانی کوڕەکەی دەر کرد، سەری پەڕاند و کردیە قوربانیی بۆ گۆڕی کوڕەکەی.

- ساڵی ٤٠ زایینی، خوشکانی ترونج، دژی لێپرسراوە داگیرکەرە چینییە گەندەڵەکانی سەر بە

ئیمپراتۆریەتی هان سەرکردایەتی یاخیبوونیان کرد، لە ڤێتنام وەک پاڵەوانی نەتەوەیی دەناسرێن.

- ساڵی ٦٠ – ٦١ی زایینی، بودیکا (Boudicca)، شاژنی هۆزی ئیکێنی سێلتیک لە بەریتانیا، سەرکردایەتی راپەڕینێکی مەزنی دژ بە هێزەکانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیای داگیرکەر کرد و دوو جار بەسەریاندا زاڵ بوو. لە بەریتانیا بە پاڵەوانێکی نیشتمانیی دادەنرێت.

- ساڵی ٢٧٠ی زایینی، زەنۆبیا، شازادەی ئیمپراتۆریەتی تەدمور، سەرکردایەتی شۆڕشێکی مەزنی دژ بە ئیمپراتۆریەتی رۆمانی کردووە و هێزەکانی توانیویانە دەسەڵات بەسەر میسری رۆمانی و بەشێکیش لە ئاسیای بچووک و باکووری سوریادا بگرن.

- ساڵی ٣٧٨ی زایینی، شاژنە ماڤیە، سەرپەرشتی هاوپەیمانییەکی عەرەبەکانی باشووری شام و رۆژهەڵاتی ئوردنی کردووە، سەرکردایەتی هێزە شۆڕشگێڕەکانی دژ بە دەسەڵاتی رۆمانییەکان کردووە و چەندین جار شکستی پێ هێناون، دوای ئەوەی هێزەکانی گەیشتنە سنووری میسر، رۆمانییەکان ناچار بوون کەوتنە گفتوگۆ و ئاگربەست لەگەڵیان.

- لە سەدەی حەوتەم، شاژنە دیهیا، ناسراو بە شاژنی بەربەر، لە پاش پاشا کسیلە بۆ ماوەی

٣٥ ساڵ حوكمی بەربەرییەكان و ئەمازیغییەكان و باكووری ئەفریقای كردووە، سەركردایەتی چەندین شەڕی بەرگری دژی ڕۆمانییەكان، عەرەب و بێزەنتییەكان كردووە، هەروەها سەرپەرشتی بەرگریی ئەمازیغییەكانی كردووە دژ بە چوونی ئیسلام بۆ مەغریب.

- ساڵی ١٥٣٩ی زایینی، گایتانا، یاخود كاكاسیا گایتانا، پێشەوایەكی ئایینیی كۆلۆمبییە، سەرپەرشتیی شۆڕشی چەكداریی دژ بە كۆلۆنیای ئیسپانی لە ئەمەریكای لاتین كردووە.

- ئانا دی سوزا، كە بە شاژنی نزینگا ناسراوە، شاژنی هەردوو شانشینی ندونگو و ماتامبا بووە، یەكێكە لە بەناوبانگترین ئەو ژنانەی بەشداریی شۆڕشی بەرگریی كردووە دژ بە داگیركەری ئەوروپی، بۆ ماوەی ٤٠ ساڵی (١٦٢٠ – ١٦٦٠) لە ئەنگۆلا سەركردایەتی شۆڕشی كردووە دژ بە پورتوگالییەكان.

- ساڵی ١٧٢٠، شاژنە نانی، یاخود داپیرە نانی (سەركردەی ئەفسانەیی مارۆنە جامایكییەكان)، سەرپەرشتی شەڕی پارتیزانیی كۆیلە یاخیبووەكانی دژ بە بەریتانیا كردووە، كە بە شەڕی مارۆنی یەكەم ناسراوە... لەناو گەلی مارۆندا پێی دەڵێن «دایەن» و دراوی ٥٠٠ دۆلاریی جامایكی وێنەی ئەوی لەسەرە.

- ساڵی ١٧٦٠ – ١٧٩٠، رانی ڤیلۆ ناچیار، شاژنی سیڤاگانگە، یەکەم شاژنی هیندستان بووە شەڕی لەگەڵ کۆمپانیای رۆژهەڵاتی هیندستان (سەر بە کۆلۆنیاڵی بەریتانی) کردووە. زمانزان بووە و زمانەکانی (ئینگلیزی، فەرەنسی و ئۆردو)ی زانیوە، هەروەها شارەزا و راهێنراوی چەندین شێوازی شەڕ بووە.

- ساڵی ١٧٦٣، گابریێلا سیلانگ، شۆڕشگێڕی فلیپینی، پاش کوشتنی مێردەکەی کە سەرپەرشتیاری شۆڕش بوو، سەرپەرشتی شۆڕشی دژی ئیسپانیا کرد بەمەبەستی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی (ئیلوکوس).

- لە ساڵی ١٧٧٨، ئەلتازارا چوێزا، لە ئیکوادۆر سەپەرشتی یاخیبوونی دژی ئیسپانیای داگیرکەری کردووە.

- لە ساڵی ١٧٨٠، هویلاک نیوسکا، لە خانەوادەی کولا، سەرپەرشتی یاخیبوون و شۆڕشی دژی ئیسپانیای لە چیللی کردووە.

- لە ساڵی ١٧٨١، مانوێلا بێلتران، سەرپەرشتی شۆڕشی جوتیارانی کردووە لە دژی زیادکردنی باج لەلایەن حکومەتی ئیسپانی داگیرکەرەوە. یەکێک بووە لەو ژنە دەگمەنانەی کە لەو سەردەمەدا خاوەنی بازرگانیی تایبەت بە خۆی بووە، هەروەها سەرەڕای

ئەوە خەڵکی ئەو ناوچەیە نەخوێندەوار بوون، بەڵام ئەو خوێندەوارییە هەبووە

– لە ساڵی ١٧٨١، بارتۆلینا سیسا، خاتوونێک لە هۆزی ئەیمارا، پاڵەوانێکی رەسەنی چارکاس، هاوشانی هاوسەرەکەی، سەرکردایەتی راپەڕینی بۆلیڤیای دژ بە ئیسپانیای داگیرکەر کردووە. لە ٥ی ئەیلولی ١٧٨٢، پاش ئەشکەنجەدان و سووکایەتیپێکردنێکی زۆر لەبەر چاوی خەڵکدا، لە سێدارە درا و پاشان لاشەکەی پارچە پارچە کرا و هەر پارچەیەکی نێردرا بۆ شوێنێک بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقین لەناو خەڵکدا.

– لە ساڵی ١٧٩٦ – ١٧٩٨، وانگ کۆنگیر، یەکێک بووە لە سەرکردەکانی یاخیبوونەکەی لۆتسی سپی لە چین.

– لۆرێنزا ئاڤیماناى، لە ساڵی ١٨٠٣لە ئیکوادۆر سەرکردایەتی راپەڕینێکی دژ بە ئیسپانیای کردووە، دواتر لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئیسپانیاوە دەستگیر کرا و لە سێدارە درا.

– ماریا ئەنتۆنیا سانتۆس پلاتا، لە نیوگرانادین کۆڵبەر بوو، لە ساڵی ١٨١٩ سەرکردایەتی گەریلا یاخیبووەکانی لە ئێل سۆکۆرۆ کردووە دژی هێزە چەکدارەکانی ئیسپانیا، دواتر گیرا و فەرمانی گوللەبارانکردنیان دا. لیوایەکی سوپای کۆڵۆمبیا بە ناوی ئەوەوە ناونراوە.

– لاسکارینا بوبولینا، پاڵەوانی نیشتمانیی یۆنانی لە دوورگەی هیدرا، سوپاسالارێکی دەریایی یۆنانی بوو لە سەردەمی شەڕی سەربەخۆیی یۆنان لە دەست تورکەکان لەساڵی ١٨٢١. مێژوونووسان پێیان وایە ئەگەر بوبولینا نەبوایە ئەوا سەرکەوتنی شۆڕشی یۆنان کارێکی ئەستەم دەبوو.

– کیتور چیناما، شاژنی کیتوری هیندی، لە ساڵی ١٨٢٤سەرکردایەتی بەرخودانێکی چەکداریی دژی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی کردووە، جووڵانەوەکەی سەری نەگرت و شەهید بوو. ڕەمزێکی گرنگی بزووتنەوەی سەربەخۆیی هیندستانە.

– ساڵی ١٨٣١، ئەمیلیا پلاتەر، ژنێکی خانەدان و شۆڕشگێڕ بووە، پاڵەوانێکی نیشتمانییە لە پۆڵەندا و لیتوانیا، بەشداریی چەند شەڕێکی کردووە پلەی نەقیبی هەبووە لە هێزی یاخیبووەکاندا، لە ڕاپەڕینی پۆڵەندادا و نازناوی سەرکردەیان پێ داوە.

– کارلۆتا، ناسراو بە لا نێگرا کارلۆتا، یەکێک بووە لەو سێ سەرکردەیەی سەرپەرشتیی یاخیبوونی کۆیلەکانیان لە کوبا کردووە.

– لە ساڵی ١٨٥٧ – ١٨٥٨، مانیکارنیکا تامبی، یاخود ڕانی لاکشمیبای، لای هیندییەکان بە (مانو) ناسراوە. هەستێکی بەرزی نەتەوایەتی هەبووە و بەردەوام دژی بەریتانییەکان بووە. سەرکردایەتی

شۆڕشی ساڵی ١٨٥٧ی کردووە. لە ١٧ی حوزەیرانی ١٨٥٨ لە شەڕێکدا لەلایەن بەریتانییەکانەوە کوژرا.

- لە ساڵی ١٨٩٨، نیهاندا نیاکاسیکانا، سەرکردەی رۆحیی گەلی شونا، یەکێک بوو لە سەرکردەکانی راپەڕینێک دژی ئیستیعماری بەریتانی لەو ناوچەیەی ئێستا وڵاتی زیمبابۆیە.

- لە ساڵی ١٩٠٠، یا ئەسانتیوا، کە بە «شاژنی دایک» ناسراوە، سەرکردایەتی هێزەکانی ئاشانتی (بەشێکە لە وڵاتی گانا) دەکرد لە شەڕی سەربەخۆیی لە دژی بەریتانییەکان کە شەڕەکە بە شەڕی (پیسایی زێڕین) بەناوبانگە.

- رۆزا لۆکسمبۆرگ، سەرکردایەتی کۆمەڵەی سپارتاکۆسی دەکرد دژی ئەنجومەنی نوێنەران لە ئەڵمانیا. یەکێکە لە دامەزرێنەرانی حزبی شیوعی ئەڵمانی. دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی سپارتاکۆس لە ساڵی ١٩١٩ تیرۆر کرا.

- لە ساڵی ١٩٥٠، بلانکا کانالیس، یەکێک بوو لە سەرپەرشتیارانی راپەڕینی جایویای لە پۆرتۆریکۆ دژی حکومەتی فیدراڵیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دواتر بە تاوانی کوشتنی ئەفسەرێکی پۆلیس دەستگیر کرا.

- ئانی پاچن دۆلما، راهیبەیەکی بوزییە لە تبت، لە ساڵی ١٩٥٨سەرکردایەتی یاخیبوون و شەڕی

پارتیزانەکانی کردووە کە لە ٦٠٠ شەڕکەر پێک هاتوون و لەسەر پشتی ئەسپ بەرەنگاری تانکەکانی چینی شیوعی بوونەتەوە.

– ساڵی ١٩٨٦ – ١٩٨٧، ئەلیس ئاوما، سەرکردایەتی یاخیبوونی دژی هێزەکانی حکومەتی ئۆگەندا کردووە.

– ساڵی ١٩٩٤، کۆماندانتا رامۆنا، لە چوارچێوەی راپەڕینی هێزی زاباتیستا بۆ ئازادیی نەتەوەیی، بە سەرکردایەتی هێزێک شاری سان کریستۆبال دی لاسی کۆنترۆڵ کرد.

بە هەزاران ژنیش لە سەرتاسەری جیهان سەرپەرشتیی یاخیبوون و شۆڕشی ئاشتییانەیان کردووە. هەندێک جار، بەشێک لەو یاخیبوونانەی ژنان، بوونەتە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕش و گۆڕانکاری سیستمی دەسەڵاتدارەکان، بۆ نموونە؛ لە ساڵی ١٧٨٩ کاتێک نرخی نان لە فەرەنسا لە سەدا هەشتا و هەشت بەرز بووەوە، ژنانی بازاڕە میللییەکان لە پاریس بەیەکەوە ناڕەزاییان دەربڕی و بوو بە شەپۆلی دووەم لە شۆڕشی فەرەنسی، ئەو شۆڕشەی عەرشی دەرەبەگایەتی لە ئەوروپا هەڵتەکاند. ئەو ژنانە (حەوت هەزار) ژن بوون، کە بەرەو باڵەخانەی ڤێرسای رۆیشتن. هەروەها لە

شۆڕشی پاریس لە ساڵی ١٨٧١، ژنانی فەرەنسی هەر لە سەرەتاوە بەشداری و ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو و بوون بەهۆی دروستکردنی (کۆمۆنی پاریس).

لە ٨ی ئازاری ١٩١٧، لە گەڕەکی فابورگ، لە شاری بترۆگرادی رووسی، کرێکارانی کارگەی چنین، مانگرتنیان کرد و دوای ئەوەی خۆپیشاندەران زۆر بوون، بەرەو ئەنجومەنی (دۆما) ڕۆیشتن و بوو بەهۆی هەڵگیرساندنی شۆڕشی رووسی. لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (مێژووی شۆڕشی رووسی) لیۆن ترۆتسکی دەڵێت: ژنان زۆر ئازاتر بوون، خاوەن هێز و توانا بوون و بە بەشداریکردنیان توانییان زاڵمترین و دڕندەترین قەیسەر لە هەموو ئەوروپا لابەرن.

هەروەها رۆزا پارکس، ژنێکی رەشپێست لە ئەمەریکا، لە دژی یاسایەکی ئەمەریکی یاخی بوو و لەناو پاسدا هەڵنەستا بۆ پیاوێکی سپیپێست، دوای دادگاییکردنی، هەڵسوکەوتەکەیان بە دژی یاسا ناساند و بوو بەهۆی ئەوەی رەشپێستەکان سواری پاس نەبن و یاخی ببن و هەڵچوونێکی مەزن بۆ بەدەستهێنانی یەکسانیی دروست بوو. هەڵچوونەکە ٣٨١ رۆژی خایاند و دادگەی ئەمەریکایان ناچار کرد ئەو یاسایە بگۆڕێت.

تەوکەل کرمان، لە گۆڤاری تایمزی ئەمەریکی بە شۆڕشگێڕترین ژن لە مێژوودا ناوبراوە. بەهۆی بەشداریکردنی لە بزووتنەوەکانی بەهاری عەرەبیدا، خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت.

ئەمانە مشتێکن لە خەروارێک، ئەرگەنا، باسی خەبات و ئازایەتی ژنان لە مێژوودا، نەک بە وتارێک و دووان، بگرە بە چەند کتێبێکیش کۆتایی نایەت.

٤٢

# مێژووی بزووتنەوەکانی مێگەرایی لە عیراق

عیراق لەو وڵاتە عەرەبییانەیە کە سەرمەشقی داواکردنی مافەکانی ژن و لابردنی چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتییە لەسەریان. بەپێی سەردەم و کولتوور، بزووتنەوەکانی ژنان داواکاری و چالاکییەکانیان جیاوازیی زۆریان هەبووە.

لەساڵی ١٩٠٤، لەسەر داوای سوڵتانی عوسمانی، عەبدولوەهاب پاشا، والیی بەغدا، فەرمانێکی دەکرد کە لە سەرژمێریی شاری بەغدادا ژنانیش وەک پیاوان سەرژمێر بکرێن و ناسنامەی باری شارستانییان پێ بدرێت. ئەم فەرمانە کاردانەوەیەکی توندی بەدوای خۆیدا هێنا، خەڵک و پیاوانی ئایینی و عەشایەرەکان زۆر بەتوندی دژی وەستانەوە بە بیانووی ئەوەی کە ئەو فەرمانە لەگەڵ دابونەریتی عەرەب ناگونجێت و دژی شەرەف، ئەخلاق و شکۆمەندیی عەرەبییە. پیاوان لە زۆربەی ناوچەکانی بەغدا بەیەکەوە خۆپیشاندانێکی گەورەیان دەست پێ کرد؛ بە دەهۆڵ و زوڕنا، چەک، شمشێر، خەنجەر و کوتەکەوە بەرەو سەرای والی ڕۆیشتن، والی لە سەرادا خۆی شاردەوە و دواتر پەشیمان بووەوە لە فەرمانەکەی و خۆپیشاندەران بە هوتافکێشان بڵاوەیان لێ کرد. ئەم چیرۆکە، واقیعی ئەوسای بەغدامان بە روونی پێ دەڵێت؛ گەلێک دژی داگیرکەر نەوەستانەوە، بەڵام دژی بڕیارێکی مافە سەرەتاییەکانی ژن، هەڵیانکوتایە

سەر سەرای والیی عوسمانییەکان. بەو واتایەی ژن تەنیا موڵکیەتی پیاوە و بەلایانەوە مرۆڤ نین و پێویستیان بە ناسنامە نییە.

لە ساڵی ١٩١٠، شاعیر و ئەکادیمیی بەناوبانگی عیراق، جەمیل سدقی زەهاوی (کە بە رەگەز کوردە و لە میری بابانەکانە)، وتارێکی لە رۆژنامەی (المؤید)ی میسریدا بڵاو کردبووەوە و داوای لابردنی چەوساندنەوەی لەسەر ژن و بەدەستهێنانی مافەکانیان کردووە. دواتر ئەو وتارە لە گۆڤاری (تنویر الافکار)ی عیراقیدا بڵاو کرایەوە. ئەم وتارە دژایەتی زۆری کرا و ناچار (نازم پاشا)ی والیی ئەوسای عوسمانییەکان لە بەغدا، جەمیل سدقی زەهاوی لە کارەکەی لابرد.

ئەم چیرۆکە مێژووییانەی باسیان دەکەین، سەرەتای ئەو ناکۆکییەی نێوان: دواکەوتوویی و پێشکەوتوویی، خوێندەواری و نەخوێندەواری، کۆیلایەتی و ئازادییە... ناوچەکە لە متبوونێکی قووڵدا بوو لە نەبوونی ماف و خوێندەواریدا، دابونەریتی رەوەندی و عەشایەری زاڵ بوون بەسەر کۆمەڵگەدا و هیچ بەهایەکی مرۆییانەیان نەدابوو بە ژن، ژن بە (عەورەت) و عەیبە لەقەڵەم دەدرا. لەو سەردەمانەدا ژنان دنیایەکی جیاوازیان هەبوو لەگەڵ پیاواندا، تەنانەتماڵەکانیشیان دوو بەش بوو؛ ئەو بەشەی

بۆ ژنان تەرخان دەکرا، ناویان نابوو (حەرەم). لە شوێنە گشتییەکانیش کات بۆ ژن تەرخان کرا بوو، نەدەبوو تێکەڵ بە پیاوی نەناسراو ببن سەرەڕای ئەوە بە چەندین عەبا و پەچە خۆیان دەشاردەوە لە چاوی پیاوان.

دوای رووخانی خەلافەتی عوسمانی، عیراق بەگشتی بە رووی جیهاندا کرایەوە و لە زۆر رووەوە کرانەوەی بەخۆوە بینی:

لە شوباتی ١٩٢٢، پەیمانگەی زانستیی بەغدا، فێستیڤاڵێکی شیعریی لەژێر ناوی (سوق العكاظ) بۆ شاعیران کردەوە. هەندێک لە کچان ویستیان بەشدار بن و دەستنیشانی نەوەی شێخ ئەحمەد داودیان کرد کە وەک نوێنەریان بەشدار بێت. توندڕەوەکانی کە بەمەیان زانی، پەلاماری پەیمانگەکەیان دا و خوێنی چەندین مامۆستایان رشت، دواتر رەسافیی شاعیری گەورەی عیراقی، لەسەر شانۆی سینەما رۆیاڵ، بە شیعرێک وەڵامی ئەو توندڕەوانەی دایەوە، لەبەر ئەو هۆیە، لە گۆڤاری دیجلە، هەڵمەتێکی دژایەتیکردنی رەسافی دەستی پێ کرد و بە کافر لەقەڵەمیان دەدا؛ لە بەرانبەردا، رۆشنبیران و پێشکەوتنخوازان، وەک پشتیوانیی دەیان وتاریان نووسی. دوای ئەوە، داواکاری بۆ سەندنی مافەکانی ژنان، رۆژ بە رۆژ پەرەی دەسەند.

لە ساڵی ١٩٢٣ (یانەی راپەڕینی ژنان) لە بەغدا کرایەوە و چەندین چالاکوان هاتنە مەیدان و داوای ئازادییان بۆ ژنان دەکرد، ئەنجومەنێکیان بە سەرۆکایەتی (ئەسما زەهاوی) خوشکی (جەمیل سدقی زەهاوی) پێک هێنا. ئامانجیان رێنوێنی ژنان و کچان بوو بۆ خۆپەروەردەکردن لە هەموو بوارەکاندا و چوونە بەر خوێندن بوو. یەکێک لە ژنە چالاکەکان؛ بۆلینا حەسوون، لەو یانەیە گۆڤارێکی بەناوی (لیلی) دەر کرد کە بە یەکەم گۆڤاری ژنانی وڵاتە عەرەبییەکان دادەنرێت.

دواتر رۆژنامەنووسی بەناوبانگی عیراقی، حسەین رەحال و هاوڕێکانی، لە ساڵی ١٩٢٤ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرفراوانیان بۆ ئازادیی ژنان دەست پێ کرد.

ئەو بزووتنەوانە بەهۆی دەرچوونی یاسای (دامەزراندنی کۆمەڵەکان) ژمارە ٢٧ی ساڵی ١٩٢٢ەوەوە بوون و چەندین کۆمەڵەی مێگەرایی دروست بوون. زۆربەیان داوای مافە سەرەتاییەکان و ئازادیی ژنیان دەکرد، لە پاڵیشیدا داوای سفورییان دەکرد.

لە ساڵی ١٩٤٣، رابیتەی ژنان لەلایەن کۆمەڵێک ژنی خوێندەوار و پێشکەوتنخوازەوە دروست کرا. ئامانجە سەرەکییەکانیان؛ بەرهەڵستیی بیری

نازییەکان و فاشیزم بوو، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ئەدەبیی ژنان و کردنەوەی چەندین بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواریی تایبەت بە ژنان... لە ساڵی ١٩٤٦، دەستیان کرد بە دەکردنی گۆڤاری (تحرير المرأة). لە ١٠ی ئازاری ١٩٥٢، ناوی رابیتەکەیان گۆڕی بۆ، (رابیتەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنانی عیراقی). ئەو ژنانەی کە ئەو رابیتەیەیان دروست کرد، بریتی بوون لە: موبەجەل بابان، خانم زوهدی، نەزیهە دلێمی، بوشرا پەرتەو، رۆز خەدووری، عەفیفە بوستانی، سافیرە جەمیل حافز، ڤیکتۆریا نوعمان، کە دووان لەوانە کورد بوون.

پاش بەشداریی شاندێکی عیراقی لە کۆنگرەی ژنان لە قاهیرە لە ساڵی ١٩٤٤، کاریگەریی زۆری دەبێت بۆ بیرۆکەی دروستکردنی یەکێتیی ژنانی عیراقی هاوشێوەی یەکێتیی ژنانی میسری و لە ساڵی ١٩٤٥، یەکێتیی ژنانی عیراقی دامەزرا.

لە ساڵی ١٩٥٩، دوای دەرچوونی یاسای باری کەسێتی، بزووتنەوەی مێگەرایی لە عیراق پەرەی سەند و وەک بزووتنەوەیەکی بەرچاو چالاکییەکانیان فراوانتر بوو، چونکە پێشتر یاساکان کە لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە و کاریان پێ دەکرا، یاسای جیاکاری بوون. دوای هەوڵێکی زۆر، لە ساڵی ١٩٥٩ یاساکان گۆڕانکاری بنەڕەتییان بەسەردا هات و

لەگەڵ ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان گونجێنرا، بەتایبەتییش دەربارەی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو، بێ ئەوەی لەگەڵ بنەما ئایینییەکان دژ بێت.

لەگەڵ ئـەوەی چەندین رژێمی دیکتاتۆریی لە عـیـراق دەسـەڵاتـیـان گـرتـە دەسـت، بـزووتـنـەوەی ژنــان لــە چـالاکـیـیـەکـانـیـان نـەوەسـتـان تـا دوای شکستی رژێـمـی سـەدام لـە شـەڕی کـوەیـت، کە بۆ وەرگـرتـنـەوەی شـەرعیەتی حوکمڕانی، کەوتە کۆکردنەوە و نزیکبوونەوە لە خێڵە عەشایەرییەکان و کـەسـە ئایینییە تـونـدڕەوەکـان، ئـەوەش وای کـرد بـزووتـنـەوە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان لـەسـەرووی هـەموویانەوە، بزووتنەوەکانی ژنان پاشەکشە بکەن، چونکە لەگەڵ دابونەریت و باوەڕە ئایینییە توندڕەوەکان نەدەگونجان و بەشێک لەو رێکخراو و بزووتنەوانەش سەر بە دەسەڵات بوون و نەیاندەتوانی لە دژی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات کار بکەن.

ئەو دۆخە بەردەوام بوو تا کەوتنی رژێمی سەدام لە ٢٠٠٣، لە دوای ئەوە، عیراق بە رووی جیهاندا کرایەوە و وەرچەخانی گرنگ لە دەوڵەتی عیراقدا رووی دا، دەسەڵات لە دیکتاتۆری و تاکڕەوییەوە گۆڕا بۆ پەرلەمانی و فرەیی و دەستووری نوێ دانرا. بێگومان دۆخی ژنانیش گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا

هـات، بەتایبەت لە رووی دەسـەڵات و دامـەزراوە و ڕێکخراوەییەوە، کۆتای ژنـان بـوو بە یاسا کە بەهۆیەوە باشتر دەتوانن دەنگ و سەنگیان هەبێت، لە چەند کابینەیەکی حکومیدا وەزارەتی ژنان هەبوو کاری بۆ ئەوە دەکرد عیراق ببێتە ئەندام لە ڕێکخراو و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی ژنان. بەڵام بەداخەوە، ماوەی چەند ساڵێکە دیسان پرسی ژنان و مافەکانیان لە عیراق لە پاشەکشەدایە و پایەکانی دەسـەڵات بەشێوەیەکی گشتی بێهێز و لـەرزۆک بـوون و هێزە دەمارگیر و تایەفییەکان لەبرەودان، تەنانەت دوابڕیاری دادگەی فیدراڵییش سەبارەت بە یاسای باری کەسێتی و فرەهاوسەری، بڕیارێکی نێرسالارانە و دژ بە مافەکانی ژنان بوو.

٤٣

# بزووتنەوەکانی مێگەرایی لە کوردستان

مێژووی بزووتنەوەی مێگەرایی، گێڕانەوەیەکی زەمەنییە بۆ هەموو ئەو بزووتنەوە ئایدۆلۆژییانەی کە ئامانجیان بەدەستهێنانی یەکسانیی نێوان ژن و پیاوە. ئەو بزووتنەوانە جیاواز بوون لە مەبەست، داواکاری، هۆکار و ئامانجەکانیان... ئەویش بەهۆی ئاستی رۆشنبیری، شێوازی بیرکردنەوە و دابونەریت و چەندین فاکتەری دیکە. هەرچەندە ئەگەر هەموو ئەو بزووتنەوانە هەڵگری ئەو ناوەش نەبووبن، بەڵام دەکەونە خانەی مێگەرایی و وا ئەژمار دەکرێن.

بزووتنەوەی مێگەرایی لە کوردستان، بەشێکی سەرەکییە لە بزووتنەوەی ژنانی ناوچەکە. کورد لە نەتەوە دەگمەنەکانی سەر زەمینە کە کۆنترین خوداوەندیان ژن بووە؛ میترا، دایکی خواوەندەکان و سیمبولی زاوزێ و ئاوەدانی.

لەدوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی مادەکانەوە، کورد کیانێکی سەربەخۆی نەبووە و لەگەڵ ئەوەش، ژنانی کورد لە رەوتی پێشقەچوونی دنیای نوێ جێ نەماون. ژن لە مێژووی کوردستان و لە سەردەمی مادەکاندا دەسەڵاتیان هەبووە و لە ئاییینی زەردەشتیدا ژن و پیاو هەمان پێگەیان هەبووە و لە یەک ریشەوە سەرچاوە دەگرن. ژنان پێگە و پایەیان بەرز بووە و لە زۆربەی کاروباری ژیاندا بەشدار و هاوشانی پیاوان بوون، توانیویانە یەسنا بخوێنن و بەشدار بن لە رێورەسمی ئاییینی و پاسەوانیی ئاگری پیرۆز بکەن. لە رووی

هاوسەرگیریشەوە؛ ڕەفتاری زەردەشت نموونەیەکی گرنگە، کە کچەکەی خۆی بە ڕەزامەندی خۆی بەشوو داوە، هەروەها لە وتەکانیدا ژن و پیاوی یەکسان کردووە، ئەوەش لە سەردەمێکدا کە لە هیچ کام لە شارستانییەتەکانی جیهاندا ژن ئەو پێگەیەیان نەبووە و لە هەندێک شوێن وەک کۆیلەش سەیر کراون.

هەر لە ئایینی زەردەشتیدا ڕۆژێکی تایبەت هەبووە بەناوی «ڕۆژی ژن». هەروەها لە یاساکانی ئاڤێستادا:

١- ژن مافی موڵکداریی هەبووە.

٢- توانیویانە سەرپەرشتیی بنەماڵەکانیان بکەن.

٣- مافی سکاڵاکردنیان هەبووە لە دادگە لەسەر مێردەکانیان.

٤- باوک بۆی نەبووە بێ ڕەزامەندی کچەکەی، بەشووی بدات.

٥- شایەتیی ژن فەرمی بووە لە دادگەدا.

٦- مافی هەبووە ببێتە پارێزەر و دادوەر.

٧- توانیویەتی وەسیەت بۆ موڵک و داراییەکانی بکات.

لە مێژووی نزیک و لەم سەردەمەشدا، ئەگەر کتێبی ڕۆژهەڵاتناسەکان و گەڕیدە ئەوروپییەکان سەیر بکەین، دەبینین هەموویان ستایشی ڕۆڵی ژنی کوردیان کردووە و جیاوازتر لە ژنانی نەتەوەکانی تر بینیویانن، بەهێز و خاوەن بڕیار بوون، بە میواندۆست و بەتوانا باس کراون.

هەرچەندە بزووتنەوەی مێگەرایی لە کوردستان بەشێکی سەرەکی بووە لە بزووتنەوەی ژنانی ناوچەکە، بەڵام ئازارەکانی ژنی کورد سنووری تێپەڕاندووە و گرفتەکانیان تەنیا دابونەریت و کولتووره باوەکان نەبووە، بەڵکوو بەردەوام بوونەتە قوربانیی سیستمە چەوسێنەرە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە لە هەر چوار پارچەکەدا. لە لایەکی تریشەوە، هەرچەندە هاوڵاتیی کورد لە هەر یەکێک لەو پارچانەی کوردستان وەک هاوڵاتی پلە دوو سەیر کراون لەلایەن دەسەڵاتەوە، بەڵام پشکی شێری ئازارەکان و نەهامەتییەکان هەر بەر ژن کەوتووە. نموونەش زۆرن؛ لەوانە: جینۆسایدی ئەنفال، کە پەڵەیەکی رەشە بە ناوچەوانی رژێمی سەدام و دارودەستەکەیەوە، راگوێزان و بێبەشکردنیان لە مافە سەرەتاییەکانی ژیان. جینۆسایدی کوردانی باکوور و کۆمەڵکوژکردنیان بە ژن و پیاوەوە، دواییینیشیان جینۆسایدی کوردە یەزیدییەکان بوو، کە زۆربەی قوربانیانی سەرەکیی ئەو جینۆسایدە، ژن بوون.

ژنی کورد، جیاواز لە ژنانی ناوچەکە، بەردەوام دوو چەوساندنەوەیان لەسەر بووە؛ چەوساندنەوەی نەتەوایەتیی بەهۆی کوردبوونەوە و چەوساندنەوەی رەگەزیی بەهۆی سیستمی کۆمەڵایەتی و باوکسالارییەوە. لەگەڵ ئەم هەموو نەهامەتییانە، ژنان بەشێک بوون لە شۆڕش و پرۆسەی سیاسی و شانبەشانی پیاوان داکۆکییان لە پرسە نەتەوەییەکەیان

کردووە و سەدان ژنی ناودارمان هەیە لە مێژوودا، کە سەرۆک عەشیرەت بوون یان حوکمڕانی و دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە، لەو ژنە ناودارانە: زیغە خاتوون، دایفە خاتوون (برازای سەلاحەدینی ئەیوبی بووە، شەش ساڵ حوکمڕانی حەڵەب بووە و سەرکردایەتی شەڕی دژی مەغۆلەکان و خاچپەرستان کردووە)، فاتەڕەشی کوردستانی، خانزادی میری سۆران، حەمیدە خانی ئەردەڵانی، خاتوو حەلیمە، فاتمە (سەرۆک عەشیرەتی رەواندوز)، مەیان خاتوون (میری ئێزدییەکان)، زەریفە، بەسێ خانم، قەدەم خێر، مینا ئەسکەندەری (مینا قازی، هاوسەری قازی محەمەد)، عادیلە خانم، حەپسە خانی نەقیب، رەوشەن بەدرخان، سوهەیر قەڵەماوی و چەندینی دیکە. لەم چەند ساڵەشدا، بینیمان چۆن ژنانی رۆژئاوای کوردستان جیهانیان سەرسام کرد بە چالاکییە سەربازی و بەرخودانەکانیان دژی رژێمی سوریا و چەکدارانی داعش و سوپای تورکیا، کە ئەوەندەی تر پێگەی ژنی کوردیان بەرز کردەوە و بە دنیای دەرەوەیان ناساند و بوونەتە رەمزی ئازایەتی و بەرخودان.

پرس و داواکارییەکانی ژنانی کورد، لەگەڵ پرس و داواکاریی ژنانی نەتەوەکانی تری ناوچەکە جیاوازە، داواکارییەکانیان و ئەرکەکانیان زۆر قورسترە، هەم دژی سیستمی باوکسالاری، هەم دژی سیستمە دیکتاتۆر و داگیرکەرەکان، هەر بۆیە گومان لەوەدا

نییە کە بزووتنەوەکانیش جیاوازن.

یەکەم ڕێکخراوی مێگەرایی ژنانی کورد، لە ساڵی ١٩١٩ لەلایەن کۆمەڵەی کوردانی تەبعیدی لە ئیستەنبوڵ دامەزراوە. پاش ئەویش لە سەردەمی شێخ مەحمود لە ساڵی ١٩٢٠ لە باشووری کوردستان حەپسە خانی نەقیب ڕێکخراوی ژنانی دامەزراندووە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، لە ساڵی ١٩٤٦ پاش دامەزراندنی کۆماری مەهاباد، لەسەر دەستی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕێکخراوێکی ژنان بەناوی «یەکێتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان» دامەزرا.

زۆربەی ئەو ڕێکخراوانە، جگە لە بزووتنەوەی مێگەرایی، نەتەوەییش بوون. دواتر لە کوردستانی باشوور چەند ڕێکخراوێکی ژنان لەژێر ناوی: یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، رابیتەی ژنان، ڕێکخراوی ژنانی چەپ دامەزراون، ئەمە جگە لەوەی دەیان ڕێکخراو هەن بۆ پرسی ژن کار دەکەن و قۆناغی زۆر باشیان بڕیوە و چەندین دەستکەوتی گرنگیان بەدەستهێناوە، سەرەڕای هەموو ئەو گرفتانەی ڕووبەڕوویان بوونەتەوە.

ژنان سەنگ و قورسایی خۆیان هەیە و دەبێت زیاتریش بێت، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت بەردەوام بن لە هەوڵ و کۆشش، بۆیە پێویستە خەباتی ژنان پێداگریی زۆرتری لەسەر بکرێت، چونکە تا ئێستاش دەیان کێشەی قورس هەن کە چارەسەر نەکراون.